دێمۆکراسی بۆ ئێـــران        خودموختاری بۆ کوردستـــان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی جۆزەردانی ١٣٨٣    ٤ی ژوئەنی ٢٠٠٤    ژمارە ٣٩٠    ١٥٠ تمەن

## نامەی هاوسۆزیی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

**برای بەڕێزو هەڤاڵی تێکۆشەر مام جەلال**

**سڵاوێکی پڕ لە ڕێزو خۆشەویستی**

لە کاتێکدا ئەندامانو لایەنگرانی یەکیەتیی نیشتمانی خۆیان بۆ پێشوازی لە جێژنی ٢٩ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتی‌یە تێکۆشەرەکەیان ئامادە دەکرد، مەرگی لە ناکاوی تێکۆشەری لەمێژینەی ڕێبازی کوردایەتی‌و وڵاتپارێزی، کاك دارۆ شێخ نووری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان داخێکی گەورەی نایە سەر دڵی هاوڕێو هاوسەنگەرانی‌و تێکڕای دڵسۆزانی کورد.

دوێنێش لە ڕۆژی بیرەوەریی دامەزرانی یەکیەتی‌یە قارەمانەکەتاندا تیرۆریستانی داخ لە دڵ بە هێرشی خۆکوژی بۆ سەر بارەگای یەکیەتیی نیشتمانی لە بەغدا کەتنێکی تازەیان خوڵقاندو دوژمنایەتیی خۆیان بۆ کوردو کوردستانو ئاشتی‌و ئازادی‌و پێشکەوتنو دێموکراسی دووپات کردەوە.

٢

## بەڕێوەچوونی کونفرانسی کورد یەك نەتەوە ـ چوار دەوڵەت ـ چ دوارۆژێك



سەرۆکی حیزبی سوسیال دیموکراتی دانمارکو وەزیری دەرەوەی پێشووی وڵات لە ئاخافتنی دەسپێکی کونفرانسی کورد یەك نەتەوە ـ چوار دەوڵەتدا: "کوردەکان چ لە دانمارکو چ لە دەرەوە ئێستا دۆستی نیزیکی ئێمەن."

پارلمانی دانمارك کونفرانسی کورد یەك نەتەوە ـ چوار دەوڵەت ـ چ دوارۆژێك؟ پێك هات.

کۆنفرانسەکە بە ئاخافتنی پارلمانتێر لارس کرامر میککەلسەن سەرۆکی DKR (کومیتەی کوردی دانمارکی بۆ مافی مرۆڤ) دەستی پێ‌کردو دوای ئەو وەزیری دەرەوەی پێشووی دانمارك و سەرۆکی پارتی سوسیال دیموکرات بەرێز موگینس لیکیتۆفت لە سەرەتای ئاخافتنی خۆی‌دا لەسەر پێویستیی هاوکاریی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد قسەی کرد. ئەو لە بەشێك لە قسەکانی خۆی‌دا گوتی: "کورد نموونەی هەرە باشی سەدان ساڵ بەرخودانو بەرگری‌یە." لەسەر بابەتی دیموکراسی لیککتوفت گوتی: "خەونو ئامانجەکان هاوبەشن. ئێمە دەبێ بۆ دیموکراسیی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی خەبات بکەین."

به ئامادە بوونی نیزیکەی ٨٠ کەس لە نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە کوردە سیاسی‌و نادەوڵەتی‌یەکان (NGO)و نوێنەرانی

٣

## ناونووسی بۆ بەشداریی لە کردەوەی شەهادەتخوازانە لە عێراق دا




لە پەراوێزی نوێژی هەینی (٨ی جۆزەردان)ی تاران دا، هێندێك شوێن بۆ ناونووسی بە مەبەستی بەشداری لە کردەوەی شەهادەتخوازانە [!!] لە عێرق دا تەرخان کرابوون. دوو ڕۆژ پێش ئەم ڕێکەوتە عەلی ئەکبەر موحتەشەمی پوور ڕای‌گەیاندبوو دەبێ سنوورەکانی ئێرانو عێراق بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەی شەهادەتخوازانە بکرێنەوە. شیاوی باسە لە ڕیزی ئەوانەی ناویان نووسیوە ناوی دوو نوێنەری مەجلیسیش دەبینرێ. **سەرچاوە: ماڵپەڕی "اخبار روز"**

## گەڵاڵەی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئەمنییەتی مادده ئەتۆمی‌یەکان لە سەرانسەری جیهان دا

ئەمریکا گەڵاڵەیەکی بۆ پاراستنی ئەو مادده ئەتۆمی‌یانەی کە لە سەرانسەری جیهان دا بڵاو بۆتەوە، ئاشکرا کردوە. مەبەست ئەوەیە کە ڕێگا لەوە بگیرێ تاقمە تیرۆریستی‌یەکان یان دەوڵەتە سەرەڕۆکان نەتوانن کەلکی لێ وەرگرن.

ئیسپێنسێر ئابراهام وەزیری وزەی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە (٦ی جۆزەردان) لە کۆبوونەوەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە وییەن گوتی [ئەم] گەڵاڵەیە ٤٥٠ میلیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە بۆ ئەو مەترسی‌یانەی لە مادده رادیۆئەکتیوە پلە جیاوازەکان، لە ئۆرانیۆمی زۆر هەوێنکراوەوە بگرە کە بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی کەلکی لێ وەردەگیرێ، تا ئەو ماددانەی توانای تیشکدانەوەیان کەمەو لە دروست کردنی ئەوەی پێی دەگوترێ بۆمبی پیس دا بەکار دەبرێ.

بە وتەی ناوبراو، گەڵاڵەکە، لە ئەمریکاو ڕووسیە دەخوازێ هەوڵ بدەن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو سووتەمەنی‌یە ئەتۆمی‌یانەی بەرهەمی دێنن.

## پاڵێوراوی حیزبی دێمۆکرات لە هەڵبژارنی سەرۆک کۆماریی ئەمریکادا:

## بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران‌و کورەی باکووری بە جیددی‌ترین مەترسیی دەسڕاگەیشتنی تاقمە تیرۆریستی‌یەکان بە چەکە ناوکی‌یەکان دانا



جان کێری کە پێش بینی دەکرێ غەنیمی سەرەکیی جۆرج بوش لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە مانگی نوامبری دابێ، بەربەرەکانی

لەگەڵ پەرەئەستاندنی چەکی ناوکی بە ئەولەویەتی بەرنامەی سیاسەتی دەرەکیی خۆی داناو گوتی ئەگەر لە هەڵبژاردن دا سەرکەوێ دەسبەجێ وتووێژ لەگەڵ کورەی باکوور دەست پێ‌دەکا. جان کێری لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزدا گوتی: چڕبوونەوەی جۆرج بوش لەسەر شەڕی عێراق هێمنایەتیی ئەمریکای لاواز کردوەو بۆتە هۆی ئەوەکە ئێرانو کورەی باکوور بتوانن هەوڵەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی درێژە پێ‌بدەن. ئەو ئێرانی لە ڕیزی جیددی‌ترین هۆکارەکانی پەرەدان بە مەترسیی ناوکی لە جیهان داناو گوتی: کورەی باکوور، ئێرانو هەروەها بوونی ماددەو کەرەسەی ناوکی لە کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو جیددیترین هۆکاری مەترسیی دەسڕاگەیشتنی تاقمە تیرۆریستی‌یەکانن بە چەکە ناباوەکان(غیر متعارف). **"رادیو فردا"**

## بوومەلەرزە باکووری ئێرانی هەژاند



ڕۆژی هەینی، ٨ی جۆزەردان (٢٨ی مای) بوومەلەرزەیەك بە توندیی ٦/٤ ریشتێر ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئوستانی مازەندەرانی هەژاند. بە گوێرەی

زانیاری‌یەکانی ناوەندی تۆمار کردنی بوومەلەرزە، ناوەندی ئەو بوومەلەرزەیە ناوچەکانی دەوروبەری "بەلەدە" بووە.

ئیسنا لەزمان ڕێکخراوە یارمەتیگەیەنەکانی ئێرانەوە ڕای‌گەیاندوە تا ئێستا ٣١ کەس کوژراو ٢٠٠ بریندار لە ئوستانی مازەندەرانو کوژرانی ٤ کەس‌و بریندار بوونی ٢٠ کەس لە ئوستانی قەزوین تەئیید کراوە.

بە پێی ڕاگەیەنراوی ناوەندی ڕووداوە چاوەڕوانەکراوەکانی‌ئوستانداریی مازەندەران، لە شاری چالووس تا ئێستا تەرمی ١٨کەس بە هۆی ڕمانی بەرد کە لە ڕێگای کەنوان کوژرابوون، دۆزراونەتەوەو لە ناوچەکانی دیکەی ئەو شارە، ١٥٧ کەس بریندار بوون. ڕژانی بەرد لە جاددەی کەندوان کەرەج بۆ چالووس بۆتە هۆی بەسترانی ئەو ڕێگایەو چەند دەزگا ئوتۆمبیل لەژێر دارو پەردوودا ماونەتەوە.

پێشتر لە زمان بەخشداری کەلار دەشت هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای مازەندەران ڕاگەیەندرابوو کە زیاتر لە ٦٠ دەزگا ماشێن بەهۆی ڕووخانی کێو لە دەورووبەری تونێلی کەندوان لەژێر دارو پەردوودا ماونەتەوە.

ئەو هەروەها گوتی سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە (٩ی جۆزەرادن) پاش لەرزەیەکی توند لە ناوچەی کەلاردەشت ڕووی داوە. شایانی گوتنە بوومەلەرزە هەروەها زیانی بە چەندین گوندی سەر بە شارستانی چالووس، تونیکابۆنو نەوشەهر گەیاندوە. لەلایەکی دیکەوە هەواڵ دراوە کە مەسعوود ئیمامی ئوستانداری قەزوێن لەگەڵ چەندکەس لە ڕووداوی بەربوونەوەی هێلیکۆپتێرێکی یارمەتیگەیاندن دا لە ناوچەی بوومەلەرزە لێدراو کوژراوە.

## غازی ئەلیاوەر بە سەرۆك کۆمار دەستنیشان کراو پێکهاتەی حکوومەتی عێراق ڕاگەیەندرا

دوای چەندین کۆبوونەوەو ڕاوێژو گفتوگۆ لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمو دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانو ئەلئەخزەر ئەلیبراهیمی نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵبژادرنی پێکهاتەی حکومەتی نوێی عێراقو سەرۆك کۆمار، ڕۆژی شەممە (٢٠٠٤٩/٦/١) شێخ غازی عەجیل ئەلیاوەر بە سەرکۆماری عێراق دیاری کراو پێکهاتەی حکومەتی عێراقیش ڕاگەیەندرا. کە بەم شێوەیەیە:

غازی ئەلیاوەر ـ سەرکۆمار، ڕۆژ نووری شاوەیس ـ جێگری سەرکۆمار، ئیبراهیم ئەلجەعفەر ـ جێگری سەرکۆمار، ئەیاد ئەلعەلاوی‌ـ سەرۆك وەزیران. د.بەرهەم ساڵح ـ جێگری سەرۆك وەزیران.

سەوسەن عەلی ئەلشەریفی ـ وەزیری کشتوکاڵ. د.محەممەد عەلی ئەلحەکیم ـ وەزیر پێوەندییەکان، عومەر فارووق ئەلدملوج ـ وزیری نیشتەجێکردن، حازم شەعلان ـ ووەزیری بەرگریی، د.سامی ئەلموزەفەر ـ وەزیری پەروەردە، ئەیهەم ئەلسامەرانی ـ وەزیری کارەبا، د. مشکات موئمن ـ وەزیری ژینگە، باسکاڵ ئیشوو ـ وەزیری کۆچبەرانو ئاوارەکان، د. عادل عەبدولمەهدی ـ وەزیری دارایی، هوشیار زێباری ـ وەزیری دەرەوە، د. عەلائەدین عەبدولساحیب ـ وەزیری تەندروستی، د. تاهیر خەلەف جەبر ئەلبکاء ـ وەزیری خوێندنی باڵا، موفید ئەلجەزائیری ـ وەزیری ڕۆشنبیری، بەختیار ئەمین ـ وەزیری مافی مرۆڤ، د.حازم ئەلحسینی ـ وەزیری پیشەسازیی‌و کانزاکان، فەلاح حەسەن ئەلنەقیب ـ وەزیری ئاودێری، د. مالك دۆهان ئەلحەسەن ـ وەزیری داد، لەیلا عەبدوللەتیف ـ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، سامر عەبباس غەزبان ـ وەزیری نەوت، د. مەهدی ئەلحافز ـ وەزیری نەخشەدانان، نەسرین بەرواری ـ وەزیری ئەشغاڵو شارەوانییەکان، رەشاد عومەر مەندان ـ وزیری زانستو تەکنۆلۆژیا، محەممەد ئەلجبوری ـ وەزیری بازرگانی، لوئەی حاتەم سوڵتان ـ وەزیری گواستنەوە، عەلی فائق ئەلغەبان ـ وەزیری وەرزش‌و لاوان، وائل عەبدوللەتیف ـ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پارێزگاکان، نەرمین عوسمان ـ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان، قاسم داود ـ وەزیری دەوڵەت، مامو فەرهام عوسمان ـ وەزیری دەوڵەت، عەدنان ئەلجەنابی ـ وەزیری دەوڵەت.

هەروەها د. فوئاد مەعسوم بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی دانرا کە بڕیارە مانگی داهاتوو ببەسترێت.

لەئاهەنگی ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق دا کە لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو، ئەلئەخزەر ئەلیبراهیمی لە وتەیەك دا هیوای خواست کە عێراقی‌یەکان ساڵانی نەهامەتو جەنگو ئابلوقە تێپەڕێننو لەو تونیلە تاریکە بێنە دەرەوە کە تێیدا دەژینو گوتی: پێکهێنانی حکومەت هەنگاوی یەکەمە لە ڕێگایەکی دوورودرێژو سەختو داوای‌کرد هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق لە پرۆسەی بنیاتنان دا بەشداری بکەن.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی "کوردستانی نوی"**

## کورتەی چەند هەواڵی ناوچە جۆراجۆرەکانی کوردستان

- کەسایەتیی ناسراوی کورد، یادگاری کۆماری کوردستان، سەعیدخانی هومایوون کۆچی دوایی کرد.
- خوێندکارانی کوردی زانکۆی ورمێ دوای ٢ ساڵ هەوڵو تێکۆشان توانیان کانوونی چالاکیی خوێندکاران دامەزرێنن.
- بەهۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی سەقز کەسێك لاقی لەدەست دەداد.
- هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ٢ کەسی ناوچەی مەریوان دەدەنە بەر دەسڕێژو بە توندی بریندارییان دەکەن.
- هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم دوو کاسبکاری خەڵکی بۆکان لە شاری هەشترود دەکوژن.
- ٢ کەس لە کاسبکارانی ناوچەی پیرانشار لە جاددەی پیرانشار ـ حاجی ئومەران کەوتنە کەمینی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمو کوژران!
- دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تەورێز دوو خوێندکاری کورد سزا دەدا.

٢ بێ‌ئاکامیی ڕیفۆرمو لەدەستچوونی دەرفەتەکان
٣ وتووێژ لەگەڵ کاك سەعیدخانی هومایوون
٥ تیئوریسیەنی کەمینە نەتەوایەتی‌یەکان، لەسەر مینبەری خوێن لەنگەر دەگرێ
٨ هەڤپەیڤین لەگەڵ بەڕێز "سایان"، داهێنەری تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین
٨ منداڵانی نێو قووڵکەکان، منداڵانی بێ ناو نیشان
٩ کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجە
١٠ باندۆری بە جیهانیبوون لە سەر ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆن لە ئێراندا

# بێئاکامیی ڕیفۆرم و لەدەستچوونی دەرفەتەکان

م. مەعرووفی

حەوتەمین ساڵڕۆژی ڕووداوی دووی جۆزەردانی ٧٦، لەحاڵێکدا تێپەڕ بوو کە ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات پاش حەوت ساڵ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هێندێك ڕیفۆرم لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بێ ئەوەی لانیکەمی وەعدەو بەڵێنییەکانیان بەجێ هێنابێ پۆستو ئیدارەو ناوەندە حکوومەتییەکانیان لەدەست هێنادەرو بە هیچ ئاکامێكو دەسکەوتێك نەگەیشتن. بە تەواوبوونی دووهەمین دەورەی سەرکۆماریی محەممەدی خاتەمی لە ساڵی داهاتوودا دەکرێ بڵێین دوایین بزمار لە تابووتی ڕیفۆرمخوازی لە کۆماری ئیسلامیدا دەدرێو ئاسەوارێك لە بەرەی ٢ی جۆزەردان لەو ڕێژیمەدا نامێنێ. بە دەست بەکاربوونی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە موحافیزەکارەکان هەر جۆرێك بێ کورسییەکانیان بە ئەفرادی خۆیان پڕ کردەوەو پێشیان بە چوونی ئەفرادی ڕیفۆرمخواز گرت، دەتوانین بڵێین ئیدی ڕیفۆرمخوازان وەك قۆڵ یان هێزێك لە ڕێژیمدا حیسابیان لەسەر ناکرێ. بەتایبەتی سەبارەت بەوە کە خاتەمی هەم لەبەر ئەوە کە ماوەیەکی کەمی لەبەردەستدا ماوەو هەم لەبەر ئەوەش کە لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا نیشانی داوە کە نە ئیرادەی هەیەو نە دەسەڵات، دەتوانین ئەوەش بڵێین کە جەرەیانی ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامیدا مردووەو تەنیا بە خاك سپاردنی ماوە. هەر بۆیە لە حەوتەمین ساڵڕۆژی ڕووداوی ٢ی جۆزەرداندا خەڵکی وڵاتەکەمان لە ڕێگەی وەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانیاندا هاتوونەتەوە جێگەیەك کە حەوت ساڵ لەمەوبەر لێی بوون.

لە ساڵی ٧٦ بەملاوە کە ڕیفۆرمخوازان وەك قۆڵێك لە نێو حاکمییەتدا دەرکەوتن، لە ڕاستی بەرهەمی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بوون، ئەو بزووتنەوەش لە ئاکامی درێژەدانی ٨ ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەرو بێسوود لەگەڵ عێراقداو دیکتاتۆریو زەبروزەنگی نێوخۆو بە بنبەست گەیشتنی سیاسەتو ئیدئۆلۆژیی ئەم ڕێژیمەدا پێك هاتبوو. ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازانەیە کە دەبوا بۆ نەفی دیکتاتۆریو جێگیرکردنی حکوومەتی دێموکراتیكو گەلیو پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە وڵاتدا تا لووتکەی سەرکەوتن ڕێگەی خۆی درێژە دابا، بەداخەوە دیاردەیەکی وەکوو خاتەمی بە هەڵگرتنی هێندێك دروشمی پڕزەرقو برقو وەعدەو بەڵێنییەکی زۆر بە خەڵك بەلاڕێدا بردو بە قەولی خاتەمی "هەڕەشەکان" لەسەر ئەو ڕێژیمە وەلاچوونو بوون بە "دەرفەت". هەربۆیە زۆر دەرفەتی زێڕین لە کیس بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران چوو. بۆچوونێك کە لەو سەردەمەدا باو بوو و کۆماری ئیسلامییش بەداخەوە زۆرباش قۆزتییەوە، ئەوە بوو کە دەیگوت: "شۆڕش ماڵوێرانکەرە"و ئەو بۆچوونە کە "شۆڕش دیکتاتۆرێك لە جێگەی دیکتاتۆری پێشێ دادەنێ" یان "ئەوەی کە لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە پێی دەگەن زۆر کەم خەرجترە لەوەی کە لە ڕێگەی شۆڕشەوە پێی دەگەن" دەلاقەیەکی دڵنیایی بوون بۆ ئەو ڕێژیمە کە بێزاریو نارەزایەتیی خەڵکی بە ڕوودا ناتەقێتەوە. بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە بۆ خۆیان دیتبوویان ڕێژیمی پاشایەتی کە ژاندارمی ناوچەکە بوو و خاوەنی ئەرتەشێکی ڕێکوپێكو بەهێز بوو، چۆن لە بەرامبەر ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا بە چۆك داهات، هەربۆیە کۆنتڕۆڵو دەستەمۆکردنی وەزعێکی ئەوتۆ یان مەحاڵە یان زۆر دژوارە. کەوابوو ئەگەر ڕیفۆرمخوازێك بگاتە پۆستی سەرکۆماری کە بوونو نەبوونەکەی لەبەر دەستی ڕێبەر دایە، دەکرێ کۆنتڕۆڵو دەستەمۆ بکرێو تەمەنی ڕێژیمەکە درێژتر بێتەوە.

پاش هاتنەسەرکاری خاتەمی، بەداخەوە زۆر کەس لە نێوخۆو زۆر هێزو دەوڵەت لە ڕێگای دەرەوە کیسەیان بۆ دەوڵەتی ناوبراو هەڵدروو و کەوتنە پەسندبێژیو هەڵگوتن بە هەنگاوەکانی!! خاتەمیو قسەو دروشمەکانی ناوبراویان ـ کە هیچکات بە کردەوە جێبەجێ نەکران ـ بە عەینی دێموکراسی لەقەڵەم دەدا!. هەر ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا لەو پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە: "هەڵبژاردنی ئاغای خاتەمی بەر لەوە کە نیشانەی پشتیوانیی خەڵك لە ناوبراو بێ، پێشاندەری بێزاریی زۆربەی نزیك بە تەواوی کۆمەڵانی خەڵك لەو فشارو ستەمانەیە کە لە ماوەی ١٨ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەسەریاندا سەپاوە."(١)

هەر لەو بەیاننامەیەدا وێڕای باسکردنی ئەوە کە خاتەمی لە ڕێژیمێکدا پۆستی سەرکۆماریی وەدەست هێناوە کە ویلایەتی فەقیهی بەسەردا زاڵەو بە تەواوی لەگەڵ ئازادییە فەردیو کۆمەڵایەتییەکان لە دژایەتی دایە، گوترا:

"هەڵبژاردنی ناوبراو ناکرێ بە ئاڵوگۆڕ لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بژمێردرێو یان ببێتە هۆی باش بوونی وەزعی دڵتەزێنی ژیانی گەلانی ئێران. مل ڕاکێشان بۆ هەڵبژاردنی ئاغای خاتەمی تەنیا کردنەوەی دەلاقەیەکی دڵنیایی بە مەبەستی پێشگیری لە تەقینەوەی تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکە. لەلایەکی دیکەش دەبێ چاوەڕوان بین ڕوون ببێتەوە داخوا بەڵێنییەکانی ئاغای خاتەمی تەنیا باری تەبلیغاتی لە ململانێی هەڵبژاردنیاندا هەبووە، یان پاش گەیشتن بە دەسەڵاتیش ناوبراو لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو بەڵێنانەدا کە بە دەنگدەرانی داون، تێ دەکۆشێ؟"

سکرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی ڕووداوو پێشهاتی جۆراوجۆر لە بارەی خاتەمییەوە گوتوویەتی: نە بۆچوونی ناوبراو لەگەڵ بۆچوونی ئێمە لە بارەی ئازادیدا یەکەو نە ئەو بۆچوونەش کە ئەو لە بارەی ئازادیدا هەیەتی تواناو ئیرادەی بەڕێوەبردنی هەیە. حیزبی دێموکرات بە گشتی لەسەر ئەو بیروڕایە بووە کە کاتێك وەلیی فەقیه قسەی ئاخر دەکاو دەسەڵاتی ئەسڵی لەبەر دەستی ئەفرادو ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەکان دایە، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کۆماری ئیسلامیدا پێك نایەو ڕیفۆرم مەحکووم بە شکستە.

ئەزموونی حەوت ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە هەم چاوەڕوانییەکانی خەڵك لە ڕیفۆرمخوازان ئاکامی پێچەوانەی بووەو هەم دروشمو وەعدەو بەڵێنیی ڕیفۆرمخوازەکان. لە کارەساتی تیرۆری نووسەرانو ڕووناکبیرانەوە بگرە تا سەرکوتی بێبەزەییانەی خوێندکارانو داخستنی بە کۆمەڵی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو لە پەرەگرتنی هەژاریو مەینەتیی خەڵکی وڵاتەوە بگرە تا گرانیی لەرادەبەدەرو دزیو بەرتیل خۆریی بەربڵاو لە دامودەزگاکانی دەوڵەتیدا بێ دەسەڵاتییو بێکیفایەتیی ڕیفۆرمخوازانی نێو حاکمییەت لە بەرامبەر ئەو مەسەلانەدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ. هیچکات لە وڵاتی ئێمەدا بە ڕادەی ئەو قۆناغە ڕۆژنامە دانەخراون، ڕۆژنامەنووسانو ڕووناکبیران نەکەوتوونەتە زیندان. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لەم چەند ساڵەی دواییدا، ئێران پاش وڵاتی ١/٥ میلیارد کەسیی چین، لە بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدامدا پلەی دووهەمی هەبووە!! لە وڵاتێکدا کە سەرکۆمار دروشمی "دیالۆگی شارستانەتییەکان" دێنێتەگۆڕ، خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان لە دەسەڵات ڕەوانەی زیندان دەکرێنو ئێران یەکێك لە گەورەترین زیندانەکانی نووسەرانو ڕووناکبیرانەو ئێستاش گەلانی غەیرە فارس لە سەرەتاییترین مافە نەتەوایەتییەکانیان بێبەشن. بە گشتی لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا وڵاتەکەمان نەك هەنگاوێکی لە بواری ئازادیدا بۆ پێشەوە ناویشت، بەڵکوو هەنگاوێك بەرەو دواوە گەڕایەوە. ئەگەر جاروبار دەسکەوتێك لەو بوارەدا بووبێ، زۆری پێنەچووە دەسەڵاتدارانی ئەسڵیی پێشێلیان کردووەو سڕاوەتەوە.

بەڵام کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگەیەی توانی کەڵکی لە ڕیفۆرمخوازەکان وەرگرت: لە نێوخۆدا بە دانی مەیدانێکی بەرتەسك بە ڕیفۆرمخوازەکان دەراوێکی بۆ بەتاڵکردنی نەفرەتو بێزاریی کۆمەڵانی خەڵك لەو ڕێژیمە پێك هێناو نەیهێشت سێڵاوی ڕقو تووڕەیی خەڵك لەو ڕێژیمە وەڕێ بکەوێ. ئەم مەسەلەیە بۆچوونی هاوبەشی هەر دوو قۆڵی نێو دەسەڵات بە موحافیزەکارو ڕیفۆرمخوازەوە بوو. ڕیفۆرمخوازەکان هیچکات ئەو ڕاستییەیان نەشاردۆتەوە کە پێکهاتنی ڕیفۆرم گەرەنتییەکە بۆ درێژەی تەمەنی ڕێژیمەکەیان.

لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەشدا کۆماری ئیسلامی کە وەك ڕێژیمێکی بێهەوسارو سەرەڕۆ لە بواری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو تیرۆریزمی نێونەتەوەیی ناسراوە، بیانوویەك کەوتە دەستی وڵاتانی قازانجویستو هەلپەرست تا ساتوسەودا لەگەڵ ئەو ڕێژیمە بکەنو ئەو پێوەندییە نامەشرووعە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بە بیانووی بوونی ڕەوتی ڕیفۆرم لە ئێراندا بۆ بیروڕای گشتیی خۆیان پاساو بدەن. بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپایی لەو بارەیەوە زۆریان کەڵك لەو مەسەلەیە وەرگرت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ ئەوەیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا سوودو قازانجێکی ئەوتۆی لە قۆڵی ڕیفۆرمخواز دیوە، بۆچی لە حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا نەیهێشت پێ بێننە مەجلیسو بەرەبەرە دەسەڵاتی لە ڕیفۆرمخوازەکان سڕیەوەو لە مەیدانی دەرکردن؟

دیارە بێئەوەی بمانەوێ مەسەلەکە بۆ خۆمان هاسان بکەینەوەو خۆ لە شیکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکانی وڵات بدزینەوەو بڵێین کێشەی دوو قۆڵی ڕێژیم یارییەکی سیاسی بوو، دەبێ بڵێین کە ڕیفۆرمخوازەکان لەو ماوەیەدا بێئەوەی بە خۆیان بزانن بوونە مۆرەیەك کە ڕێبەرانی ئەسڵیی ئەو ڕێژیمە تا توانییان کەڵکی سیاسییان لێوەرگرنو پاشان کە کاتی فڕێ درانیان هات، فڕێ دران.

وەڵامی پرسیارەکە ڕوونە: ڕیفۆرمخوازەکان لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا نەیانتوانی هیچکام لە وەعدەو بەڵێنییەکانیان کە بە کۆمەڵانی خەڵکیان دابوو، وەدی بێنن.

ـ دیارە ئەگەر ئەو ڕێژیمە لە تواناو وەزعییەتیدا هەبوایە، ئیجازەی دەدا بۆ هێندێك ڕیفۆرم ـ بۆیە لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە تەواوی لەو قۆڵەو لە دروشمو بەڵێنییەکانی ناهومید بوونو ئێستا بۆیان ڕوون بۆتەوە کە ئاڵوگۆڕی موسبەت لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا مەحاڵەو باوەڕو متمانەیان بە قۆڵی ڕیفۆرمخواز نەماوە. هەربۆیە ئەو قۆڵە چیدیکە ناتوانێ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بە وەعدەو وەعیدو قەولو بەڵێنی بە درۆ بەلاڕێدا بەرێ. کەوابوو وەعدو بەڵێنی ڕیفۆرمخوازانە کە پێشتر بۆ پێشگیری لە "تەقینەوەی تووڕەیی خەڵك" دەدران، ئێستا کاریگەریی نەماوەو ڕیفۆرمخوازەکان بۆ ماوەیەك توانییان ئەو ئەرکە بەڕێوە بەرن. هەربۆیە کۆماری ئیسلامی ناچار نیە تا سەر تەحەمولیان بکا. خۆپیشاندانی شۆڕشگێڕانەی خوێندکارانو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە پایزی ساڵی ٨١داو بەهاری ٨٢دا بە بۆنەی دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ هاشمی ئاغاجەریو بەتایبەتی کووی زانستگەکان کە لە دژی تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی بە هەر دوو قۆڵەکەیەوە بەڕێوەچوون، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ. بەشدارینەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی حەوتەمین دەورەی مەجلیسدا زیاتر لە هەر فاکتۆرێکی دیکە نیشانەی دڵساردیو بێباوەڕیی خەڵك بە ڕیفۆرمخوازەکانو تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی بوو و ئەو دوو ڕووداوە، دەریانخست کە ئەرکی ڕیفۆرمخوازەکان لە دەسەڵاتدا کۆتایی پێهاتووە. لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا نەك هەر نەیانتوانی ئیمتیازێك لە حکوومەت بۆ خەڵك وەربگرن، بەڵکوو بە کردەوە بە هۆی دروشمو وەعدی ڕیفۆرمخوازانە توانییان ئیمتیازێکی گەورە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بۆ ئەو ڕێژیمە وەربگرن. ئەو ئیمتیازەش لە یەك قسەدا دەتوانین بڵێین بریتی بوو لە لەدەست دانی دەرفەتە زێڕینەکان بە زەرەری ئەو بزووتنەوەیەو درێژکرانەوەی زیاتری تەمەنی کۆماری ئیسلامی.

❊❊❊

درێژەی لاپەڕەی ١:

## نامەی هاوسۆزیی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بە هەردووکی ئەم بۆنە خەمناکانەوە بەناوی خۆمو هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێزو سەرجەم ڕێبەرایەتیو کادرو ئەندامانی یەکیەتیی نیشتمانیو بنەماڵەی بەڕێزی سەرکردەی لەدەستچوو کاك دارۆ شێخ نووریو کەسو کاری هەموو قوربانییەکانی کردەوەی تیرۆریستیی یەکی حوزەیرانی بەغدا دەکەمو سەبووری بۆ هەموو لایەك بە ئاوات دەخوازم.

چونکە دەزانم یەکیەتیی نیشتمانیو ڕۆڵە قارەمانەکانی کە لە مێژووی کوردستاندا ناوی پڕشانازیی "هێزی پشتیوان"یشیان بۆ بۆتە میدالی شەرەف، بەم جۆرە ڕووداوانە هەر شێلگیرترو بەهێزتر دەبن، بە دڵەوە پیرۆزبایی جێژنی ٢٩ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی براشمانت پێشکەش دەکەمو هەر بژین.

برای دڵسۆزتان عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٢٠٠٤/٦/١

## لە وەڵامی نامەکەی سەلاح پوورئەسەد بۆ گریی هارد گریف، سەبارەت بە وەزعییەتی کوردەکان لە ئێران، سووریەو تورکیەدا

ماوەیەك لەمەوبەر هاوڕێ سەلاح پوورئەسەد لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز گریی هارد گریف، ناوبراو لە وەزعییەتی کوردەکان لە ئێران، سووریەو تورکیە ئاگادار کردبۆوە، ئەویش لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز "ئەلیکساندێر دادنێر، وێڕای هاوپێچکردنی نامەکەی پوورئەسەد، پشتیوانیی خۆی لە داواکارییەکانی دەربڕیبوو.

بەڕێز "ئەلیکساندێر داونێر"یش لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز هارد گریف، ئاگاداری کردۆتەوە کە نامەکەی ناوبراوی ناردوە بۆ باڵوێزخانەکانیان لە تارانو ئانکاراو بەشێوەی پێویست لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانو تورکیە دەخرێتە بەرباس.

دەقی هەردووکی ئەم نامانە، لە خوارەوە خراونەتە بەرچاو:

### (١)

### نوێنەری مەجلیس: گریی هاردگریف

نوێنەر لە مۆرتۆن
سەندووقی پۆستی ٢٠٧
موروکاکیوال ٤١٠٥
ئاغای گریی ئازیز!

بە بۆنەی ناردنی نامەی ٢٣ ئاوریلی ٢٠٠٤، هاوپێچی نامەیەك و دادخواز لە حەوزەی نوێنەرایەتیی خۆتان سوپاستان دەکەم، ئاغای پوورئەسەد بە نوێنەرایەتیی کە لە لایەن کۆمەڵی کوردەکانی دانیشتووی بریسبانەوە لە پێوەندی لەگەڵ مافی کوردەکانی سووریەو ئێرانو تورکیەو هەروەها کرداری ئەو دەوڵەتانە لە هەمبەر کوردەکانەوەو ئەو بێ حورمەتییانەی کە لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە بە کوردەکان دەکرێ، بە تایبەت وەك لە ڕاگەیەنە گشتییەکان دا دەبینین دۆخی کوردەکانو هەڵسوکەوتی دەوڵەتی سووریە لە هەمبەریانەوە، نامەیەکی ناردووە.

نامەی نابراو لە سەر ویستی خۆی بۆ باڵوێزخانەکانمان لە تارانو ئانکارا ناردراوەو داوامان لە کارگێڕانی باڵوێزخانەکان کردوە کە نامەکە بخوێننەوەو ئەگەر بە پێویستیان زانی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوبراودا بهێنینە بەر باس یا لانیکەم بۆ بەرپرسانی دەوڵەتیان ڕەوانە بکەن.

لەوەی کە لە نامەی ئاغای پورئەسەد ئاگادارتان کردمەوە سوپاسی هاوڕێتان
هاوڕێتان: ئەلکساندیر داونێر

### (٢)

### ئاغای سەلاحی پوورئەسەد

گەرانەوە بۆ: مافی مرۆڤ

بۆ ئاگاداریی ئێوەو پاراستنی ڕوونووسی ئەو نامەیەی کە لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوە لە وەڵامی وەکاڵەتی خۆم دا لەلایەن ئێوەوە بە دەستم گەیشتبوو، هاوپێچی ئەو نامەیە بۆتانی ڕەوانە دەکەم.

هەر بەو شێوەیە کە ئێوە سەرەنج دەدەن وەزیری ناوبراو داوای لە کارگێڕانی باڵوێزخانە کردوە کە ئەو بابەتانەی ئێوە هێناوتانەتە بەرباس، بیخوێننەوەو ئەگەر بە پێویستیان زانی، لەگەڵ دەوڵەتانی پێوەندیداردا بیانهێنە بەرباسو لێدوان. هیوادارم دەرئەنجامێکی باشی لێ بکەوێتەوە.

لەگەڵ پێشکەش کردنی شکۆدارترینی تاسەکاندا

هاوڕێی ئێوە
"گریی هارد گریف"

## برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## ورمێ:

### دامەزراندنی کانوونی "روناهی"

خوێندکارانی زانکۆی ورمێ دوای ٢ ساڵ هەوڵو تێکۆشانو کۆکردنەوەی زیاتر لە ٨٠٠ ئیمزا، ماوەیەك لەوەپێش سەرەڕای ئەوەی کۆسپیان زۆر خرایە سەر رێ، توانیان کانوونێکی کوردی بە مەبەستی نواندنی چالاکی‌یەکانی پێوەندیدار بە لاوانی خوێندکار، بەناوی کانوونی "روناهی" دابمەزرێنن، بەو حاڵەش بەرپرسانی زانکۆ بەردەوامن لە گیروگرفت پێکهێنان لەسەر کارو چالاکی نواندنی ئەم کانوونە.

## مەریوان و سەقز:

ماوەیەك لەوەپێش بەهۆی تەقینەوەی مینێك کەسێك بەناوی محەممەد رەزاپوور، خەڵکی "کەڵەوێنجە"ی مەریوان لاقێکی لەدەست دا. هەر لەو ماوەیەدا لەسەر سنووری باشماخ ٢ کەسی‌تر بەناوەکانی لەتیف یوسفی، خەڵکی مەریوانو محەممەد عەلی‌کەرەمی، خەڵکی "کانیعەمەت"ی سەربە ناوچەی سەرشێوی سەقز، کەوتنە بەر دەستڕێژی هێزەکانی رێژیمو بەتوندی بریندار کران.

❊❊❊

## پیرانشار:

### کوژرانی دوو کاسبکاری زەحمەتکێش بەدەستی هێزەکانی رێژیم

رۆژی یەکشەممە ١٠ی جۆزەردانی ١٣٨٣ هەتاوی، دەستەیەك کاسبکارو کاروانچی لە رێگای نێوان پیرانشارو حاجی عومەران لە شوێنێك بەناوی "رێگای پەتك" دەکەونە کەمینی هێزەکانی رێژیمو تەقەیان لێ‌دەکرێ. لە ئاکامی تەقەکردنی هێزەکانی رێژیمدا بەداخەوە کەسێك بەناوی "عەزیز پەشەنگ" کوڕی مستەفا، ناسراو بە مستەفا گەردی خەڵکی پیرانشار، دەکوژرێ.

پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ دەستەیەکی دیکە لە کاسبکارانو کاروانچیان هەر لەو رێگایەو لە شوێنێك بەناوی "شینگی حەمەدئاغا" دەکەونە کەمینی هێزەکانی رێژیمو بە خەستی تەقەیان لێ‌دەکرێ. لە ئاکامی ئەو تەقەکردنەشدا دیسان بە داخەوە کەسێك بەناوی سەلاحی ئەحمەدی ئاڵی، کوڕی محەممەد، خەڵکی پیرانشار، دەکوژرێو هاووڵاتی‌یەکی کوردی کوردستانی عێراقیش بریندار دەبێ.

تەقەکردن لە خەڵکی کاسبکارو کاروانچی بەتایبەت لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان رۆژ نیە کە نەبێتە هۆی کوژرانی چەند کەسو بێ‌سەرپەرستبوونی چەند بنەماڵەو لەڕاستی‌دا وەکوو کارێکی ئاسایی‌و رۆژانەی هێزەکانی رێژیم بەڕێوە دەچێ.

کادرو کارگێڕانی "کوردستان" وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتانە هیوادارن خەڵکی ناوچەی پیرانشارو بەگشتی کوردستان، بەرامبەر بەم رەفتارە ئینسانکوژیانەی هێزەکانی رێژیم بێ‌ تەفاوەت نەبنو دەنگی رەخنەو ئیعتیرازو بێزاریی خۆیان دەربڕن. بێدەنگی لەو پێوەندی‌یەدا بێ‌گومان دەستی هێزەکانی رێژیم لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارو کردەوانەو خولقاندنی جینایەتی لەو بابەتە، ئاوەڵاتر دەکا.

## سەردەشت:

### هێزەکانی رێژیمو خەڵکی کاسبکار

رۆژی ١ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی، هێزەکانی رێژیم تەقە لە خەڵکی کاسبکاری گوندی "قەلەڕەشێ"ی ناوچەی سەردەشت دەکەن. کە لە ئاکامدا دوو ولاغی باربەری کاسبکارەکان دەکوژرێن. هەروەها چەند رۆژ دواتر هەر ئەو هێزانە لەسەر چۆمی قازانێ هەڵدەکوتنە سەر کۆمەڵێك کاسبکارو دوای ئەوە کە دەست بەسەر شتەکانیان دا دەگرن، کەسێك بە ناوی "ساڵحی مێهری" ناسراو بە ساڵحی مام عەزیزی شەلماشێ کە تەمەنی نزیك بە ٧٠ ساڵ دەبێ، دەگرنو دەیبەنەوە ناو ئاواییو بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە لەبەرچاوی خەڵك بێ‌حورمەتی پێ‌دەکەنو توورەکەی کای ولاغی لەسەر دەکەنو لە نێو ئاوایی‌دا دەی‌گێڕن.

## بۆکان:

### کوژرانی دوو کەس لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە

رۆژی ٤ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی، ٣ کەسی خەڵکی بۆکان کە بەدوای کاروکاسبی‌دا دەگەڕان، لە ئاوایی "سوڵتان ئاباد"ی ناوچەی "قەرە ئاغاجی هەشت روود" کەوتنە بەر دەستڕێژی چەکی هێزەکانی رێژیمو دوو کەسیان بەم ناوانە لێ کوژرا:

١ـ ئەسعەد مینە خەیات، ٢ـ برایمی حاتەمی‌و کەسی سێهەمیش بە توندی بریندار بوو. تەرمی کوژراوەکان رۆژی دواتر برانەوە بۆکانو بە خاك ئەسپێردران.

❊❊❊

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

سەعات ١٢ی رۆژی یەکشەممە ١٣٨٣/٣/٣ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان پێکهاتوو لە بەڕێزان غەسان ئەلرفاعی‌و مەسعوود فەوزی محەممەد، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی بە سەرپەرستی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، سکرتێری گشتیی حیزبو پێکهاتوو لە بەڕێزان مستەفا هیجری، حەسەن شەرەفی، بابا عەلی مێهرپەروەرو مستەفا مەولوودی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌یەو بەگەرمی پێشوازی لێ‌کرا.

دوو هەیئەت لە دانیشتنێکی چەند سەعاتەدا کۆمەڵێك لە مەسەلە جیهانی، رووداوەکانی ئەم دوایانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وەزعی گشتیی ئێران، خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو وەزعی کوردەکانی لوبنانیان خستە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کردن.

هەیئەتی میوان سەعات ٤ی ئێوارەی هەمان رۆژ لەلایەن هەیئەتی خانەخوێوە، بەڕێ‌کرا.

# هەواڵەکانی دەرەوە

## نۆروێژ:

### سمینارێك لەسەر فیدرالیزم

رۆژی یەکشەممە ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، کومیتەی حیزب ـ لیللەسترۆم، سمینارێکی روناکبیری لەسەر فیدرالیزم بۆ بەڕێز هاشم رۆستەمی ـ بەرپرسی ئەو کومیتەیە پێکهێنا. ناوبراو سەرەتا باسێکی لەسەر چەمکی فیدرالیزمو پاشانیش ئەزموونی فیدرالیستی‌و لایەنە ئەرێیەتی‌یەکانی ئەو چەمکەی بۆ کۆمەڵگای ئێران کرد. جیا لەوەش هێندێ کۆسپی سەر رێگەی فیدرالیزەکردنی ئەو کۆمەڵگایەی دەست نیشان کردن، پاشان لەلایەن بەشدارانەوە باسەکە بەپێزتر کراو کۆمەڵێك روونکردنەوەو تێبینی‌و بیروبۆچوونی جیاواز هاتنە گۆڕێ.

### بەشداری لە رێورەسمێك بە بۆنەی "رۆژی نەتەوەیی نۆروێژی‌یەکانەوە"

بە بۆنەی ٢٨ی بانەمەڕ، رۆژی نەتەوەیی نۆروێژی‌یەکان، رێورەسمێك بەو بۆنەوە پێك‌هات. کۆمەڵەی کورد لە سیرۆمو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی رەسمی بەشدارییان تێ‌دا کرد. هاوڕێ عەزیز ئەلیاسی، پەیامی کۆمەڵەی کلتووری کوردی بە زمانی نۆروێژی خوێندەوە، پاشان دوو گرووپی هەڵپەڕکێی یەکیەتیی لاوان بە جلی کوردی‌یەوە چەندین جۆر هەڵپەڕکێی کوردییان ئیجرا کرد، کە لەلایەن بەشدارانەوە پێشوازی گەرمیان لێ‌کرا.

## فەنلاند:

### بەشداریی نوێنەری حیزب لەکۆنگرەی "حیزبی چەپی فەنلاند"دا

لە رۆژانی ١ تا ٣ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی‌دا، پارتی یەکیەتیی چەپی فەنلاند، پێنجەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆی بە بەشداریی ٥٠٠ نوێنەری رێکخراوەکانی سەر بەو حیزبەو نوێنەری ١٥ حیزبی نێونەتەوەیی بەڕێوەبرد.

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆنگرەیەدا، لە ماوەی ئەو چەند رۆژەدا، بەشداریی لە چەندین کۆبوونەوەدا کردو هەروەها لەگەڵ چەندین کەسایەتیی فەنلاندی‌و ئورووپایی کۆبۆوە. تەوەری وتووێژەکان پێکهاتبوو لە، دۆخی سیاسیی کوردستانو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو هەروەها ناساندنی سیاسەتەکانو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە تێروتەسەلی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

❊❊❊

## تەورێز:

**دادگای شۆڕشی تەورێز دوو خوێندکاری کوردی بەهۆی ئەوە کە بەرانبەر بە کردەوە ناڕەواکانو کەموکوڕی‌یەکانی زانکۆ هەڵوێستیان گرتوەو بەشدارییان لە کۆڕو کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕین‌دا کردوە، مەحکووم کرد. هەر بەو هۆیانە "ئەسرین ئیسماعیل" خەڵکی شاری سەقز بۆ ماوەی تێرمێك هەڵپەسێردراوەو تا کۆتایی خوێندنیش لە "خوابگا"ی خوێندکاران دەرکرا، هەروەها "پەیام نوورانی" خەڵکی شاری بۆکان بەهەمان شێوە هەڵپەسێردراوەو جیا لەوەش بە ٣٥ زەربە شەلاقیش مەحکووم کراوە، لەگەڵ ئەوەش حوکمی بەشێکی دیکە لە خوێندکارانی ناڕازی قەرارە بەم زوانە دەربکرێ.**

درێژەی لاپەڕەی ١:

## بەڕێوەچوونی کونفرانسی کورد یەك نەتەوە ـ چوار دەوڵەت ـ چ دوارۆژێك

دوکتور خالید ساڵح مامۆستای زانکۆ لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی نوێی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە زانستگەی باشووری دانمارك لە راپۆرتێکی چل خولەکی‌دا کە پێشکەشی کۆنفرانسی کرد، لەسەر سناریوی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی گەلی کورد قسەی کرد. دوای ئەو نینا راسموسین نووسەرو مێردەکەی هژالتە تین لەسەر سەفەری خۆیان بۆ کوردستان دوای رووخانی رێژیی سەددام قسەیان کرد. نینا راسموسن پێشتر سەفەرێکی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات کردبوو. ناوبراو لەسەر ئەو بەشەی کوردستان کتێبێکی بە ناوی "تەنیا لەئێراندا" نووسیوە.

نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێرو سلێمانی) بەڕێزان تەها بەرواری‌و فەرهاد عەزیزو هەروەها بەرپرسی پلاتفۆرمی کوردستان کەیا ئیزۆڵو ئەحمەد مەحوود چەتۆ لە حیزبی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە لەسەر رەوشی کوردەکان لە عێراق، تورکیەو سووریە قسەیان کرد.

لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاوڕێی بەڕێز مەجید حەقی بەشداری کونفرانسەکە بوو. ئەو لە قسەکانی خۆی‌دا لەگەڵ روونکردنەوەی رەوشی کوردستانی ئێران بیروڕای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە بارەی چارەسەر کردنی دۆزی گەلی کورد لە ئێراندا هێنایە بەرباس. ئەو لە قسەکانی خۆی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوە کە باشترین شێوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی (نەتەوەیی) لە ئێرانی چەند نەتەوەیی‌دا پێك هێنانی سیستمێکی فیدرالی لەسەر ئەساسی جوغرافیایی، مێژوویی، ئابووری‌و فەرهەنگی‌یە.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی کۆنفرانس‌دا راپۆرتی نێودەوڵەتی لەبارەی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان خوێندرایەوە. لەو بەشەدا، نووسەر بەیرام بۆزیەل سەرۆکی پارتی هاك ـ پار HAK _ PAR لە باکووری کوردستان لەسەر رەوشی مافی مرۆڤو دۆزی گەلی کورد لە تورکیە قسەی کرد. لە درێژەی ئەو بەشەدا فەیلەسووف عەبدوڵڵا بەسیت لەسەر رەوشی مافی مرۆڤی کوردەکان لە سووریەو دوکتور ئاکرام هاواس لەسەر رەوشی کوردە فەیلی‌یەکان قسەیان کرد.

لە دوابەشی بەرنامەی کاری کونفرانسدا جهانبەخش خالیدی لە کۆمەڵەی ئاشتی بۆ کوردستان لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێراندا قسەی کرد. ئەو بە ئاماژە کردن بە برگەکانی یاسای بنەڕەتیی ئێرانو یاسای "قەساسو حدود"، رەوشی یاسایی گەلی کوردی نیشان داو باسی ئەو جینایەتانەی کرد کە کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد ئەنجامی داون.

❊❊❊

## داواکاری بۆ پرۆتستۆکردنی کارێکی دژە مرۆڤانەی "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان" و "کۆماری ئیسلامیی ئێران"

بەڕێز نەتەوە یەکگرتووەکان!
بەڕێز CPA هێزی هاوپەیمانان لە عێراق!
بەڕێز خاچی سووری نێودەوڵەتی!
بەڕێز پەرلمانی کوردستان!
بەڕێز رێکخراوی مافی مرۆڤ!

لە کاتێك‌دا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ‌و ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر تێکۆشان لە پێناوی دێموکراسی‌و ئازادیی سیاسی‌و تاکەکەسی بۆتە یەکێك لە سیماکانی سەرەتای سەدەیەکی نوێ‌و پێداگرتن لەسەر مافەکانی مرۆڤ وەك مەسەلەیەکی بەڵگەنەویستی لێ‌هاتوە، گەلێك کە لە چوارپارچەوە لەت لەت کراوە، ئەمڕۆ بەهۆی میکانیزمی شاراوەو قیزەونی وەك تیرۆرو رەشەکوژی‌و ئەشکەنجەدانو ئیعدام، جاری لەناوبردنی دەدرێ‌و کەمترینو کەمترین مافی ژیانو سەربەستی پێ رەوا نابینرێت، جێگەی داخە کە هێندەی دڕندەیی‌و لە سەردەم بێ‌بەری هێزە داگیرکەرە کۆنەپەرستەکان، لە ناوخۆی کوردستانو بەناوی حیزبی کوردی‌یەوە کۆمەڵەو هێزو تاقمێك لە فەزای کراوەو ئازادی ئەم ولاتەدا، هەمیشە ویستوویانە هەلەکان بۆ خۆشخزمەتی بە داگیرکەرانو دوژمنانی کورد بقۆزنەوەو جار لەگەڵ جار بیسەلمێنن کە لە دژە کورد دژە کوردترن.

بەم دواییانەی‌و لە کارێکی نامرۆڤانەدا کە دژی هەموو پرنسیبەکانی مافی مرۆڤو پەیماننامەکانی تایبەت بە دیلی جەنگە، کۆماری ئیسلامیی ئێران شەش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە زیندانە رەشەکانی خۆی‌و لە دوای نزیك بە ٧ ساڵو نیو ئازارو ئەشکەنجە، بە ناوەکانی ١ـ ئەرشەد رەزایی، ٢ـ محەممەد عەزیز قادری، ٣ـ عەدنان ئیسماعیلی، ٤ـ مەعرووف سوهرابی، ٥ـ یونس محەممەدپوور، ٦ـ موزەفەر کازمی ئیعدام کرد.

شایانی باسە ئەم پۆلە پێشمەرگەیە حەوت ساڵو نیو بەر لە ئێستاو لە رێکەوتی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦، لەلایەن چەکدارەکانی "بزووتنەوەی ئیسلامی" لە کوردستانی عێراق تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درابوونەوەو بەم کارەیان پەڵەیەکی نەنگی دیکەیان لە تەوێڵی مێژووی خۆیان دا.

ئێمە کۆمەڵێك لە (قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین) کە ناوو واژووەکانمان لە خوارەوە هاتوە، ئەم کارە پرۆتستۆ دەکەینو داوا دەکەین کە بەڕێوەبەرانی ئەم پیلانە نامرۆڤانەیە ریسواو دادگایی بکرێنو بزووتنەوەی ئیسلامی لە یەکێك لە لایەنەکانی ئەم تاوانەیە، لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێ.

داواکارین بەدەم ئەم بانگەوازەمانەوە بێنو بۆ جارێکی دیکە رەشەکوژی‌و کورد کوژی لەقاو بدەن.

❊❊❊

جێگای سەرنجە کە هەزاران خوێندکار ئەم داوانامەیان ئیمزا کردوە.

# وتووێژ لەگەڵ
# کاک سەعیدخانی هومایوون

**پێشەکی:**
**سەعیدخانی هومایوون دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە سەفەرێك دا کە بۆ کوردستانی عێراقی کرد، دیدارێکی دوو ڕۆژەی لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزب بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادەو ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و ڕێبەرایەتیی حیزب هەبوو. لەو دەرفەتە گونجاوەدا، دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب بە باشی زانی کە وتووێژێك لەگەڵ ئەم کەسایەتی‌یە ناسراوەی کورد پێك بێنێ. ئەم وتووێژە ئەوکات لەبەر باری ئەمنییەتیی خوالێخۆشبوو سەعیدخان، بڵاو نەکرایەوە. بۆیە ئێستاو پاش کۆچی دوایی ئەو بەڕێزە دەقی وتووێژەکە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو دەکەینەوەو سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.**



**پ: کاک سەعید هومایوون، یەکێکە لە یادگارەکانی کۆمەڵەی (ژ ـ ك)و کۆمارە ساواکەی کوردستان. بە دڵ بەخێرهاتنت دەکەین‌و پێمان خۆشە وەکوو یەکەم پرسیار، داوات لێ بکەین، چۆن بووی بە ئەندام؟ بۆمان باس بکەی‌و چ بیرەوەری‌یەکتان لەسەر کۆمەڵەی (ژ ـ ك) هەیە؟**

و: لە پێش دا سوپاستان دەکەم‌و شوکری خودا دەکەم کە ئەو فورسەتەم پەیدا کرد، پاشماوەیەکی زۆر، بێم‌و ئێوەی خۆشەویست‌و ئازیزم ببینم. لە ساڵی١٣٢٢دا واریدی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) بووم‌و تیبقی ڕەواڵێکی کە لە کۆمەڵەی (ژ ـ ك)ی مەعلووم بوو، دەبوو هەر یەك نەفەر ئەندامی تازە، دوو نەفەر زیاتر نەناسێ، کۆمیتەکان سێ نەفەری بوون. من‌و ڕەحیم ئاغای سەیفی قازی پێکەوە چووینە کۆمەڵەی (ژ ـ ك)و بووینە عوزو و سوێندمان خوارد، ئەو وەختە ٧ سوێندمان خوارد کە خەیانەت بە کوردستان‌و ئەفرادی حیزبی نەکەین، نهێنی‌یەکانی حیزب بڵاو نەکەنەوە. ئێمە ئەو سوێندانەمان خواردو هەریەکی نێوێکی فەرعی (نێوێکی نهێنی‌یان) بۆ دانایین. ڕەحیم ئاغای سەیفی قازی، نێوی "ئۆگر"یان دایە، نێوی منیشیان دانا بە "ئاگر". نێوی فەرعیی من "ئاگر" بوو.

**پ: بەڵێ زۆر سوپاس. من ئەوەندەی ئاگادار بم، مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی شتێکی سەبارەت بەو ئاگرە، بەو نێوە نهێنی‌یەی جەنابت باس کردوە، شێعرێکی گوتوەو لە واقیع دا، پێم خۆشە ئەگەر چیت لەبەرە لەو شیعرەش ئەوەمان وەکوو یادگارێك بۆ بخوێنەوە؟**

و: مامۆستا هەژار بۆ نەورۆزی ساڵی ٢٣، نامەیەکی بۆ من نووسیبوو، تەبریکی جێژنی نەورۆزی پێم گوتبوو و، نووسیبووی:

ئاگر بەبێ تۆ بێ‌تین وەك ڕەژیم
وەك ئاگرپەرست بێ تۆ چۆن دەژیم
ئومێدی رووت‌و هەویای بێ‌نەوای
زستان بۆ هەژار لە باتیی کەوای
دارای ژیانی خۆش‌و درێژ بی
دوور لە تاریکی‌و هەورازو لێژ بی

**پ: کاک سەعیدخانی هومایوون ئەگەر دەکرێ چۆنیەتیی گۆڕانی (ژ ـ ك) بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانمان بۆ باس بکە؟**

و: عەرز دەکەم لە سەفەری دووهەمی مەرحووم پێشەواو هەیئەتی نومایەندەگیی کوردەکان بۆ باکۆ، میر جەعفەر باقرۆف، عەرزی پێشەوای کردبوو کە ئێوە کە دەتانەوێ لە ئێران جوێ نەبنەوەو حکومەتێکتان ئەوێ لە داخلی ئێران دا ئەلعانەکە ئەو نێوەی کۆمەڵەی (ژ ـ ك)و ویستی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) ئیعلامی جوودایی‌یە لە ئێران. چون ئێمە لە شەرایەتێکی وا دانین کە بتوانین کۆمەگێکی زۆر موئەسیرتان بکەین، ئێوە ئەگەر پێتان مەسڵەحەت بێ، دەتوانن نێوی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) بگۆڕن‌و، لەو تەریقەوە ئێوە کارەکانتان بەرنە پێشێ‌و ئیستیفادە بکەن کە هەم حکوومەتی ئێرانیش بۆی قابیلی تەحەمولتر بێ‌و هەم ئێمەش ئەگەر لە شەرایەت‌و ئەوزاع‌و ئەحواڵێك دابین، بتوانین کۆمەکی‌یەکتان پێ‌بکەین. مەرحوومی خاڵیشم لە سەفەری باکۆ کە گەڕایەوە، پێشنیهادی کرد بۆ گۆڕینی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) بە حیزبی دێمۆکرات. ئەگەرچی موخالیفینێکیش هەبوون کە پێیان خۆش بوو هەر بە نێوی (ژ ـ ك) بمێنێ، ئەما بە ئەکسەرییەت قەبووڵیان کرد کە حیزبی دێمۆکرات تەشکیل ببێ، یانی بێتە جێنشینی دەنا هەر ئەو تەشکیلاتە بوو.

**پ: دیارە هەر ئەودەم پێشەوا دەرکی مەوقعییەتی زەمانی‌و مەکانیی خۆی کردوە. دەرکی مەوقعییەتی جوغرافیای سیاسی (ژێئۆپولیتیك)ی خۆی کردوە لە مەنتەقەدا، لە کوردستان لە چ حاڵ‌و هەوایەك دا بووە لەگەڵ جیرانەکانی. ئەو ئەستەم بوونی شیعاری سەربەخۆیی‌و یەکپارچە بوونی چوارپارچەی کوردستانی دەرك کردوە. زانیویەتی بەو شیعارە ڕەنگە دوژمنانێکی زۆرمان بۆ پەیدا ببێ، وەکوو میللەتێکی زەعیف بۆشمان ناچێتە سەرێ، هاتوەو شوعارێکی بڵێین ڕۆژی هەڵگرتوە کە ئیمکانی تەحەقوقی ببێ. بەڵام، هەر ئێستاش هێندێ کەس ڕەنگە باوەڕیان وابێ کە ئەگەر (ژ ـ ك) مابایە، (ژ ـ ك) بمێنێ، یان ئەگەر دیدی (ژ ـ ك) زیندوو بێتەوە باشترە. ئایا بە بڕوای جەنابت خودی گۆڕانی (ژ ـ ك) بە حیزبی دێمۆکرات بازدانێکی واقیع بینانەتر نەبوو بە نیسبەت مەوازیعی سیاسیی ئەوکات‌و ئێستاش؟**

و: بە عەقیدەی من‌و بە عەقیدەی هەر کەسێکی کە لە چوارچێوەی هەل‌ومەرجی ڕۆژدا فیکر بکاتەوە، ئامانجی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) تەحەقوقەکەی زۆر زەحمەت بوو، عەلەل خوسووس بۆ دەورەیەکی کە ئێمە بێجگە لە ئێران‌و عێراق‌و تورکیە دوو موخالیفی زۆر گەورەو سەرسەختیشمان هەبوون کە ئامریکاو ئینگلیس بوون کە پێیان وابوو دەوڵەتی شوورەوی پشتیوانی لە ئێمە دەکا، ئێمەشیان فیدای مەساڵحی خۆیان کردبوو، کە بەربەرەکانێ‌یان لەگەڵ دەوڵەتی شوورەوی دەکرد. دەوڵەتی شوورەوییش لەو شەرایەت‌و ئەوزاع‌و ئەحواڵەدا ئەوەندە زەعیف ببوو کە بێجگە لە باری مەعنەوی نەی‌توانی بە عەمەل کارێکی وا لەگەڵ ئێمە بکا، کۆمەکێکی وامان بکا کە ئێمە بتوانین لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین. بەس بە عەقیدەی من چاکترین کار ئەوە بوو کە ئێمە لەو شەرایەتی سەنگینی پێشووتر بێینە خوارێ‌و دەرکی مەوقعییەت‌و شەرایەت‌و ئەوزاع‌و ئەحواڵی ڕۆژ بکەین، جا بۆ ئەوە ئەمن پێم وایە گۆڕینی نێوی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) بە حیزبی دێمۆکرات کارێکی زۆر حیسابی‌و ئاقڵانە بوو.

**پ: کاک سەعیدخانی هومایوون، هێندێ کەس باس لە بەستراوەیی یان بڵێین وابەستە بوونی کۆماری کوردستان بە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو یان ئیتیحادی جەماهیری شوورەوی دەکەن، پێم خۆشە لەو بارەیەوە چ تان لەبیرە بۆمان بگێڕنەوە؟**

و: عەرزت بکەم، ئەوە بە هەڵە ئەو کەسانە فکر دەکەنەوە، چونکوو دوور لە مەسائیل‌و مەوقعییەتی ئەو ڕۆژە بوون، دەوڵەتی شوورەوییش‌و دەوڵەتی ئازەربایجانیش پێیان خۆش نەبوو کورد بۆخۆی تەشکیلاتێکی سەربەخۆی هەبێ، ئەوان حەولی ئەوەیان دەدا کە ئێمە هەر جوزوی ئازەربایجان بین‌و حەتتا لە جەلەسەیەك کە لە باغی گوڵستان، جێگایەکیان هەبوو بە نێوی "مەدەنیەت ئێوی" "خانە فرهنگ"، لەوێ ڕۆژێك مەرحوومی خاڵم قازی محەمەدو محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی، لە کوردستانەوە بانگ کرابوون، هەیئەتی وەزیران‌و هەیئەتی مەجلیسی ئازەربایجان‌و ژێنراڵ ویس‌و کۆنسولی شوورەوی بە نێوی قولی ئۆف، ئەوانەش لەو جەلەسەیەدا بوون، ئەو مەسەلەیەیان هێنایە گۆڕێ. پیشەوەری قسەی کرد، زۆر بە شاخ‌و باڵی ئازەربایجانی هەڵگوت‌و فلان‌و ئەوانە، وە گوتی ئێمە پێمان خۆشە کە ئێوەش کارێکی وابکەن کە لەگەڵ ئێمە جودای‌تان نەبێ‌و ئێمە پێکەوە بە برایەتی ئەو کارانە بکەین‌و بڕۆینە پێشێ. مەرحوومی قازی هەستا لە جوابی پیشەوەری‌دا گوتی، ئێمە بە برایەتیی ئێوە ئیفتیخار دەکەین، فەقەت مەسەلەی ئێمەو ئێوە مەسەلەی کوردستان‌و مەسەلەی ئازەربایجان فەرقیان یەکجار زۆرە لەگەڵ یەکتری، ئێمە بۆ ئازادیی میللەتی خۆمان هەتا ئەلعان هەزاران نەفەر قوربانیمان داوە، ئێوە هەر کارێك کردووتانە فەقەت بۆ مەشرووتییەتی ئێران کردووتانە. سەتارخان‌و باقرخان‌و شێخ محەممەدی خیابانی کە ئێوە ئیفتیخاری پێوە دەکەن، ئیفتیخارەکەی ئەوان ئەوەندە بوو کە بۆ مەشرووتییەتی ئێرانیان کردوە. ئێمە بۆ حیفزی ئازادیی میللەتی کورد هەتا ئەلعان هەزاران نەفەر قوربانیمان داوە. ئەگەر ئێمە هەر موحتاجی ئەوە بین کە تەبەعییەت لە ئێوە بکەین، بۆ؟ چ زەرەرێکی هەیە تەبەعییەت لە دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران بکەین بۆ ئێمە باشتر ئەوەیە کە بۆ ژێنراڵیان تەرجمە دەکرد قسەکانی ئەو، زۆریان پێ‌ناخۆش بوو ئازەربایجانی‌یەکان، کە بۆ ژێنراڵیان تەرجمە دەکرد، ژێنراڵ ئاوا تەقریبەن سەری دەلەقاند. تەئیدی قسەکانی مەرحوومی خاڵمی دەکرد، ئەما قولی ئۆفی ئازەربایجانی فەوقولعادە زۆری پێ‌ناخۆش بوو، و لە پاشان کە مەرحوومی حسێن خانی سەیفی قازی هەستاو دوای مەرحوومی پێشەوا قسەی کردو وتی ئێمە هەر کارێکی کردوومانە بۆ ئازادیی میللەتی کورد دەی‌کەین‌و ئەگەر هەر قەرار بێ تەبەعییەت بکەین بە قەولی پێشەوا فەرمووی، تەبەعییەت لە ئێران بکەین باشترە، لە پاشان کە ڕووی کردە ژنراڵ کۆنسوڵی شوورەوی وتی: "سەنەڵڵا گۆزیویەر میلم بۆ شەخسی وەخسەلام ئەلله" ئەگەر ئەوەی گوت جەلەسەکە یەکسەر موتەشەنیج بوو، زۆر عەجایب پێیان بەری خوارد کە ئەوە بێ ڕیاکە وەزیری فەرهەنگی ئازەربایجان بوو زۆر بە نارەحەتی هەستاو وتی: ئاغای ژنراڵ سەیفی قازی ئێمە هەمیشە ئێوەمان بە عینوانی برای خۆمان چاو لێ‌کردوەو فلان‌و ئەوانەو تەوەقوعی ئەوەمان نەبوو کە تۆ شتی وا ئەفەرمووی. بەڵێ ئیدی جەلەسەکە موتەشەنیج بوو، هیچ تەرتیب ئەسەرێکیش بە قسەکانیان نەدرا.

**پ: پێم خۆشە پرسیارێکی دیکە بکەم، ئەویش تەئسیرو شوێندانانی کۆمار لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بە گشتی، دیارە دوای کۆماری جەنابت تا ئێرە لە نزیکەوە هەر ئاگاداری بزووتنەوەکانی کورد هەی، ئایا تەئسیری کۆمار لەسەر ئەو بزووتنەوانە تا چ ڕادەیەك بووە، چ بووە؟**

و: وەڵڵاهی بە عەقیدەی من ئەوە دوو جەنبەی هەیە،جەنبەیەکی ئەوەیە کە عیدەیەك لە ئەفرادی کە وەك ئەلعان فکر دەکەن‌و بە چاوی ئەلعان تەماشای ٥٠ی ساڵ لەوەپێش دەکەن، دەرکی مەوقعییەتی ئەوکات ناکەن کە کۆماری کوردستان لە چ شەرایەتێك دا تەشکیل بووەو لە چ شەرایەتێك دا موبارەزەی کردوەو دەورەیەکی چەندە کەمی بووەو کە لەو دەورە کەمەش دا دەتوانم عەرزت کەم کە لەسەر نەهزەتی کوردیی ئەلعانیش تەئسیری زۆر گەورەی بەجێ هێشتوەو مەخسووسەن ڕێبەریی پێشەوا قازی محەمەد کە فکر دەکەم پێشەوا قازی محەمەد ئەو زەمانی کە جمهووریی کوردستانی تەشکیل داوە دەتوانم بڵێم ١٠٠ ساڵ لەپێش میللەتەکەیەوە فکری دەکردەوەو سەد ساڵ زووتر بە دنیا هاتبوو. حەتتا دەتوانم ئەوەشت عەرز بکەم کە لە شەرایەت‌و ئەوزاع‌و ئەحواڵی ئێستاش دا لە زۆر مەواریددا فکرو داخوازیی قازی محەمەد باڵاترە. لەو ساوە ئەگەر تەماشای بکەی بەڵێ، ئەما بە دیدی واقعییەت تەماشای بکەی، دەزانی کە کۆماری کوردستان بناغەدانەری ئەوەڵین کۆمارو جمهووری‌یەك بووە بە ناوی کوردستان، تەشکیل بووەو لە تاریخیش‌دا، لە مێژووش دا هەر دەمێنێ‌و تەئسیریشی لەسەر ئەوزاع‌و ئەحواڵی ئەمڕۆش‌و دوا ڕۆژی میللەتی کوردیش دا هەر ئاشکراو ڕووناکە.

**پ: دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران چۆن دەبینن. دیارە لە نزیکەوە جەنابتان هەروەکوو یەکێك بە بناغەدانەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئاگاتان لە هەڵسوکەوت‌و لە خەبات‌و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە، بەڵام پێمان خۆشە بۆچوونی خۆتان بزانین سەبارەت بە خەباتی حیزب؟**

و: وەڵڵا ڕووی‌هەم ڕەفتە من لە هەڵسوکەوتی حیزبی دێمۆکرات، زۆر ڕازیم‌و بەخسووس ئەلعانیش لە شەرایەتێکی‌دا کە توانیویەتی وێجهەو شەخسیەتی خۆی لە دەرەوەو لەنێو ئەو حیزبانەی کە ئەلعانەکە لە کوردستان دا فەعالییەت دەکەن بپارێزێ، زۆر جێگەی شانازی‌و ئیفتیخارە بۆ میللەتی کوردو زۆر بە چاوێکی ڕێزو ئیحترامەوە من تەماشای ئەو تەشکیلاتە دەکەم.

**پ: کاک سەعیدخانی هومایوون، ئێستا ئەوەی ئێوە بزانن لەنێو خەڵك دا، خەڵك چۆن چاو لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکا؟**

و: خەڵك زۆر بە عەلاقەو ئیحترامەوە چاو لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەکاو زۆر خۆشحاڵە بەوەی کە حیزب هەر فەعالییەت‌و پێشڕەفتێکی وەگیری بکەوێ بەڕاستی میللەتی کوردی پێی خۆشحاڵ‌و ئومێدوارتر دەبێ.

**پ: پێمان خۆشە ئەگەر بیرەوەری‌یەکی تایبەتیت هەیە لە سەردەمی کۆمار، بیرەوەری‌یەکی بڵێین دەگمەن، بیرەوەری‌یەك کە ڕەنگە کەمت باس کردبێ لە جێگایان، پێمان خۆشە وەکوو یادگار ئەگەر بکرێ یان هەر بیرەوەری‌یەك کە بۆخۆت پێت خۆشە باسی بکەی؟**

و: وەڵڵا جا بیرەوەری زۆرەو ئەو بیرەوەرییانەی کە ئەمن هەمە، ڕاجیع بە مەرحوومی پێشەوایە کە لەبیرمە، سەفەرێك کە لە خزمەتی‌دا چووین بۆ خۆی‌و ماکۆ لە ورمێ کە ڕەت بووین، کێوی ئاراراتمان کە لێ وەدەرکەوت (ئاگری)، مەرحوومی پێشەوا فەرمووی: سلاو لە تۆ ئەی ئاگری، سلاو لە شەهیدەکانت، تۆ جێی شانازیی میللەتی کوردی. زۆر مەسائیلی واهەبوو کە مەرحوومی خاڵم دەتوانم عەرز بکەم، زۆر بە دیدێکی ئاواڵەوە تەماشای وەزعی کوردستانی دەکرد. زۆر پێی خۆش بوو کە ئیختیلافاتی عەشایرو، عەشایرو ئەوانە لە کوردستان دا نەمێنێ‌و واقیعەن زەحمەتیشی لەو ڕێگایەدا زۆر کێشاو زۆریش موفەقییەتی لەو ڕێگایەدا وەدەست هێنا کە ئەو هەموو عەشایرە موختەلیفەی پێکەوە لەژێر بیروباوەڕێك دا کۆکردبۆوە. ئەوەندەشم لەبیرە جاری وا هەبوو ئەگەر لە دەوڵەتی شوورەوی یا ئەعمالێکی ئازەربایجانی نیسبەت بە کورد دەیانکرد فلان‌و ئەوانەی دەیکرد، زۆر بە نارەحەتی‌یەوە دەی‌فەرموو:
ڕۆڵە ئێمە زۆرجار دەکەوینە ئەو شەرایەتەی کە دۆست‌و ئاشناو ڕەفیق‌و خەمخوارمان نیە.

**پ: پێم خۆشە یەك شت باس بکەم ئەویش ئەوەیە، ئێوە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ ـ ك) دواییش حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوون. ئێستا چ ئیحساسێکت هەیە کە ڕێرەوانی ئەو حیزبە کە ڕێرەوانی ئێوە وەکوو بڵێین پێش قەراولی بوون، ئێمە وەکوو ڕێرەوانی خۆتان لێرە دەبینن، ئێستاش دەستمان لە خەبات‌و تێکۆشان هەڵنەگرتوە، چ ئیحساسێکتان هەیە؟**

و: وەڵڵاهی ئیحساسی خۆشحاڵی‌و ئیفتیخار دەکەم، لە تەهی دڵەوە ئیحساسی خۆشحاڵی‌و ئیفتیخار دەکەم‌و هەتا وەختێکی واریدی کوردستانی ئەم دیو بووم لە هەر جێگایەك کە پێشمەرگەیەك لێی پرسیوم، هی پارتی‌و یەکیەتیی پێشی گرتووین‌و لێی پرسیوین کە بۆ کوێ دەچن، لە کوێوە دێن، ئیحساسی غوروورو ئیفتیخارم کردوە کە ئەلحەمدولیلا ئێمە لە مەنتەقەیەکین کە حکوومەت بە دەس خۆمانە، لێپرساو و لێپرسینەوە بەدەست کوردە، ئێستاش

بۆ لاپەڕەی ١١

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب
## بۆ بنەماڵەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو
## سەعیدخانی هومایوون



لەگەڵ ڕێزو سلاو

زۆر بە داخەوە ئاگادار بووین کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی هەوەڵی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی کەسایەتیی خۆشەویست و ناسراوی کورد کاك سەعیدخانی هومایوون پاش چەند مانگ دەست‌و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ نەخۆشی‌یەکی سەخت کۆچی دوایی کردوە.

سەعیدخان خوشکەزاو ئاجودانی تایبەتیی پێشەوا قازی محەممەد لە دەورانی کۆماری کوردستان دا تێکۆشەرێکی لەمێژینەو کوردپەروەرێکی بەناوبانگ بوو. ئەو وەك یادگارێکی زۆر بەڕێزو بەوەجی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان‌و پێشەواو سەرکۆمارە شەهیدەکەی لە لای هەموو دڵسۆزانی گەلی کوردو بە تایبەتی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی جێگەو پێگەیەکی تایبەتی بوو. ئەو لە دواترین ساڵەکانی تەمەنی پڕ لە شەرافەت‌و سەربەرزیی خۆی دا هیچ کات پێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات‌و قوتابییانی پێشەوای شەهید نەپچراندو لە پەندو ئامۆژگاری‌یەکانی‌و بە قەولی خۆی لە دوعای خێر بێ بەشی نەکردن.

بۆیە لە دەستچوونی ئەو کەسایەتی‌یە وڵاتپارێزە بۆ تێکوشەرانی دێموکرات بە تایبەتی‌و بۆ هەموو خەڵکی کوردستانیش بە خەسارێکی گەورە دەژمێردرێ. تەنیا بەوە سێبووریمان دێ کە ڕێبازی پێشەوای شەهید کوێر نەبۆتەوە، ئامانج‌و ئاواتەکانی سەعیدخان بەرقەرارو زیندوون‌و خەباتگێڕانی کورد ئامادەی فیداکاری بۆ بەدەستهێنانەوەی شانازی‌یەکانی کۆماری کوردستانن.

بەو بۆنە دڵتەزێنەوە بە ناوی خۆم‌و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی‌و تێکڕای تێکۆشەرانی دێموکراتەوە سەرەخۆشی‌و هاودەردی پێشکێشی ئێوەی بەڕێزو تایفەی سەربەرزی فەیزوڵڵابەگی و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم‌و ئارامی‌و سێبووری بۆ هەموو لایەك بە ئاوات دەخوازم. ئاواتەخوازم ژیانی سەربەرزانەو پربەختیاریی بۆ بنەماڵەو خزم‌و دۆستان‌و سەرجەم گەلەکەی بەجێ هێشتبێ‌و جێگای خۆشی بەهەشتی بەرین و ئامێزی بەزەیی خوا بێ.

سلاو لە گیان‌و یادی خوالێخۆشبوو هومایوون و بە ئاواتی وەدیهاتنی ئاواتە پیرۆزە نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌یەکانی.

برای دڵسۆزتان
عەبدوڵڵا حەسەن زادە
١٣٨٣/٣/٢

# تیئوریسیەنی کەمینە نەتەوایەتی‌یەکان، لەسەر مینبەری خوێن لەنگەر دەگرێ

وەڵامێك بە وتاری حەمیدرەزا جەلایی‌پور، لە ژێر ناوی "راڤەی ئەزموونی کوردستان لە سەرەتای شۆڕش، تراویلکەی فیدراڵیزمو چاوپۆشی لە پلۆرالیزم"

**عیرفان رەهنموون**

**شوناسو پرسی نەتەوایەتی، پرسێکی واقعیو دەرهەستەو نابێ لە تەك "نەخۆشی یان کێشەیەکی کاتی"دا تێکەڵ بکرێ. وەها پرسێك، لەلایەکەوە هەڵقوڵاوی "خودی کۆیی"یەو لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، لە پێوەندییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌یەوە سەرچاوەی گرتوەو لەتەك ریسای "کۆمەڵایەتی بوون"و "لەخۆدەرچوون بەرەو دیتران" پێوەندییەکی راستەخۆو دینامیکی هەیە. کەوابوو، هەرچەشنە هەوڵێکی ساختەچییانە بۆ سڕینەوەی "شێوەی پرس"ەکەو شێواندنو بەلاڕێدا بردنی، بە دڵنیایی‌یەوە پرۆسەیەکی نەزۆك دەبێو مێژووی مرۆڤ لە سەرانسەری سەدەی بیستەمدا ئەو راستی‌یەی سەلماندوەو ئەم "پرسە" هەنووکەش ـ لە سەدەی بیستو یەکەمدا، پاڵ بە چەرخەکانی مێژووەوە دەنێو وزەو تەوژمێکی نوێی پێدەبەخشێ.**

ڕێژیمی پەهلەوی ـ ڕێژیمێك کە هەرەسهێنەری یەکەمین کۆماری کوردستان بوو ـ هەوڵی دەدا کە پرسی "کوردو کوردستان" لە تیئۆریی ساختەی "پان ئێرانیستی ـ پان فارسیستی ـ ی خۆیدا بتوێنێتەوە. دژکردەوەی نەتەوەی کورد بەو پرۆسە ئەهریمەنی‌یە، راپەڕینە بەشکۆو چەکداری‌یەکانی ٤٧ ـ٤٦ ی خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە "دوورگەی ئارام"ی ڕێژیمی پەهلەوییان شڵەژاندو لە ئاکامدا، لە شۆرشی شکۆداری گەلانی ئێراندا، گەلی کورد شانبەشانی گەلانی دیکەی ئێران، سیستمی سەرەڕۆیانەی پاشایەتی‌یان تێکەوە پێچا.

ئەزموونی ئەم ٢٥ ساڵەی دوایی، دەریدەخات کە مامەڵەو هەڵسوکەوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەتەك "پرسی نەتەوایەتیو شوناسی کورد" لە کوردستانی ئێراندا، لە بەراورد لەگەڵ ڕێژیمی پێشوودا، ئاڵۆزتر، ساختەچییانەترو توندوتیژتر خۆی نواندوە. چونکە ئەم ڕێژیمە ئازادی‌کوژە، میراتگری تەواوی ئیستراتیژیو تاکتیکەکانی ڕێژیمی پێشووەو، جیا لەوەش، بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی وەك چەمکە لاهووتیو بایەخە ئاسمانی‌یەکان، تا ئێستا بۆچوونو روانگە راسیستیو پان فارسیستی‌یەکانی خۆی لە ژێر ئەو دەمامکە ساختەیەدا شاردۆتەوە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین کە ئاوڕێکی کورت لە وتاری "حەمیدرەزا جەلایی‌پوور" بدەینەوە، لە ژێر ناوی "راڤەی ئەزموونی کوردستان لە سەرەتای شۆڕش، تراویلکەی فیدراڵیزمو چاوپۆشی لە پلورالیزم ـ کە لە سیمیناری "شوناسی ئێرانی"، تاوتوێکردنی رۆڵی نەتەوەکان لە بەشی میزگردی پەرەئەستاندنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی نەتەوە ئێرانی‌یەکان، دوورە دیمەنو میکانیزمەکانی، کە لە ساختمانی وەزارەتی نێوخۆدا خوێندی‌یەوە.

ئاغای جەلایی‌پوور، لەسەرەتای ئاخافتنەکەیدا دەڵێ: "ئەگەر بمانەوێ ئەزموونی کوردستان تاوتوێ بکەین، وەها ئەزموونێ لەژێر چ چەمکێکدا خۆی دەبینێتەوە؟ بەڕای من، ئەزموونی کوردستان لەو ساڵانەدا، دەبێ لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کورد"دا تاوتوێ بکرێ کە "سەری هەڵداو شکستی هێنا". وەبیر ئاغای جەلایی‌پووری کۆمەڵناس! دێنینەوە کە "بزاڤی کۆمەڵایەتی" ئەگەر بزاڤی کۆمەڵایەتی، بە مانا تایبەتو کۆمەڵناسانەکەی بێ، هیچ کات تووشی "شکستو دارمان" نابێ. چونکە هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی، سەرچاوەگرتوو لە پێوەندیو پێداویستی‌یە ئۆبژکتیڤ، مادیو واقیعی‌یەکانەو، تا گەیشتن بە ئامانجە داڕێژراوەکانی خۆی، بەرەوپێشەوە هەنگاو دەنێو دانامرکێ. هەڵبەت، رەنگەو لەوانەیە کە بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بەرەو لاوازی بچێو یان بەسەرنجدان بە هەلومەرجی "کات"و "شوێن" بە میتۆدەکانی خەباتو میکانیزمەکاندا بچێتەوەو تەنانەت ئاڵوگۆڕیان تێدا پێك بێنێ، بەڵام لە روانگەی زانستی کۆمەڵناسی‌یەوە، "شکست" بۆ بزاڤێکی کۆمەڵایەتیی واقیعی گوزارەیەکی ناڕاستو پارادۆکسیکاڵە.

ئاغای کۆمەڵناس!!! لە بەشێکی دیکە لە چەواشەکاری‌یەکانی‌دا دەفەرموێ "ئەم دوو حیزبە (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵە) توندترین تێکهەڵچوونیان (بە پشتبەستن بە تاکتیکەکانی بۆسەنانەوە، مین دانانەوەو تیرۆر لە سەر رێگای هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی) لە ناوچەکەدا دروست کردو لە بەرامبەریش‌دا هێزە چەکدارەکان بە توندی بەرپەرچی پێشمەرگەکانی ئەم دوو حیزبەیان دایەوە. لە ئاکامدا زیاتر لە ٤ ساڵ (لەباتی لەنێوچوونی ستەمی نەتەوایەتی) خەڵکی کورد لە ترسو وەحشەتدا ژیانیان بەسەر برد. هەر چەند لە سەرەتای شۆڕشدا خەڵك پشتیوانییان لەم دوو حیزبە دەکرد (هەر بەم هۆیەوە ناوی "بزاڤ"م لێناوە) بەڵام بە درێژەکێشانی شەڕو بەگران تەواو بوونی

> **تیرۆر، ترساندنو توندوتیژی، کالاْیەکی دزێو پڕ بە پێستی باڵای نارێكو خوارو پێچی کۆماری ئیسلامیو کاربەدەستە وردو درشتەکانیەتی**

پشتیوانیی خەڵك لێیان، ئەم دوو حیزبە پێگەی جەماوەرییان نەماو پەنایان بردە نێو خاکی عێراق".

لە وەڵامی تیئۆریسیەنی کەمینە نەتەوایەتی‌یەکان!!! دا ئاماژە بە سێ خاڵ بە پێویست دەزانین: یەکەم، هەموان دەزانن کە تیرۆر، ترساندنو توندوتیژی، کالاْیەکی دزێو پڕ بە پێستی باڵای نارێكو خوارو خێچی کۆماری ئیسلامیو کاربەدەستە وردو درشتەکانیەتی. دووهەم، بەرخۆدانی چەکدارانە بەسەر خەڵکی کوردستانو بزاڤە ئازادیخوازانەکەی دا سەپێنراوەو ساڵەهایە کە بزاڤی میللی ـ دیموکراتیکی کوردستان، خەباتی چەکدارانەی بە "بەرخۆدانی رەوا" ناودێر کردوە. سێهەم، داوەری لەمەڕ رستەی "بەدرێژەکێشانی شەڕو بەگران تەواوبوونی پشتیوانیی خەڵك لەو هێزانە، ئەم دوو حیزبە پێگەی جەماوەرییان نەماو پەنایان بردە نێو خاکی عێراق" دادەنێین بۆ خوێنەرانی هێژاو تەنیا ئەو نوکتەیەی پێ‌زیاد دەکەین کە: بەچڕبوونەوەی سەرکوت، زەبروزەنگو داپڵۆسین کە تەنیا دیاریی کۆماری ئیسلامی لەو ساڵە تاریكو دژوارانەدا بوو، ئەوەشی لێ‌کەوتەوە کە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان نەتوانن بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بزاڤی میللی ـ دیموکراتیکی خۆیان پشتیوانی بکەنو لەو فەزا پۆلیسی‌یەدا، پەنا بەرنە بەر خەباتی تەشکیلاتیو ژێرزەمینی. پشتیوانیی هەمەلایەنەو بێدریغی کۆمەڵانی لەخۆبردووی کوردستان لە خەباتکارانی رێگای ئازادی، بە درێژایی ٢٥ ساڵ دەسەڵاتی ئەهریمەنانەی کۆماری ئیسلامی، بەڵگەیەکی روونتاکترو بەهێزترە لە هەتاوی زێڕینو پێویستی بە شی‌کردنەوەو بەڵگە هێنانەوە (استدلال) نیە.

جەلایی‌پوور، لەبەشی یەکەمی وتە نادروستەکەی دا بە پشتبەستن بە تکنیکی سەفسەتە، "هەرەسهێنانی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان" جاڕ دەدا،و لە بەشێکی دیکەی ژاوەژاوەکانی‌دا، ژێستێکی بیرمەندانە بەخۆوە دەگرێو ئەم پرسیارە بێ‌ناوەرۆکە دێنێتە گۆڕێ کە (بۆچی ئەم بزاڤە قومی [!!!]یە شکستی هێنا؟) ئەو پیاوە ماقووڵە لە وەڵامی "هۆی شکستی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد"دا دەڵێ "بۆچ ئەم بزاڤە نەتەوایەتی‌یە شکستی هێنا؟ لە نێوان هۆکارە جۆراوجۆرەکاندا، یەکێ لە سەرەکی‌ترین هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی ئیستراتیژیکی دوو حیزبی دیموکراتو کۆمەڵە (کە ئەو کات رۆڵی هێزی سیاسیی رێنمایی‌کەریان دەگێڕا). ئەم دوو حیزبە وایاندەزانی لە بەر ئەوەی کە دەوڵەتی ناوەندیی پێشوو (حکوومەتی شا) هەرەسی هێناوەو چونکە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تازەکارو بێ‌هێزە، کەواتە بۆشایی دەوڵەت لە کوردستاندا هەست پێ‌دەکرێو دەوڵەتی نوێ، ناتوانێ کۆنترۆڵی دووبارەی کوردستان بەدەستەوە بگرێ، بەتایبەت کوردستانێ کە زۆربەی پادگانو پاسگاکانی ژاندارمێری لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتو کۆمەڵەوە داگیر کراوەو چەکەکانی بەتاڵان براون. لەبەر ئەوە ئەم دوو حیزبە ساویلکانە بیریان دەکردەوەو وایان دەزانی، چونکە کوردن، دڵی هەموو کوردێکی کوردستانیان لەگەڵەو چونکە تەنیا دەسەڵاتی سیاسی ـ نیزامیی ناوچەکەن، کەواتە بەکردەوە خودموختارییان وەرگرتوەو تەنیا دەبێ چاوەڕوانی بەرەسمی ناسرانی لە لایەن حکوومەتی ناوەندی‌یەوە بن. بە پێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە بوو کە دوو حیزبی کۆمەڵەو دیموکرات، خۆشباوەڕانە خەریکی چەسپاندنی ئیستراتیژیی خودموختاری بوون، ئەویش بە پشتبەستن بە چەكو توندوتیژی".

بۆ ئاگاداریی ناوبراو، لەو سەردەمەدا، رێبەرایەتیی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان لە ژێر چاوەدێری بەڕێوەبەرێکی زانا ـ دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو ـدا بوو کە کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بوو،و بەهۆی ئاشتیخوازیو هزرڤانی‌یەوە، بە "پێغەمبەری ئاشتیو مامۆستای دێموکراسی" ناسراو، لە سەرەتای شۆڕشدا ـ واتە کاتێ کە ئاغای جەلایی‌پوور، لاوێکی بێ‌ئەزموون بوو،و لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بوورسی خوێندن لە ئینگلستانی بۆ وەرنەگیرابوو،و نازناوی "تیئۆریسیەنی کەمینەکانی ئێران!!! یان بەسەردا نەبڕیبوو، ئەو رێبەرە هەمیشە زیندوە لە میتینگی ئاشکراکردنی چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رێکەوتی (١١ی رەشەمەی ٥٧) لەبەرامبەر بیروڕای گشتیی کوردستان، ئێرانو جیهاندا رایگەیاند "کێشەی کورد رێگاچارەی نیزامیی نیە".

هەڵبەت، ئاغای جەلایی‌پوور وەئاگا دێنینەوە کە وتەکانی دوکتور قاسملوو نەشێوێنێ، چونکە لەگەڵ ئەوەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی قووڵی بە دیالۆگو چارەسەری ئاشتیخوازانەو دیپلۆماسییانەی کێشە مشتومڕ خولقێنەکان هەیە، بەڵام خەباتگێڕانی کورد رێگا نادەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەست ئاوەڵاوی‌یەوە خەڵکی کوردستان شەڵاڵی خوێن بکا. چونکە بزاڤی میللی ـ دیموکراتیکی کوردستان لە رابردووو لە ئێستاش‌دا "بەرخۆدانی رەواو، بە پێی یاساو رێسا گشتگیرەکانی مافی مرۆڤ" بە مافی بێ‌ئەملاوئەولای خۆی دەزانێو لە هەلومەرجێکدا کە گیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەوێتە مەترسی‌یەوە، ئامادەی هیچ چەشنە چاوپۆشی‌کردنێك نیەو دەست لەسەر دەست دانانێ.

ناوبراو لە بەشێکی وتەکانی خۆیدا، راڤەیەکی چەواشەکارانە لە وتە بەنرخەکانی "ئلکسیس دووتوکویل"، لە پێوەندی لەتەك هەڵسەنگاندنی شۆڕشی مەزنی فەرانسەدا، دەخاتە روو دەڵێ: "... لەوکاتەدا هەڵەی گەورەی ئەم دوو حیزبە [حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە] ئەمە بوو کە سەرنجیان نەدایە وتە بیرمەندانەکەی ئەلکسیس دووتوکویل لەبارەی شۆڕشی فەرانسەوە کە گوتبووی: ئەو دەوڵەتانەی کە لە ئەنجامی شۆڕشەکانەوە پێك دێن، نە تەنیا لاواز نین، بەڵکوو زیاد لە ئەندازە بەهێزن. چونکە ئەو بە ملیۆنان خەڵکەی کە شۆڕش دەکەنو حکوومەتی پێشوو لە نێودەبەن، دەبنە پشتیوانی بێ‌ئەملاوئەولای حکوومەتی شۆڕشگێڕو تازە بونیادنراو. کەواتە کۆمەڵەو دێموکرات لە ئاکامی تێکهەڵچوون لەتەك دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی‌دا (بە ئومێدی چەسپاندنی خودموختاری)، خۆیان لەگەڵ بە ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێران دەرگیر کرد. بەم شێوەیە دەوڵەتی ئێران نەچووە ژێرباری خودموختاری کە بە هەوڵی بۆ دابەشکردنی ئێران لە قەڵەم دەدرا".

بە چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مێژووی هاوچەرخی ئێران، بەرنامەو گوتاری ئەو هێزە خەباتکارانەی کە شۆڕشی گەلانی ئێرانیان بەدی هێنا، بۆمان روون دەبێتەوە کە کۆماری ئیسلامی هەڵقوڵاوی شۆڕشی گەلانی ئێران نەبوو، بەڵکوو لە راستی‌دا ئەو ڕێژیمە، بەرهەمی خەباتو فیداکاریی گەلانی ئێرانی لە رێگای کودیتایەکی خشکەیی، خوێنینو نادیموکراتیکەوە بە تاڵان بردو هەموو میکانیزمەکانی دەسەڵاتی سیاسی ـ ئابووریی وڵاتی لە دەستی خۆیدا پاوان کرد. وتە زانستیو بیرمەندانەکەی ئەلکسیس دووتوکویل باس لە دەوڵەتو ڕێژیمێك دەکا کە نوێنەرو نوێنگەی راستەقینەی شۆڕش بێ، نەك کۆمەڵێ کودیتاچیی کۆنەپەرست، چەواشەکارو خوێنمژ. لەلایەکی دیکەوە، هەموو گەلانی ئێران بەگشتیو گەلی کۆڵنەدەرو خەباتکاری کورد بە تایبەتی، نەتەنیا پشتیوانی بێ‌ئەملاوئەولای ڕێژیمی ئیسلامی نەبوون، بەڵکوو هەر لەسەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕێژیمەوە، لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی مەزهەبییان رەت کردەوە. چونکە ئامانجی خەڵکی کورد لە هەرەسپێهێنانی ڕێژیمی پەهلەوی ئەوە نەبوو کە ڕێژیمێکی سەرەڕۆتر لە باتی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ بە دەسەڵات بگەیەنن، بەڵکوو ئامانج لەو هەموو فیداکاری، لەخۆبوردوویی‌و خەباتە شێلگیرانەیە، دیاریکردنی چارەنووسیان بوو لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد، پلۆرالو دیموکراتیکدا. بە پێچەوانەی وتە چەواشەکارەکانی ئاغای جەلایی‌پوور، بزاڤی میللی ـ دیموکراتیکی کوردستان، هیچکات نە لە تیئۆریو نە لە پراکتیکدا خۆی بە دوژمنی خەڵکانی ئێران نەزانیوەو بەگژیاندا نەچووە، بەڵکوو هەمیشە بانگی هاوپێوەندیی گەلانی ئێرانی بەرز کردۆتەوەو دروشمی ئیستراتیژیکی "دێموکراسی بۆ ئێران" بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو هەقیقەتەیە. هەموان ئاگادارن، دوای ئەوەی کە حکوومەتی ناوەندی ئامادە نەبوو داخوازی‌یە رەواو دێموکراتیکەکانی بزووتنەوەی کوردستان بەڕەسمی بناسێ، ئەو بزووتنەوەیە، بەرگریو بەرخۆدانی رەوای هەڵبژاردو کوردستانی ئێرانی کردە گۆرستانێکی پانو بەرین بۆ پاسدارانی ستەمو تاریکی.

تیئۆریسیەنە گەورەکە! لە کۆتایی قسەکانی‌دا بەنابەدڵی دان بەوەدا دەنێ کە لە کوردستاندا "بەرخۆدانێکی کۆمەڵایەتی"بوونی دەرەکی هەیە، بەڵام

> **دوای ئەوەی کە حکوومەتی ناوەندی ئامادە نەبوو داخوازی‌یە رەواو دێموکراتیکەکانی بزووتنەوەی کوردستان بەڕەسمی بناسێ، ئەو بزووتنەوەیە، بەرگریو بەرخۆدانی رەوای هەڵبژاردو کوردستانی ئێرانی کردە گۆرستانێکی پانو بەرین بۆ پاسدارانی ستەمو تاریکی.**

ئەم جارە لەباتی تیئۆری‌یە نابەجێ‌یەکانی لەسەر مینبەری وعزو نەسیحەت دادەنیشێو ئارمانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە "تراویلکە" دەشوبهێنێو پەندی رووناکبیرانی کورددا دەداو کە لە دەوری ئەو "تراویلکە"یە کۆ نەبنەوەو دڵی پێ‌خۆش نەکەن. ناوبراو چەواشەکارانە زاراوەی خودساختەی "پلورالیزمی ئارام" پێشنیار دەکا، زاراوەیەك کە مرۆڤ دەخاتەوە بیری زاراوەی گاڵتەجاڕانەی "آرامش فعال"ی ریفۆرمخوازە دەوڵەتی‌یەکان. ئەگەر تەواوی کتێبەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵاتو هەموو بەشەکانی زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان بپشکنیو لاپەڕەکانی هەڵدەیەوە، چاوت بە "زاراوەی خودساختەی جەلایی‌پوور" ناکەوێ. ناوبراو لە کۆتایی ژاوەژاوەکانی خۆیدا بەم چەشنە دەدوێ: "دڵسۆزانو رووناکبیرانی کورد، دڵیان بەوە خۆش نەکەن کە بەچڕبوونەوەو پەرەسەندنی زیاتری پرۆسەی "بەجیهانیبوون" دەتوانن "فیدرالیزمی کوردی" لە ئامێز بگرنو لەو رێگایەوە بۆ پەرەئەستاندنی راستەقینەی کوردەکان هەنگاو هەڵبهێننەوە، نووسەر ئەم "تراویلکە"یەی لە وتارێکی جیادا خستۆتە ژێر رەخنەوە. ئەزموونی "فیدرالیزم" درێژەی پرۆسەی خودموختاری‌خوازیی سەرەتای شۆڕشە کە پێشتر شکستی هێنا. ئەگەر دڵسۆزانو رووناکبیرانی کورد لە سەرەتای شۆڕشدا، لە باتی بەدواداچوونی داخوازەکانیان لە رێگای "خودموختاری یان فیدرالیزم"ەوە، ویستو داخوازی‌یەکانی خۆیان لە چوارچێوەی پلورالیزمی ئارامدا دەهێنایە گۆڕێ، رەنگ بوو ئاستی پەرەسەندنی کوردستان زیاتر لە هەلومەرجی ئێستا بایە".

ئاغای جەلایی‌پوور، لە قسەکانی‌دا ئارمانجی خەڵکی کوردستان بە "تراویلکە" ناودێر دەکا، لە حاڵێکدا "تراویلکە" یەکێك لە هەڵەکانی "ئیدراك"و بزوێنەری سەرکیی وەها هەڵەیەك، چڕبوونەوەی نیازو پێداویستی‌یە فیزیولۆژی‌یەکانە. باوەڕهێنان بە هەقێکی سروشتی بە ناوی "مافی دیاریکردنی چارەنووس"ی گەلانی بندەست "تراویلکە" نیە، چونکە "تراویلکە" هەڵەیەکی "ئیدراك"ی‌یەو مافی دیاریکردنی چارەنووس "ماف ـ هەق"و لە "ئازاد بوون"و "مافی بە ئازادی ژیان"ی مرۆڤەوە سەرچاوەی‌گرتوە. هەڵبەتە بەڵگەنەویستە کە "نەتەوەی باڵادەست" بۆ نائومێد کردنو بێ هیوا کردنی "نەتەوەی بندەست" لەم وشەو رستە بێ‌نێوەرۆكو نازانستییانە کەڵك وەرگرێ. مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی بندەست، پڕە لەو تیئۆری‌یە خوارو خێچو نازانستییانەو لێوانلێوە لە گوتاری شۆڤێنیانەی نەتەوە باڵادەستەکان.

**بۆ ئاگاداریی ئاغای کۆمەڵناس!!! لە پێوەندی لەتەك کارلێكو کاردانەوەی پرۆسەی "بەجیهانیبوون"، لەسەر نەتەوە بندەستو بێ‌دەوڵەتەکان، دەتوانین ئاماژە بە دوو بابەت بکەین، یەکەم، پێکهاتەی حکوومەت کە رەنگە لەسەر بناغەی فیدرالیزمی نەتەوەییو ئیداری بێ یان لەسەر بناغەی سیستمێکی شۆڤینیستیی ناوەندگەرا، دووهەم، جۆری حکوومەتەکانە لە روانگەی یەکانگیرییان لە تەك چەمکگەلێکی وەك مافەکانی مرۆڤ، پلۆرالیزمو . . . یان نایەکانگیرییان لەگەڵ ئەو چەمکانەدا. بەجیهانیبوونی گوتاری مافەکانی مرۆڤ، ئازادی، دیموکراسی، پلۆرالیزمو مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەك لایەنە "نەرم‌ئەفزاری‌یەکان"و شۆڕشی ئینفۆرماتیك کە لایەنە "سەخت‌ئەفزاری"یەکەی بە جیهانیبوونە، ژێرخانو سەرخانی دەوڵەت ـ نەتەوە، وەك پێکهاتەیەکی کلاسیكو نەریتی کە پاشماوەی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی زاڵ بەسەر شەڕی ساردە، تووشی قەیرانی ریشەییو پێکهاتەیی کردوە. لەم روانگەیەوە، لە پرۆسەی "بەجیهانیبوون"دا زیانی جیددیو قەرەبوو نەکراوە لە بەرژەوەندی‌یە سیاسی ـ ئابووری‌یە نارەواکانی "نەتەوە باڵادەستەکان" دەکەوێو بەستێنێکی لەبار بۆ "نەتەوە بندەستو بێ دەوڵەتەکان" دەڕەخسێنێ کە وەك یاریکەری نوێی سیاسی، کاریگەری لەسەر هاوکێشە ناوچەییو جیهانی‌یەکان دابنێن. هەر لە ئێستاوە سیگناڵو نیشانە ئۆبژکتیڤو دەرهەستەکانی وەها رەوتێك دەدرەوشێتەوەو لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا، روخساری سیاسیی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەوگۆڕان دەبات.**

***

# هەڤپەیڤین لەگەڵ بەڕێز "سایان"،

# داهێنەری تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین(*)

بیری دانانی لەوحی بیرەوەریی قوربانییەکانی جینایەتی میکونووس کە لەودا تیرۆریستەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، سێ کەس لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و نووری دێهکوردییان کوشت، لە ساڵی ١٩٩٣وە لە بێرلین لە گۆڕێدا بوو، بەڵام پراکتیزەکردنی دە ساڵ وەدوا کەوت.لە پشت پەردەی پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئێران‌و ئاڵمان، چ هۆکارگەلێك ئەو کارەیان دە ساڵ وەدوا خست؟

بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا، مەجیدی ڕەوشەنزادە، ڕۆژنامەنووسی ئازادو ئەندامی ڕێکخراوی "هەواڵنێرانی بێسنوور" لە بێرلین، وتووێژێکی لەگەڵ "غیاسەدین سایان" ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی پارلمانی بێرلین پێك هێنا. بەڕێز "سایان" کە خۆی بە ڕەچەڵەك کوردە، یەکەم کەس بوو کە بیری لە دانانی لەوحی بیرەوەری لە ساڵی ١٩٩٣دا کردەوەو لە هەمووی ئەو چەند ساڵەدا زۆر بە جیددی بەدوای ئەو کارەوە بوو. دەقی وتووێژەکە بەم جۆرەیە:

**مەجید ڕەوشەنزادە: ئاغای سایان، دانانی لەوحی بیرەوەریی قوربانییەکانی تیرۆری میکونووس تاڕادەیەك تووڕەیی حکوومەتی ئێرانی لێکەوتەوە کە شووڕای شاری تاران لە دژکردەوەیەکدا، دەستی کرد بە دانانی لەوحی بیرەوەریی قوربانییەکانی چەکی کیمیاویی عێراق لە بەرامبەر سەفارەتی ئاڵمان لە تاران دا. جەنابت وەك ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی پارلمانی بێرلین‌و یەکێك لە داهێنەرانی سەرەکیی دانانی لەوحی بیرەوەریی میکونووس لە پێوەندی لەگەڵ ئەم دژکردەوەیەی ئێراندا چۆ بیر دەکەنەوە؟**

غیاسەدین سایان: من نە تەنیا موخالیفی ئەو کارەی ئێران نیم، بەڵکوو پێشوازیشی لێ دەکەم. بە بڕوای من نابێ ڕێگا بدرێ هیچ کردەوەیەکی جینایەتکارانە لە بیری مێژوودا بچێتەوە. چ لەلایەن ئێرانەوە بێ، چ لەلایەن ئاڵمانەوە. فرۆشتنی چەکی شیمیایی لەلایەن ئاڵمانەوە بە عێراق کە لە شەڕ دژی ئێران بەکار هێنرا، هەر ئەوەندە جینایەتکارانەیە کە تیرۆری میکونووس جینایەتکارانە بوو. ئەوە لەڕاستیدا جینایەت نیسبەت بە بەشەرییەت بوو، بەڵام حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە ئێران دانانی لەوحی قوربانییەکانی چەکی کیمیایی وەك ئامرازێك بۆ بەربەرەکانێ دژی دانانی لەوحی میکونووس، کەڵکی وەرگرت‌و ئەوەش نیشان دەدا کە موخالیفانی دانانی لەوحی میکونووس، موخالیفانی جینایەت نین، بەڵکوو خوێنی لاوانی ئێرانی بۆ ئەوان تەنیا ئەو کاتە بایەخی هەیە کە لەگەڵ هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەواندا بگونجێ‌و لە خزمەت ئامانج‌و بەرنامەکانیاندا بێ. ئەگەر ئەوە نەبا، دەبوو پێش دانانی لەوحی میکونووس کارێکی لەو بابەتەی کردبا.




**پ: چ شتێك بوو بەهۆی ئەوە کە ئێوە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا، مەسەلەی میکونووس بکەنە لایەنێکی سەرەکیی تێکۆشانی خۆتان؟ ئایا مەسەلەکانی دیکەی ئێرانیش تاقیب دەکەن؟**

و: ئەمن پێوەندییەکی قووڵی عاتیفیم لەگەڵ مەسەلەی میکونووسدا هەیە. ڕۆژێك پێش ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە، لە ماڵێك لە شارلوتنبورگی بێرلین لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی، ئەردەڵان‌و چەند کەسی دیکە چاوپێکەوتنم هەبوو، لەو دانیشتنەدا جەلال تاڵەبانی ڕێبەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراقیش ئامادە بوو. بۆیە بۆ من جێگای باوەڕ نەبوو کە ئەو کەسانەی دوێنێ لە ژوورێکدا لەگەڵیان دانیشتبووم، ئەوان زیندوو نەمابن. جگە لەوە، مەسەلەی میکونووس لایەنە سیاسییەکەشی لە چوارچێوەی تێکۆشانی مندا دەگونجا. من بە ڕەچەڵەك کوردم‌و ئێرانیش بە جۆرێك بە وڵاتی خۆم دەزانم‌و بەرامبەر بە چارەنووسەکەی بە پەرۆشم‌و ئۆگرییەکی تایبەتیم پێی هەیە. تێکۆشانی من بۆ دیفاع لە مافەکانی خەڵکی ئێران‌و مافی مرۆڤو دژی دیکتاتۆرییە. ئەوەش تەنیا لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا کورت ناکرێتەوە. لە سەردەمی شاشدا لەگەڵ زۆر چالاکی ئێرانی دژی دیکتاتۆری‌و سەرکوت تێکۆشاوم. ئەو مەسەلەیەشم جارێك لە سەفارەتی کۆماری ئیسلامی ڕوون کردۆتەوە.

**پ: لەگەڵ باڵوێزخانەی ئێران پێوەندیت هەیە؟**

و: چەند ساڵ لەوەپێش، بە پشتیوانی لە خوێندکارانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی چاپەمەنیم بڵاو کردەوەو لەودا سەرکوتی خوێندکارانم مەحکووم کردبووو ناڕەزایەتیی خۆم دەرهەق بەو ڕەفتارەی ڕێژیم دەربڕی. ئەوە بوو بەهۆی ئەوە کە باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە بێرلین من بۆ باس‌و وتووێژ بانگهێشتن بکا، منیش قبووڵم کردو چوومە ئەوێ.

**پ: لە باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیدا چ مەسەلەیەك کەوتە بەرباس؟**

و: لە منیان پرسی کە بۆچی لە هەموو حەرەکەتێکی دژی کۆماری ئیسلامیدا بەشداری دەکەم؟ وەڵامم دانەوە کە سەرکوتی خوێندکاران‌و لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، بۆ من کە چەندین ساڵە تێکۆشانی سیاسیم هەیە، قابیلی قبووڵ نیەو بەردەوام تێکۆشانی خۆشم درێژە پێ دەدەم. ئەوان دەیانگوت کە بزووتنەوەی خوێندکاری بەشێك لە پیلانەکانی ئامریکایە. هەروەها ئەوان دەیانەویست بۆچوونی منیش لەبارەی موجاهیدینەوە بزانن.

**پ: ڕای جەنابت چی بوو؟**

و: من دژی هەر جۆرە توندوتیژییەکم لە هەر شکڵێکدا بێ، بە بڕوای من ڕێکخراوی موجاهیدین ڕێکخراوێکی دێموکراتیك نیەو هەر توندوتیژییەك لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە بکرێ، ڕەدی دەکەمەوە، لە هەمان کاتدا ڕێکخراوێکی بەربڵاوەو ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ.

**پ: بۆچی دانانی لەوحی بیرەوەرییەکە ئەوەندە وەدوا کەوت؟**

و: لە ساڵی ١٩٩٣دا کە من ئەندامی حیزبی سەوزەکان‌و نوێنەری ئەو حیزبە لە کۆڕی گشتیی ناوچەی "شارلوتنبورگ" بووم، تیرۆری میکونووس ڕووی دا. هەر ئەو کات داواکاریی خۆم لە پێوەندی لەگەڵ دانانی لەوحی بیرەوەری پێشکێشی کۆڕی گشتی کرد، بەڵام زۆربەی ئەندامانی کۆڕەکە بە بیانووی جۆراوجۆر داواکەمیان ڕەت کردەوە.

**پ: لە ساڵی ١٩٩٦دا "ئۆتووشیلی" وەزیری نێوخۆی ئێستای ئاڵمان‌و یەکێك لە ئەندامانی پایەبەرزی حیزبی سوسیال دێموکرات لە وتووێژێك لەگەڵ من‌و هاوکارەکەم "عەلی فەتحی"دا گوتی: لێم ڕوون نیە چ کەسێك هۆکاری سەرەکیی تیرۆرەکەیەو تەنانەت قسەکانی "بەنی سەدریشی" لەپێوەندی لەگەڵ دەستێدابوونی ژمارەیەك لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو جینایەتەدا دەبردە ژێر پرسیار.**

و: یەکێك لەو بەڵگانەی کە ئەوکات لە کۆڕی گشتیدا باسی لێ‌کرا، ڕاست ئەوە بوو. دیارە حیزبی سوسیال دێموکرات لەگەڵ دانانی لەوحەکە مەوافق بوو، بەڵام هەر بە پشتبەستن بەو دەلیلە دەنگی موخالیفی دا. من لە ساڵی ١٩٩٦ بە نوێنەرایەتی لەلایەن حیزبی سوسیالیستی ئاڵمان بۆ نوێنەرایەتیی پارلمانی بێرلین هەڵبژێردرام، بەدوای ئەوەدا هەوڵم دا بە دەرکردنی بەیاننامەو ڕاگەیەندراوی جۆراوجۆر مەسەلەی میکونووس تا ئەو جێگایەی دەکرێ زیندوو ڕابگرم. لە ساڵی ٢٠٠١دا جارێکی دیکە مەسەلەی دانانی لەوحی بیرەوەریم لەلایەن حیزبی سەوزەکانی ئەو ناوچەیەوە هێنایە گۆڕێ‌و ئەو جار بە پەسندی زۆربەی نوێنەران گەیشت، بەڵام دیسانیش گیروگرفت‌و کارشکێنی لەلایەن کاربەدەستانەوە هەر هەبوو. بۆ نموونە لە دانی بوودجەو هەزینەی دروستکردنی خۆیان دزییەوە تا ئەوەی کە ئەنجومەنی پزشکانی کورد، کۆمەڵەی کوردەکانی سووریە، کانوونی پەنابەرانی سیاسیی ئێران‌و چەند کەسایەتییەك‌و بونیادی سەربەخۆ، خەرجەکەیان دابین کرد.

> **ئێران دانانی لەوحی قوربانییەکانی چەکی کیمیایی وەك ئامرازێك بۆ بەربەرەکانێ دژی دانانی لەوحی میکونووس، کەڵکی وەرگرت‌و ئەوەش نیشان دەدا کە موخالیفانی دانانی لەوحی میکونووس، موخالیفانی جینایەت نین، بەڵکوو خوێنی لاوانی ئێرانی بۆ ئەوان تەنیا ئەو کاتە بایەخی هەیە کە لەگەڵ هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەواندا بگونجێ‌و لە خزمەت ئامانج‌و بەرنامەکانیاندا بێ.**

**پ: دژکردەوەی سەفارەتی ئێران لە بێرلین‌و کاربەدەستانی تاران چ بوو؟**

و: سەفارەتی ئێران بە نووسینی چەند نامەو پێوەندیگرتن لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەیی‌و شارەداریی بێرلین، هەوڵی دا بەر بە جێبەجێبوونی ئەو بڕیارە بگرێ، تەنانەت هەڕەشەی بە پچڕانی پێوەندیی دوو وڵات کرد، بەڵام سەرئەنجام سەرکەوتین‌و گەلاڵەکەمان بە ئەنجام گەیاند.

**پ: بۆچی مەتنی لەوحی بیرەوەرییەکە گۆڕانی بەسەردا هات‌و زەمانی دانانەکەی وەدوا خرا؟**

و: زەمانی پەردەلادان لە لەوحی بیرەوەرییەکە هاوکات بوو لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ئەفغانستان لە بێرلین‌و دەوڵەتی ئێران هەڕەشەی کرد کە سەفەری خەڕازی، وەزیری دەرەوەی خۆی بۆ ئەو کۆنفرانسە هەڵدەوەشێنێتەوە، لە ئاکامدا ئاغای شرۆدێر، سەدرئەعزەمی ئاڵمان، بۆخۆی نێوبژیوانیی کردو داوای وەدواخستنی کرد. سەناتۆری نێوخۆیی بێرلینیش لە نامەیەکدا بۆ شارەداریی ناوچەکە تکای کرد کە هێندێ لایەنی دیپلۆماتیك لەبەرچاو بگرن. هەر لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا بوو کە ناوی دەزگای ئیتلاعاتی ئێران لابردراو ڕستەی "سەرانی پێشووی کۆماری ئیسلامی" لە بری وان دانرا. دیارە دەزانی کە سەرانی پێشوو، هەر سەرانی ئێستای ئێرانن.

مەجید ڕەوشەنزادە: ئاغای سایان! لەبەر بەشداریت لەم وتووێژەدا سوپاسی جەنابت دەکەم.

❊❊❊

(❊) دەقی فارسیی ئەم وتووێژە لە سایتی "ایران امروز" وەرگیراوە.

# منداڵانی نێو قووڵکەکان، منداڵانی بێ ناو نیشان

## بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە

عەلی بداغی

منداڵ ئەو مرۆڤە لەش ناسك، بێگەردو ڕوح سووکەی کە وا لەباری جەستەیییەوە لاوازەو پێویستیی بە یارمەتیی گەورەکان هەیە، بەڕێوەبەرو بەدەستەوەگری دواڕۆژی کۆمەڵگا، دەوڵەت‌و جیهانە. منداڵ ئەو بوونەوەرە ناسك‌و هەستیارەی کە خەملاندن، بەخێوکردن‌و دەستەبەرکردنی مافەکانی یەکەمین هەنگاوی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی گەش‌و بەرچاوو ڕوونە، هەر هەموویان وەك پەپوولەن، لەش‌و لاریان ناسکەو دەروونیان پڕ سۆزو خۆزیا. هەر بۆیە ئەگەر ژینگەیەکی لەبارو گونجاویان بۆ نەڕەخسێ‌و کۆمەڵگاو خێزان نەتوانن داخوازی‌و ئارەزووەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەوا دنیای پاك‌و بێگەردو پڕاوپڕ لە سۆزو خۆشەویستیی ئەوان خەوش هەڵدەگرێ‌و بە دڵنیاییەوە داهاتووی کۆمەڵگاش دەخاتە مەترسییەوە.

لەبەر بایەخی ئەم مەسەلەیە، ئەمڕۆکە قورسایی ئەرکی بەرپرسایەتیی منداڵان تەنیا ناکەوێتە سەرشانی خێزان‌و بنەماڵەکان، بەڵکوو دەوڵەتەکان وەك گرنگترین بەرپرسیار تەنانەت هەوڵ دەدەن ئەم کێشەیە وەك بەرپرسایەتییەکی هاوبەشی جیهانی بۆ چەسپاندنی داهاتوویەکی گەشی جیهان بهێننە بەر باس‌و پلان‌و بەرنامەیان بۆی هەبێ. هەر بەو نیازەو بە مەبەستی پشتگیری‌و پشتیوانی لە ماف‌و ئارەزووەکانی منداڵان، گەلێك ڕێککەوتننامەو پەیماننامەی جیهانی پەسند کراون کە دەتوانین لە هەموویان گرنگتر ئاماژە بە ڕێککەوتننامەی پەسندکراوی ساڵی ١٩٢٤ی زایینی لە ژنێڤ لەبارەی منداڵانەوە، ڕێککەوتننامەی پاراستن‌و ڕەچاوکردنی مافی منداڵان پەسندکراوی ٢٠ی نوامبری ١٩٥٩ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و کۆنوانسیۆنی مافی منداڵان پەسندکراوی ساڵی ١٩٨٩ بکەین.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا بە دەیان کۆبوونەوەو بۆنەی جیهانیی تایبەت بە منداڵان بەڕێوەچوون کە وەك ئاماژەش بووبێ، دەتوانین باس لە کۆبوونەوەی تایبەتی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی منداڵان، (نیۆیۆرك ٨ ـ ١٠ی مای ٢٠٠٢)، کۆنفرانسی نێونەتەوەیی سەبارەت بە کاری منداڵان‌و بۆنەکانی ١ی ژوئەن وەك ڕۆژی جیهانیی منداڵان بکەین. ئێستا ئەگەر لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان ئەو مافانەی کە لەو پەسندکراوانەدا ئاماژەیان پێ کراوە بۆ منداڵان دەستەبەر کراون، بە داخەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم بارەیەشەوە لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی پێشێلکەرو زەوتکەری مافی منداڵانەو ڕێژیم کە لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوییەوە بەرواڵەت پەیماننامەی جیهانیی مافی منداڵانی بەڕەسمی ناسیوەو بۆتە یەکێك لە ئەندامانی واژۆکەری ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەڵام بە کردەوە بە پشتگوێخستن‌و بە هێندنەگرتنی ڕێوشوێن‌و بەڵێنەکانی پەیماننامەکە،



دژوارترین‌و تاقەت پڕووکێنترین بارودۆخی بەسەر منداڵاندا سەپاندوە.

بە چاوخشاندنێکی کورت‌و خێرا بەسەر بەندەکانی پەیماننامەی جیهانیی مافی منداڵان‌و کردارەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژیم تەنانەت لە بەندە سەرەتاییەکانی پەیماننامەکەدا وەك مافی ئازادانەی بوونی ناو، خوێندن بە زمانی زگماکی‌و مافی ژیانڕا بگرە تا مافی پەروەردەو فێربوون، قەدەغەبوونی چەوساندنەوەو ئازادیی وەدەستهێنانی زانیاری‌و بیروڕا تەنانەت لە تاقە یەك بەندیشدا مافەکانی منداڵانی ڕەچاو نەکردوەو نەیپاراستوە کە هیچ، بگرە بە کردەوەش پێشێلی کردوون‌و لێیانی زەوت کردون. ئەمە جگە لە گاڵتەکردن‌و بەهێندنەگرتنی پرنسیبە نێونەتەوەییەکان، دەتوانێ هەڵگری چ مانایەکی دیکە بێ؟ هەموو تەمەنی منداڵان لە ئێرانی ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان‌و گوزەران تێپەڕ دەبێ‌و هەڵاواردنی جینسی‌و ڕەگەزی هەر لە سەرەتاوە بینە قاقای بەشێکی زۆر لە منداڵان دەگرێ. یاساکانی کۆماری ئیسلامی پڕاوپڕن لە چەوساندنەوەو هۆکاری هەڵنەدان‌و گەشەنەکردنی منداڵان. جیاکردنەوەی کوڕان‌و کچان لە قوتابخانەو ناوەندە ئامووزشییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامە نالەبارو زیانبارەکانی لەسەر سایکۆلۆژیی منداڵان، سەپاندنی یاساو ڕێسای نابەجێ، تەنانەت لە پۆشینی جلوبەرگ‌و ڕەنگی لیباس‌و سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بەسەر کچاندا و پەروەردەکردنی ناسەردەمیانە پێناسەیەکی کورتن بۆ دەرخستنی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە هەمبەر منداڵان.

وەبەرکارنانی منداڵان، چوونە سەری ڕێژەی منداڵانی سەر شەقام، ڕوو لە زیادبوونی باندەکانی ڕفاندنی منداڵان‌و پەرەسەندنی چالاکیی مافیاکانی سێکس‌و بازرگانیکردن بە منداڵان کە مۆرەکانی ڕێژیم دەستیان لە ڕێکخستن‌و پشتگیریکردنیاندا هەیە، نموونەگەلێکی بەرچاوو ئاشکرا لەو دیاردە ناحەزانەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران بە دیاریی هێناون. لەش‌شلی‌و ناسکی منداڵان، سەرمایەکانی داهاتووی وڵات، بەبێ بەزەییانە کەوتۆتە ژێر زەبری قامچی یاسا بەناو مەزهەبییەکانی کۆماری ئیسلامی کە ناتەبایە لەگەڵ ڕەوتی فێربوون‌و بەرەوپێشچوونی منداڵان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا.

منداڵانی کورد چارەنووسیان تاڵترو دڵتەزێنتریشە لە چارەنووسی منداڵانی غەیرە کوردی ئێران. منداڵانی کورد هەر لە یەکەم ساتەکانی چاوپشکوتنیان لەگەڵ زوڵم‌و هەڵاواردن بەرەوڕوو دەبنەوە، ئەویش ئەوەی کە دەبێ ناوێکی جێی پەسندی ڕێژیمیان لەسەر دابنرێ. گەورەبوونی بەرەبەرەشیان تێکەڵە لە هەست پێکردن بەو ئازارو بەشمەینەتیانەی لە ئێستاوە لەگەڵیان دەژین‌و گەورەبوونیان چاوەڕێ دەکەن. منالانی کورد لە خۆشی‌و یاری بێبەشن‌و زۆریشیان بەجێی خوێندن لەبەر نەداریی بنەماڵە وەبەر کار دەنرێن یان بەهۆی بێدەرەتانی خێزان ناچار دەبن واز لە خوێندن بێنن. منداڵانی کورد لە قوتابخانەو فێرگەکاندا بەهۆی سیاسەتی ڕێژیم بە عەقڵییەتێکی کۆن‌و سواو، نامۆو دژی فەرهەنگی نەتەوایەتیمان پەروەردە دەکرێن. دیمەنی منداڵانی کورد لە کوورەخانە کە شانبەشانی گەورەکانیان لە بەیانیڕا تا ئێوارە کار دەکەن‌و ئارەق دەڕێژن، یان دەنا لەنێو تەپوتۆزو خاك‌و خۆڵدا بێناز کەوتوون، ویژدانی هەر مرۆڤێك‌و بینەرێك دەهەژێنێ. منداڵانی کورد هەنووکەش قوربانیانی میلیتاریزەبوونی کوردستانن. تەقینەوەی مین لە کۆنە مۆڵگەکانی ڕێژیم‌و مینی تازە چێندراو لە ناوچە سنوورییەکاندا ڕۆژ نیە کە منداڵێك پەڕپەڕ نەکاو دڵی لە لێدان نەخا، بەو حاڵەش جینایەتەکانی

بۆ لاپەڕەی ١١

### ماددەی هەژدەهەم

١ـ کۆمیتە، دەستەی سەرۆکایەتیی خۆی بۆ ماوەی ٣ ساڵ هەڵدەبژێرێ، ئەوان دەتوانن سەرلەنوێ هەڵبژێردرێنەوە.

٢ـ کۆمیتە رێوشوێنەکانی کاروباری نێوخۆیی خۆی دیاری دەکا. رێوشوێنەکان بە گوێرەی ئەم خاڵانە دەبن:

ئەلف: ئاستی رەسمییەت پەیداکردنی کۆبوونەوەکان ئامادەبوونی ٦ ئەندامە.

ب: بڕیارەکانی کۆمیتە بە زۆرایەتیی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو دەدرێ.

٣ـ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کارمەندان، ئیمکاناتو پێداویستییەکانی کۆمیتە بە مەبەستی هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی بە گوێرەی ئەم کۆنوانسیۆنە کەوتوونە سەر شانی، دابین دەکا.

٤ـ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامانی کۆمیتە بۆ پێکهێنانی یەکەم کۆبوونەوە بانگ دەکا. کۆبوونەوەکانی دواتری کۆمیتە لەو کاتانەدا کە لە ئاییننامەی نێوخۆییدا پێشبینی کراون، پێك دێن.

٥ـ دەوڵەتانی ئەندام بەرپرسایەتیی خەرجیو تێچوونی کۆبوونەوەکانی دەوڵەتانی ئەندامی کۆمیتەکەو، هەروەها ئەو خەرجییانەی بە هۆی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکرێن، وەك دانی مووچەی کارمەندانو دابینکردنی پێداویستییەکانیان، بە گوێرەی بەندی ٣ی ئەم ماددەیە دەگرنە ئەستۆ.

(گۆڕانکاری ـ بڕوانە هەلومەرجی پەسندکرانی بڕیاری ٤٧/١١١ی کۆڕی گشتی، ١٦ی دیسامبری ١٩٩٢)

### ماددەی نۆزدەهەم

١ـ دەوڵەتانی ئەندام لە رێگای سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کۆمیتە لەو هەنگاوانەی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکو بەرپرسایەتییەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کۆنوانسیۆنەدا ناویانە، ئاگادار دەکەنەوە. یەکەمین راپۆرت، ساڵێك دوای ئەوەی جێبەجێکردنی ئەم کۆنوانسیۆنە لەسەر دەوڵەتی ئەندام بوو بە ئەرك، پێشکێش دەکرێ. پاشان دەوڵەتانی ئەندام راپۆرتەکانی تەواوکەری راپۆرتی پێشتریانو، هەروەها راپۆرتی هەنگاوە نوێیەکانیان لەو پێوەندییەدا، هەر چوار ساڵ جارێك بە ئاگاداریی سکرتێری گشتی دەگەیەن.

٢ـ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم راپۆرتانە بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەنێرێ.

٣ـ هەر راپۆرتێك لەلایەن کۆمیتەوە دەخرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو، کۆمیتە بیروڕاو پێشنیارە گشتییەکانی خۆی لەبارەی راپۆرتەکەوە بە دەوڵەتانی پێوەندیدار رادەگەیەنێ. دەوڵەتی گۆڕین دەتوانێ وەڵامو روونکردنەوەکانی خۆی بە کۆمیتە رابگەیەنێ.

٤ـ کۆمیتە ئەگەر پێی باش بێ، لەوانەیە ئەو بیروڕاو پێشنیارانەی خۆی کە لە بارەی بەندی ٣ی ئەم ماددەیەوەنو پێوەندییان بەو دەوڵەتە ئەندامەوە هەیە، هەروەها تێبینییەکانی خۆیو بۆچوونی دەوڵەتان لە راپۆرتی ساڵانەدا بگونجێنێو بە گوێرەی ماددەی ٢٤ پێشکێشی کۆڕی گشتیی بکا.

ئەگەر ئەو دەوڵەتە ئەندامە، داوای نوسخەیەك لەو راپۆرتە بکا، بە گوێرەی بەندی ١ی ئەم ماددەیە دەبێ داواکەی بەجێ بێنێ.

### ماددەی بیستەم

١ـ ئەگەر کۆمیتە زانیاریی دروستو بڕواپێکراوی دەست بکەون کە نیشان بدەن لە سنووری دەسەڵاتدارەتیی یەکێك لە دەوڵەتانی ئەندامدا، ئەشکەنجەی بەردەوامو بەپێی بەرنامە هەیە، داوا لەو دەوڵەتە دەکا کە بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیەو پێڕاگەیشتنی، هاوکاریی بکا. پاشان ئاکامی لیکۆڵینەوەکەو بیروڕای خۆی لەو بارەیەوە بە گوێرەی زانیارییەکان پێشکێش دەکا.

# کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجە(*)

**بەشی دووهەمو کۆتایی**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: قادر وریا**

٢ـ بە سەرنجدان بەو وەڵامو روونکردنەوانەی دەوڵەتی ئەندام لەوانەیە بیانداتەوە بە کۆمیتەو، هەروەها بە وەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییە بڕواپێکراوانەی کە کۆمیتە لە راستو دروست بوونیان دڵنیایە، کۆمیتە لەوانەیە یەك یا چەند ئەندامی خۆی بۆ پێڕاگەیشتنو لێکۆڵینەوەی نهێنی راسپێرێ تا دەستبەجێ راپۆرتێك بۆ کۆمیتە ئامادە بکەن.

٣ـ لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەپێی بەندی ٢ی ئەم ماددەیە، کۆمیتە داوا لەو دەوڵەتە ئەندامە دەکا کە لەم بارەیەوە هاوکاریی بکا. بە سەرنجدان بەو لێکۆڵینەوانەی کراونو هەروەها بەپێی رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی پێوەندیدار، رێگا بە لێکۆڵەری کۆمیتە دەدرێ سەردانی ئەو وڵاتە بکا.

٤ـ کۆمیتە پاش پێڕاگەیشتنو دوای روونبوونەوەی وەڵامو بیروڕای دەوڵەتی ئەندام یا ئەندامان، بە سەرنجدان بە بەندی ٢ی ئەم ماددەیە، بیروڕاو بۆچوونی ئەوان، وێڕای بۆچوونو هەڵسەنگاندنی خۆیو، بە وەبەرچاوگرتنی هەلومەرج بە ئاگاداریی دەوڵەتی ئەندام دەگەیەنێ.

٥ـ هەموو قۆناغەکان (لێکۆڵینەوەو پێڕاگەیشتن) کە لەلایەن کۆمیتەوە بەڕێوە دەچن، بەپێی بەندی ١ تا ٤ی ئەم ماددەیە، بە نهێنی دەبن. هەروەها لە هەموو قۆناغەکانی لیکۆڵینەوەو پێڕاگەیشتندا داوای هاوکاری لەو دەوڵەتە ئەندامە دەکرێ کە کێشەکە پێوەندیی بەوەوە هەیە. پاش تەواوبوونی رەوتی لێکۆڵینەوەکانو بەپێی بەندی ٢، کۆمیتە دوای راوێژ لەگەڵ دەوڵەتی پێوەندیدار، لەوانەیە بڕیار بدا کە پوختەیەك لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بە گوێرەی ماددەی ٢٤ لە راپۆرتی ساڵانەی خۆی (بۆ کۆڕی گشتی)دا، بگونجێنێ.

### ماددەی بیستو یەکەم

١ـ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم کۆنوانسیۆنە، بە گوێرەی ئەم ماددەیە هەرکات بیهەوێ دەتوانێ رابگەیەنێ کە سەلاحییەتی ئەم کۆمیتەیە بۆ وەرگرتنو پێڕاگەیشتنی سکاڵای هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە بارەی دەوڵەتێکی دیکەی ئەندام سەبارەت بە رەچاوکردنی پابەندییەکانی خۆی بەم کۆنوانسیۆنە، بە رەسمی دەناسێ. بە گوێرەی ئەم هەنگاوە بەکردەوانەی لەم ماددەیەدا هەن، ئەو سکاڵایانە وەردەگیرێنو لێیان دەکۆڵرێتەوە کە دەوڵەتی ئەندام، سەلاحییەتی کۆمیتەی بۆ پێڕاگەیشتنی ئەوان بە رەسمی ناسیبێو رایگەیاندبێ. هیچ سکاڵایەکی پێوەندیدار بە دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم کۆنوانسیۆنە کە ئەو بە رەسمییەت ناسینەی رانەگەیاندبێ، بە گوێرەی ئەم ماددەیە لەلایەن کۆمیتەوە وەرناگیرێ. لە بارەی ئەو سکاڵایانەوە کە بە گوێرەی ئەم ماددەیە وەردەگیرێن، بەم جۆرە هەنگاو دەنرێ.

ئەلف: ئەگەر دەوڵەتێکی ئەندام بەو ئاکامە بگا کە دەوڵەتێکی دیکەی ئەندام رێوشوێنو خاڵەکانی ئەم کۆنوانسیۆنە بەڕێوە نابا، دەتوانێ بە هۆی نامە سەرنجی دەوڵەتەکە بۆ راگەیشتن بەو مەسەلەیە، رابکێشێ. ٣ مانگ پاش گەیشتنی ئاگادارییەکە، دەوڵەتی ئاگادارکراو، روونکردنەوە یا هەر چەشنە بیروڕادەربڕینێکی دیکەی بە نووسراوە بە مەبەستی روونبوونەوەی کێشەکە دەدا بەو دەوڵەتەی ئاگاداری کردۆتەوە. روونکردنەوەو لێکدانەوەکان دەبێ تا ئەو جێگایەی دەگونجێ لە بارەی رێوشوێنەکانی دادپرسی لە یاسای نێوخۆیی ئەو وڵاتەداو، لە بارەی ئەو هەنگاوانەی بۆ باشترکردنی ئەو رێوشوێنانە هەڵگیراون، یا خەریکە هەڵدەگیرێن، هەروەها سەبارەت بەو مەسەلانەی لە حاڵی پێڕاگەیشتن دان، یا دەرەتانی ئەوە هەیە گۆڕانیان بەسەردا بێ، زانیارییان تێدابێ.

ب: ئەگەر کێشەو گرفتەکان بە جۆرێك بن کە رەزامەندیی هەر دوو دەوڵەتی ئەندام، پاش وەرگرتنی یەکەم ئاگادارکردنەوەو لە ماوەی ٦ مانگدا، دابین نەکەن، هەرکام لە لایەنەکان مافی ئەوەیان هەیە بە ناردنی وریاکردنەوە (اخطاریە)یەك بۆ کۆمیتەو دەوڵەتی بەرامبەر، شێلگیریی خۆیان تا گەیشتنە ئاکامی دڵخواز پێشان بدەن.

ج: کۆمیتە بە سەرنجدان بەم ماددەیە، تەنیا پاش ئەوەی بۆی روون بۆوە کە چاکسازیو هەنگاوی چارەسەرکەرانە لە چوارچێوەی قانوونە نێوخۆییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا ئاکامێکی نەبووەو، دوو دەوڵەتەکە لە چارەسەرکردنی کێشەکەیان بەپێی بنەما قبووڵکراوەکانی مافە نێونەتەوەییەکاندا هەر سەر ناکەون، ئەو کاتە بە کێشەکە رادەگا. ئەم رێوشوێنە لە بارەی ئەو سکاڵایانەوە کە پێڕاگەیشتنیان لە رێگا قانوونییەکانەوە، ماوەیەکی درێژ دەخایەنێو لەگەڵ عەقڵ ناگونجێ، یا ئەگەر هەست بەوە بکرێ کە ئەم جۆرە پێڕاگەیشتنە ناتوانێ یارمەتییەکی کاریگەر بە دادپرسیی کەسێك بکا کە بەپێی ئەم بەیاننامەیە بە قوربانیی توندوتیژی دەژمێردرێ، بەڕێوەناچێ.

د: کۆمیتە لە کاتی راگەیشتن بەو سکاڵایانەی پێی گەیشتوون، بەپێی ئەم ماددەیە، کۆبوونەوەی نهێنی پێك دێنێ.

هـ: بە رەچاوکردنی رێوشوێنەکانی خاڵی "ج"، کۆمیتە بە مەبەستی چارەسەری دۆستانەی ئەو بابەتانەی کێشەو ناکۆکییان لەسەرەو، لەسەر بناغەی رێزدانان بۆ ئەو بەرپرسایەتییانەی لەم کۆنوانسیۆنەدا هاتوون، یارمەتیی بەکردەوە دەخاتە ئیختیار دەوڵەتانی ئەندام. بەو مەبەستە کۆمیتە لەکاتی پێویستدا، کۆمیسیۆنێکی پسپۆر لە بواری چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکاندا دیاری دەکا.

و: کۆمیتە بەپێی ئەم ماددەیە لە هەموو ئەو کاروبارانەدا کە بۆ پێڕاگەیشتنو چارەسەرکردن دێنە لای، دەتوانێ لە لایەنە ناکۆکەکانی ئەو دەوڵەتانەی خاڵی "ب" دەیانگرێتەوە، هەر چەشنە زانیارییەکی پێوەندیدار داوا بکا.

ز: دەوڵەتانی ئەندام کە خاڵی "ب" دەیانگرێتەوە، مافی ئەوەیان دەبێ لە کاتی راگەیشتن بە کێشەیەك لە کۆمیتەدا، نوێنەریان هەبێو تێبینییەکانی خۆیان بە شێوەی زارەکی یا نووسراو دەربڕن

ح: کۆمیتە لەسەریەتی لە ماوەی ١٢ مانگ پاش وەرگرتنی وریاکەرەوە (اخطاریە) بە گوێرەی خاڵی "ب" راپۆرت بداتەوە.

١) ئەگەر بەپێی رێوشوێنەکانی خاڵی "هـ" گەیشتبنە رێگاچارەیەك، کۆمیتە راپۆرتەکەی خۆی لە پوختەی راپۆرتێکدا چڕ دەکاتەوە.

٢) ئەگەر رێگاچارەیەك بە گوێرەی رێوشوێنەکانی خاڵی "هـ" پەیدا نەبووبێ، کۆمیتە لە راپۆرتی خۆیدا رووداوەکان بەکورتی شی دەکاتەوە. هەروەها دەقی کۆنووسی تێبینییە نووسراوو زارەکییەکانی دەوڵەتانی ئەندام، دەکرێتە پاشکۆی راپۆرت. لە بارەی هەر نموونەیەکیشەوە، راپۆرتێك بە دەوڵەتە ئەندامە پێوەندیدارەکان رادەگەیەنرێ.

٣) رێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە کاتێك دەکرێ بەڕێوە بچن کە پێنج دەوڵەتی ئەندامی کۆنوانسیۆن، بەپێی خاڵی ١ی ئەم ماددەیە، بەیاننامە پێشبینی کراوەکانیان دەرکردبێ. ئەو بەیاننامانە بە سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێنو وێنەیەك لەوان بۆ دەوڵەتانی دیکەی ئەندامی کۆنوانسیۆن دەنێردرێ. هەرکات سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێویستی بزانێ دەتوانێ بە هۆی وریاکەرەوە (اخطاریە)یەك، بەیاننامەکە بە خاوەنەکەی وەربگرێتەوە.

دانەوەی بەیاننامە، گۆڕانێك لە رەوتی راگەیشتن بە کێشەیەك یا نێوەڕۆکی سکاڵایەك کە پێشتر بە گوێرەی ئەم ماددەیە نێردراوە، پێك ناهێنێ.

هیچ سکاڵایەکی دیکە، پاش ئەوەی سکرتێری گشتی داوای وەرگرتنەوەی بەیاننامەی کرد، قبووڵ ناکرێ. مەگەر ئەوە کە دەوڵەتی ئەندامی پێوەندیدار بە مەسەلەکەوە، بەیاننامەیەکی تازەی دەرکردبێ.

### ماددەی بیستودووەهەم

١ـ دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم کۆنوانسیۆنە دەتوانێ بە گوێرەی ئەم ماددەیە هەرکات بیهەوێ لێوەشاوەیی کۆمیتە بۆ وەرگرتنو پێڕاگەیشتنی سکاڵای ئەو کەسانەی کە ئیددیعا دەکەن بوون بە قوربانیی توندوتیژیی دەوڵەتێکی ئەندامی ئەو پەیماننامەیە، بە رەسمی بناسێو رای بگەیەنێ. هیچ سکاڵایەك لە دەوڵەتێکی ئەندام کە لێوەشاوەیی کۆمیتەی بە رەسمی نەناسیوە، لەلایەن کۆمیتەوە وەرناگیرێ.

٢ـ کۆمیتە ئەو سکاڵایانەی ناوی کەسیان لەسەر نەبێو، لەگەڵ رێوشوێنەکانی کۆنوانسیۆندا نەگونجێن، بە گوێرەی ئەم ماددەیە وەرناگرێ. هەروەها ئەو سکاڵایانەش کە بە مەبەستی کەلکی خراپ وەرگرتن لەو مافە هاتبنە گۆڕێ، قبووڵ ناکا.

٣ـ لەگەڵ رەچاوکردنی رێوشوێنەکانی بەندی ٢، کۆمیتە بەپێی ئەم ماددەیە، وێڕای راگەیشتن بە سکاڵاکانی دەوڵەتێکی ئەندام کە بە لادان لە نێوەڕۆکی ئەم کۆنوانسیۆنە تاوانبار کراوە، بە گوێرەی بەندی ١ سەرنجی بۆ لای ئەو سکاڵایانە رادەکێشێ. لە ماوەی ٦ مانگ داوای وەرگرتنی سکاڵاکان، دەوڵەتی تاوانبارکراو بە لادان، روونکردنەوەی بە نووسراوەو زارەکی بە مەبەستی تیشك خستنەسەر مەسەلەکەو، ئەو هەنگاوانەی بۆ باشترکردنی وەزعەکە لەلایەن ئەو وڵاتەوە هەڵگیراون، پێشکێشی کۆمیتە دەکا.

٤ـ کۆمیتە، سکاڵاکان بە گوێرەی ئەم ماددەیەو بەپێی ئەو زانیارییە روونو راستانەی کە لەلایەن تاك یا ئەندامێکی پێوەندیدارەوە پێی دەدرێ، دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو پێیان رادەگا.

٥ـ کۆمیتە لەو سکاڵایانە کە لەلایەن تاك (کەس)ێکەوەو، بە گوێرەی ئەم ماددەیە پێی دەدرێ، ناکۆڵێتەوە. مەگەر ئەوکاتە کە بۆ کۆمیتە روون ببێتەوە:

ئەلف: بابەتی سکاڵاکە لە ئورگانە نێونەتەوەییەکانی دیکەدا نەهاتۆتە گۆڕێو لێی نەکۆڵراوەتەوە.

ب: تاك (ی سکاڵاکەر) لە پەنابردن بۆ هەموو هەنگاوێکی چارەسەرخوازانە لەلای ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەکانی نێوخۆیی، ئاکامێکی وەرنەگرتوە. هەروەها ئەگەر نموونەی ئەوتۆ هەبێ کە رەوتی راگەیشتن بە سکاڵاکە بە شێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ عەقڵ، درێژ بووبێتەوە، یا هەست بەوە بکرێ کە ئەم جۆرە پێڕاگەیشتنە ناتوانێ یارمەتییەکی کاریگەر بە دادپرسیی کەسێك بکا کە بەپێی ئەم پەیماننامەیە بە قوربانیی توندوتیژی دەژمێردرێ.

٦ـ کۆمیتە لە کاتی راگەیشتن بەو سکاڵایانەدا کە پێیگەیشتوون، بەپێی ئەم ماددەیە کۆبوونەوەی نهێنی پێك دێنێ.

٧ـ کۆمیتە بۆچوونەکانی خۆی بە ئاگاداریی دەوڵەتی ئەندامی پێوەندیدارو ئەو کەسەی سکاڵاکەی کردوە، دەگەیەنێ.

٨ـ رێوشوێنە دیاریکراوەکانی ئەم ماددەیە کاتێك شیاوی بەڕێوەچوونن کە پێنج دەوڵەتی ئەندامی کۆنوانسیۆن، بەیاننامەکانی پێشبینیکراو لە بەندی ١ی ئەم ماددەیەیاندا بڵاو کردبێتەوە. ئەو بەیاننامانە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە وەك ئەمانەتێك لەلای سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێن. سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وێنەی ئەوان بۆ دەوڵەتانی دیکەی پێوەندیدار بەو بەیاننامەیەوە دەنێرێ. هەرکات سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێویستی بزانێ، دەتوانێ بە هۆی وریاکەرەوە (اخطاریە)یەك، بەیاننامەکە، بە خاوەنەکەی وەربگرێتەوە. وەرگرتنەوەی بەیاننامە، گۆڕانێك لە رەوتی راگەیشتن بە کێشەیەك یا نێوەڕۆکی سکاڵایەکدا کە پێشتر بە گوێرەی ئەم ماددەیە ناردراوە، پێك ناهێنێ.

### ماددەی بیستوسێهەم

ئەندامانی کۆمیتەو کۆمسیۆنەکانی پێکهاتوو لە راوێژکارانی پسپۆر کە بەپێی ماددەی ٢١ (خاڵی هـ) دیاری دەکرێن، لەکاتی جێبەجێکردنی کارو ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئیمتیازو پارێزراوی (مصونیت)ی تایبەت بە خۆیان دەبێ. ئەم جۆرە نموونانە لە بەشەکانی سەر بە کۆنوانسیۆنداو، بەپێی ئیمتیازو پارێزراوییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست نیشان دەکرێن.

### ماددەی بیستوچوارەم

کۆمیتە بە گوێرەی ئەم کۆنوانسیۆنە، تێکۆشانی خۆی لە راپۆرتێکی ساڵانەدا پێشکێش بە دەوڵەتانی ئەندامو کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا.

## بەشی سێهەم:

### ماددەی بیستوپێنجەم

١ـ ئەم کۆنوانسیۆنە بۆ مۆرکردن لەلایەن هەموو دەوڵەتانەوە کراوەیە.

٢ـ ئەم کۆنوانسیۆنە پێویستە لەلایەن دەوڵەتانەوە پەسند بکرێ. (مەبەست لە هێنانی زاراوەی "پەسندکردن" لە پەیماننامەو پرۆتۆکۆلە نێونەتەوەییەکاندا ئەوەیە کە دەوڵەتان بە گوێرەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتی خۆیانو، یا ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەکانی وەك پارلمان لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا پەسندی بکەن).

بەڵگەنامەکانی تایبەت بە پەسندکردن یا پەیوەست بوون بە کۆنوانسیۆن لە لای سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەمانەت دادەنرێ.

### ماددەی بیستوشەشەم

ئەم کۆنوانسیۆنە بۆ ئەوەی هەموو دەوڵەتان پێیەوە پەیوەست بن، کراوە دەبێ. پەیوەست بوونی دەوڵەتان بە هۆی بەڵگەنامەی پەیوەست بوون کە لەلای سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەمانەت دادەنرێ، جێبەجێ دەکرێ.

### ماددەی بیستوحەوتەم

١ـ جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی ئەم کۆنوانسیۆنە، ٣٠ رۆژ پاش سپێردرانی بیستەمین بەڵگەنامەی پەسندکردن یا پەیوەست بوون بە سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەست پێدەکرێ.

٢ـ هەر دەوڵەتێك کە دوای سپێردرانی بیستەمین بەڵگەنامەی پەسندکردن یا پەیوەست بوون، ئەم کۆنوانسیۆنە پەسند بکاو رەگەڵی بکەوێ، ٣٠ رۆژ دوای سپاردنی بەڵگەنامەی پەسندکردن یا پەیوەست بوون بە شوێنی خۆی، لەسەریەتی دەست بکا بە جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی ئەم کۆنوانسیۆنە.

### ماددەی بیستوهەشتەم

١ـ هەر دەوڵەتێك لەوانەیە لە کاتی مۆرکردن یا پەسندکردنی ئەم کۆنوانسیۆنە یا لە کاتی رەگەڵ کەوتنیدا رابگەیەنێ کەکۆمیتە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە دەست نیشانکراوەکانی بە هۆی ماددەی ٣٠، بە رەسمی ناناسێ.

٢ـ هەر دەوڵەتێکی ئەندام کە مەرجو مافی خۆدەرهاویشتن لە بەندی یەکی ئەم ماددەیەی بۆ خۆی هێشتۆتەوە، هەرکات بیهەوێ دەتوانێ بە نووسینی نامەیەك بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم مەرجو مافە وەلابنێ.

### ماددەی بیستو نۆیەم

١ـ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم کۆنوانسیۆنە دەتوانێ گەڵاڵەیەك بۆ گۆڕان (لە کۆنوانسیۆندا) پێشنیار بکاو دەقی گەڵاڵەکە بە سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێرێ. سکرتێری گشتی، هەر گەڵاڵەیەکی پێشنیارکراو بە مەبەستی گۆڕانکاری، بۆ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە دەنێرێو داوایان لێ دەکا کە پێی رابگەیەنن ئایا لەگەڵ ئەوەدا هەن کۆنفرانسێك لە دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی هێنانە بەر باسی گەڵاڵە پێشنیارکراوەکانو بڕیار لەسەردانیان پێك بێنێ؟ بەو مەرجەی لانیکەم سێ یەکی دەوڵەتانی ئەندام داواکاری پێکهێنانی کۆنفرانسێکی لەو چەشنە بن، سکرتێری گشتی کۆنفرانسەکە لە ژێر چاودێریو پێڕاگەیشتنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێك دێنێ. هەر چەشنە گۆڕانێك کە لەلایەن زۆرایەتیی دەوڵەتانی ئەندامەوە (کە لە کۆنفرانسەکەدا ئامادە بوونو دەنگ دەدەن) قبووڵ بکرێ، بە هۆی سکرتێری گشتییەوە بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام بە مەبەستی قبووڵکردنو بەڕێوەبردنی، دەنێردرێ.

٢ـ گۆڕانی قبووڵکراو بە سەرنجدان بە بەندی یەکی ئەم ماددەیە لەو کاتەوە دەست بە بەڕێوەبردنی دەکرێ کە دوو لە سێی دەوڵەتانی ئەندامی کۆنوانسیۆن بە سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رابگەیەنن کە ئەوان بە گوێرەی قانوونە بنەڕەتییەکانی وڵاتی خۆیان، گۆڕانەکەیان پەسند کردوە.

### ماددەی سیهەم

١ـ هەر دەمبەدمەو ناکۆکییەك کە لە نێوان دوو یا چەند دەوڵەتی ئەندام لەسەر تێگەیشتن یا چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەم کۆنوانسیۆنە پێك بێو، ئەو دەوڵەتانە دەتوانن ئەم ناکۆکییە بە هۆی وتووێژ چارەسەر بکەن، لەسەر داوای یەکێك لەوان ناکۆکییەکە دەبرێتە لای دەستەی داوەران. ئەگەر تا ٦ مانگ دوای ئەو کاتەی داوای پێڕاگەیشتن بە ناکۆکییەکە درابوو بە دەستەی داوەران، دەوڵەتان ئامادە نەبوون بڕیاری دەستەی داوەران قبووڵ بکەن، هەرکام لە لایەنەکانی کێشەکە دەتوانن ناکۆکیی خۆیان بەرنە دادگای دادی نێونەتەوەیی.

٢ـ هەر دەوڵەتێك بۆی هەیە لە کاتی مۆرکردنی ئەم کۆنوانسیۆنە یا لە کاتی پێوە پەیوەست بوونیدا رابگەیەنێ کە خۆی لە جێبەجێکردنی بەندی ١ی ئەم ماددەیە دەردەهاوێژێ. دەوڵەتانی دیکەی ئەندام لەگەڵ رێزدانان بۆ هەر وڵاتێك کە

بۆ لاپەڕەی ١١

# باندۆری بە جیهانیبوون لە سەر ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆن لە ئێران‌دا

**ڕامبود لوتف‌پووری**

بە بۆچوونی ئانتۆنی گیدنز، بە جەهانیبوون، پرۆسەی دەرباز بوونی کاتو فەزا لە بەندی شوێنو دارشتنەوە یا نە لە کەشو هەوایەکی بەرینتردا، کە ئەگەری پێکهاتنی گەلێک دەستوورو کردەوەی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی دەرەخسێنێ.

بە جەهانیبوون پرۆسەیەکە کە ناوەندی بڕیاردان لە سەر کێشەکانی هەر وڵاتێک لە هەموو بوارەکانی کولتووری، سیاسی، ئابووریو.. لە دەوڵەت ـ نەتەوەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی جیهانی و نێونەتەوەیی. لە ئاکامی ئەم پرۆسەیەدا ئۆتوریتەی نەریتیی دەوڵەتەکان تووشی زیان دەبێ و لە ئاستێکی فراواندا سەربەخۆیی بڕیاردان لە دەست دەدەن و ناوەندو ڕێکخراوە جیهانیو نێونەتەوەییەکان دەبنە مەکۆی ئۆتوریتەو بڕیاردان.

بە جەهانیبوون لە بواری ئابووری دا، دبێتە هۆی کەم ڕەنگ بوونەوەی ئابووری نەتەوەیی و پێک هاتنی هێندێ سنوور بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە دارشتنی سیاسەتی ئابووریو سەرپەرەشتی کردنی دا، بە واتایەک ئێستا هەر دەوڵەتێک کە بە تەمای سەرکەوتنی ئابووریەکەی بێ،پێویستە سیاسەتە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئابووریی جیهان دا بگونجێنیو لە بازاری جیهانیدا بۆ خۆی شوێنێک ببینێتەوە.ئەم سنووردارێتییە لە بواری ئابووریدا باندۆرێکی ڕاستەو خۆی لەسەر دەسەڵاتو کارگێڕی سیاسیی ئەو دەوڵەتانە لە وڵاتەکانیان دا هەیە، بە چەشنێک کە بەشێکی زۆر لەو بڕیارانەی کە بۆ کونتڕۆڵو بەڕێوەبردنی کارو باری سیاسی وڵات دەبێ بدرێن، بە هۆی کەم بوونەوەی دەسەڵاتی ئابووریی دەوڵەت نەتەوە لە دەستیان دەر دەچێو دەچێتە ئاستی نێونەتەوەیی.

ئەم دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم کە کونتڕۆڵو بەڕێوەبردنی سەرچاوەئابوورییەکان و دارشتنی سیاسەتی ئابووری و پیشەسازی لە دەستی دەوڵەتدا بە زۆر زەقو بەرچاوترە، بە تایبەت بۆ وڵاتگەلێک وەک ئێران، عەرەبستان، سووریەو. . . کە خاوەنی ئابوورییەکی تاک بەرهەمین (نەوت)و دەستیان بە سەر سەرچاوەی داهاتی نەتەوەیی وڵات دا گرتوە، بە جیهانیبوون، پەیام هێنەری دابەزینی بەرچاوی دەسەڵاتی بڕیاردانی ئابووریو سیاسییانە.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو هەڵوەشانەوەی هۆبەی کۆمۆنیزم هێندێ ڕێکخراوی جیهانیی وەک، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دراو دانی نێونەتەوەیی، بانکی جیهانیو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی W.T.O لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا ڕۆڵی سەرەکییان بە دەست هێناوەو مەودای چالاکیی دەوڵەت نەتەوەکانیان بەرتەسک کردۆتەوە.

کە وابوو لە ئاکامی پرۆسەی بە جیهانیبووندا، دەوڵەت نەتەوەکان لە بواری دارشتنی سیاسەتە گشتییەکانی نێوخۆدا دەسەڵاتو کارامەییان کەم دەبێتەوەو دەکەونە ژێر ڕکێفی کارگێڕییەکی جیهانی، سەربەخۆیی بڕیاردانو چالاکییان لە کەمی دەداو دەکەوێتە ژێر کارگێڕیی دەسەڵاتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە بواری سیاسیو شێوازی دەسەڵاتدارێتی دا ناچارن بەرەو دیمۆکراتیزەکردنەوەی وڵاتو کۆمەڵگاکەیان هەنگاو بنێنو ڕەواییەکی یاسایی بۆ خۆیان دابین بکەن.

## بە جیهانیبوونو ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆن:

بە جیهانیبوون بە تایبەت لە بواری ئابووریدا پێویستی بە هێندێک ژێرخانی کولتووریو سیاسی هەیە بە تێک هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت، سەرمایەداریو لیبرالیسمی ئابووری بە خێرایی باڵیان بە سەر کۆمەڵگای جیهانی دا کێشاو کەرتی تایبەت گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیت، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت ـ نەتەوەکان لە کارگێڕی ئابووریو دەستەبەری ئاسایشی سەرمایەگوزاری کەرتی تایبەت، پێویستی دابین کردنی لیبرالیسمێکی سیاسیو دیموکراتیزەکردنی وڵاتانی جیهانی هێنایە گۆڕێ. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەت ـ نەتەوەکان، بە تایبەت ئەوانەی جیهانی سێهەم، کە لە بنەڕەتدا زۆربەیان بەرهەمی کۆلۆنیالیزمن و تێکەڵاویو ئاڵۆزییەکی ئیتنیکیو کولتووری زۆریان تێ دایە، بۆ پاراستنی یەکگرتوویی ئەو نەتەوە دەسکردانە کە بەرهەمی کۆلۆنیالیزم بوون ، دژکردەوەیەکی توندیان لە بەرامبەر ئەم ڕەوتەدا دەست پێکرد.

چونکە پێشتر لەم چەشنە وڵاتانەدا تەنیا دەوڵەت بوو کە دەیتوانی ناسنامەی نەتەوەیی دروست بکاو تەنیا ئەو بوو کە ئامرازی پێک هێنانی ناسنامەی بۆ جەماوەری وڵاتەکەی لە بەر دەستدابوو.

بەڵام بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای ئامرازەکانی پێوەندیی گشتیو بە جیهانیبوونەوەیان هەروەها ئەگەری دەست ڕاگەیشتنی جەماوەری خەڵکو ئەو گەلو گرووپانەی کە ئامادەی پەسەند کردنی ناسنامەی دەوڵەت نەبوون،بەم ئامرازانە، بواری چێبوونی ناسنامەو نەتەوەی جیاواز لەوەی کە دەوڵەت پێکی هێنابووو بانگەشەی بۆ دەکرد، پێک هات .بۆیە ئەگەرچی بە جیهانیبوون لە لایەک دبێتە هۆی پێک هاتنی ناسنامەیەکی جیهانی و کەم ڕەنگ بوونەوەی ناسنامە نەتەوەییەکان، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەو گەلو نەتەوانەی کە تا ئێستا بە هەر هۆیەک نەیانتوانیوە ناسنامەی خۆیان هەبێو ببنە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەم هەلەی ڕەخساندوە کە خۆیان بە جیهان بناسێننو باسی مافو ویستەکانیان ببەنە ئاستێکی جیهانی.

دەرکەوتنو گەشەکردنی ئەم ناسنامە لەبیر کراوانە بە جۆرێک دەبێتە هۆی دابەشکردنی دەسەڵات کە دەتوانێ بەرهەم هێنەری دیمۆکراسی بێ.

ئەم کێشەیە لە لایەن دەوڵەتەکانی ئەم وڵاتانەوە بە جۆرێ مەترسی بۆ یەکگرتوویی و یەکپارچەیی وڵاتو نەتەوەکەیان لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە ئامادە نین دان بە سیستمێکی دیمۆکراتیک دا بنێن کە دەستەبەری ئازادی دەنگو مافی چارەنووسی تاکو کۆمەڵ لەو وڵاتانەدا بێ، ئامادە نین دان بە دابەشکردنی دەسەڵاتو سیستمیی فیدراڵی دا بنێن کە دەستەبەری دیمۆکراسییەکی ڕاستەقینە لە وڵاتێکی فرە نەتەوەیە.

جگە لەم دەوڵەتانە، هێندێ تاقمو گرووپی نەریتخواز کە مانەوەی خۆیان لەو نیزامە کۆنانەدا مسۆگەر دەبینن. بوونەتە کوسپو تەگەرە لە بەردەم ڕەوتی دیمۆکراتیزە بوونی کۆمەڵگادا.

بە تایبەت کە ئەم بیرۆکە نەریتخوازانە لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا توانیویانە بەرگێکی نوێو ئایدۆلۆژیک بەبەر نەریتو بڕواسوننەتییەکانیان دا بکەنو بە سیمایەکی نوێو سەرەنج ڕاکێشەوە درێژە بە مانەوەیان بدەنو تەگەرە بخەنە بەردەم ڕەوتی دیمۆکراتیزەاسیۆنی ناوچەکە، بنەما خوازی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم چەشنە نەریتخوازییە ئایدۆلۆژیکانەیە.

## دیمۆکراسی لە ئێراندا:

ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی مەشرووتەو یەکەمین نارەنارەکانی دێمۆکراسیخوازی لە ئێران دا، لە سەردەمێکی نوێ ترو لە ئاستێکی بەرفرهتردا، ڕەوتی دیمۆکراسیخوازی لە کۆمەڵگای ئێران دا پاش هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەتو کەم ڕەنگ بوونەوەی کەشو هەوای ڕامانی سوسیالیستیو چەپی ـ تەنانەت لە چەشنی ئایینییەکەی (چەپی سوننەتی) ـــ و شەڕی دووهەمی کەنداو، ڕووی لە گەشەکردن نا، بەڕێوەچوونی هێندێک پرۆژەی وەک پەرەدان بە کەرتی تایبەت (تایبەتی کردنەوە)وسیاسەتی هاوسەنگیی ئابووری کە بڕەوی بە لیبرالیزمێکی ئابووری دەدا. کەم کەم بواری گەشە کردنی بزاڤێکی دیمۆکراسیخوازی لە نێو ڕوناکبیرانو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران داک پێک هێنا. پەرەسەندنی ئەم بزاڤەو لیبرالیزمی ئابووری بوو بە هۆی گۆڕانێکی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگای ئێران دا کە تا ئەوکاتە خەسڵەتێکی توودەییو ئینقلابی هەبوو و خەڵک بە شێوەی بەسیجی پۆپۆلیستی لە دەسەڵاتدا بەشدارییان دەکرد، بە چەشنێک کە گوتارێکی دیمۆکراتیکو بەشدارییەکی عەقڵانی و دیمۆکراتییانە لەم کۆمەڵگایەدا تەشەنەی کرد.

لە ئاکامی ئەم ڕەوتە دا بوو کە بەها شوڕشگێڕییەکان کەمکەم بەرەو لاوازی چوون و جێگای خۆیان بە هێندێ بەهای عەقڵانیو ڕەخنەگەرانەدا، ئەم بزووتنەیە لە جۆزەردانی ١٣٧٦ دا گەیشتە چڵەپۆپەی خوێ، لە کاتێک دا کە خەڵک بە دەنگ دان بە خاتەمی (ئەگەر چی بۆ خۆی لە قسەو دروشمەکانی دا ڕاست نەبوو)(نا) یەکی گەورەیان بە نیزامی ئایدۆلۆژیکو ئۆتوریتەگەرای کۆماری ئیسلامی گوت.

کاراکتەری بە جیهانیبوونو گەشەکردنی ئامرازەکانی پێوەندی گشتی پێوەندییەکی ئورگانیکیان لەگەڵ دیمۆکراسیدا هەیە بۆیە لە ئێران دا باندۆرێکی پۆزیتیڤیان لە سەر بردنەسەرەوەی ڕادەی هۆشیاریو داخوازە دیمۆکراتییەکانی خەڵک وەک ئازادی بیروڕا. "قانوونگەرایی، خواستی کۆمەڵگای شارستانیو. . . هەبوو، لە لایەکی دیکەش، هەر ئەم فاکتەرانە بواری هوشیاریی نەتەوەییو پێکهاتنی ناسنامەی کولتووریو نەتەوەیی تایبەتیان بۆ کەمە نەتەوەکانی ئێران ڕەخساندو ناسنامەی ئێرانییان کە لە ژێر دەسەڵاتو ئۆتوریتەی فارسو شیعەکاندا بووو تووشی تەنگژە کرد. ئەم کێشەیە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێستا زۆربەی بیرمەندانو خاوەن بۆچوونە سیاسییەکان ساوکەو دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی بۆ دەستەبەر کردنی دیمۆکراسیو پاراستنی یەکپارچەیی ئێران بە پێویستییەکی بێ ئەملاوئەولا دەزانن.

لە ئێراندا دیمۆکراسییەکی ڕواڵەتی واتە هێندێ نیهادی وەک هەڵبژاردنو پارلمان بوونیان هەیە کە لە ڕاستی دا هێندێ نیهادی تەشریفاتینو دەسەڵاتی بنەمایی بڕیاردان نەلە دەستی خەڵکو پارلمان، بەڵکو لە دەستی ویلایەتی فەقیەو ئەو ئۆلیگارشییە ئاخوندییە دایە (شوورای نیگابان) کە لە دەوروبەریدان.

سەرهەڵدانی هێندێک کێشەی وەک:

١ـ دروست بوونی کەلێن لە نێو ریزەکانی ئۆلیگارشی دەسەڵاتداردا کە ڕێگای دەرکەوتنی بیرو بووچوونی جیاوازی کردەوە.

٢ـ پەرەسەندنی فێرکردنو پەروەردە لە نێو جەماوەردا کە ئاستی هوشیاریو خواستەکانی خەڵکی بەرز کردەوە.

٣ـ پەرەسەندنی چینی ناوەندی کە لایەنگری لە لیبرالیزمی ئابووری و سیاسی دەکا.

٤ـ پەرەسەندنی تایبەتمەندییە کانی مۆدێرنیتە وەک عەقڵگەراییو تاکگەراییو کەوتنە دژایەتییان لەگەڵ تایبەتمەندییە ئایدیۆلۆژیکەکانی کۆماری ئیسلامی دا.

٥ـ بە دی هاتنی هێندێ تەعبیری پلۆرالیستی لە ئایین

٦ـ قەیرانی ڕەوایی، بەشداری و کارامەیی نیزام

٧ـــ بەجیهانیبوون لە بوارەکانی، کولتوور، پێوەندییەکانو ئابووری، کە وەک فاکتەرێکی دەرەکی زەختی خستۆتە سەر ڕێژیم.

بوونەتە هۆی ئەوەی کە ریفۆرمیستەکانی نێو دەسەڵات هەوڵ بدەن لایەنە دیمۆکراتیکەکانی نیزام بە هێز بکەنو ئەو دیمۆکراسییە ڕواڵەتییە بەرەو قۆناغێکی سەرترکە "شێوە دیمۆکراسی" بێ پاڵ پێوە نێن، ئەگەر چی شێوازی جووڵانەوەو ئاکامی کردەوەو هەڵوێستەکانی زۆربەی ئەو ریفۆرمیستانە وا لە مرۆڤ دەکا گومان لە نیاز پاکییان لە دروشمو داخوازەکانیان بکا، بەڵام سەرە ڕای ئەوە، ئەو هەنگاوانەش کە بەرەو دێمۆکراتیزە کردنی ڕێژیمو چاکسازی هەڵگیران، لە ئەنجامداتووشی هێندێ بەربەستی وەک:

١ـ دژایەتی کردنی پاوانخوازانو ئۆلیگارشی ئاخوندی.

٢ـ بەربەستی یاسای بنەڕەتی، کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بڕیاردانی خستۆتە دەست وەلیی فەقیە و ئۆلیگارشی ئاخوندیو ڕەوایی بە پاوانخوازیو سەرەرۆییان دەدا.

٣ـــ ڕاست نەبوونی ریفۆرمیستانی نێو دەسەڵات لەگەڵ ئەو ریفۆرمیستانەی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدان.

هاتنو نەیانتوانی لە وێزەی دەسەڵاتی ئۆتوریتە گەراو توتالیتێری کۆماری ئیسلامی بێن و بەرەو سەقامگیر بوونی دیمۆکراسیو دابەشکردنی دەسەڵات هانی بدەن.

بەڵام پاش کارەساتی ١١سێپتامبر کە پرۆسەی بە جیهانیبوونو دیمۆکراتیزاسیۆن بە شێوەی پراکتیکو لە لایەن زلهێزانی جیهانەوە هاتوەتە گۆڕێ، کێشەکە کەوتۆتە قۆناغێکی نوێیەوە. ڕەنگە تا ئێستا ڕێژیم بۆی لوابێ، لە بەرامبەر گوشاری نێوخۆییوشاڵاوی خواستی گۆڕانی سیاسی ودیمۆکراسیخوازی خەڵکدا خۆی ڕاگرێ بەڵام ناتوانی لە بەرامبەر شاڵاوی جیهانی بە جیهانیبوونو دیمۆکراتیزاسیۆن،کە بە خێرایی و بە هەر جۆرێ هەبێ، وڵاتانی جیهان لەگەڵ خۆی دەخا، بەرخۆدان بکا.

کە وابوو ئێستا کۆماری ئیسلامی لە بەردەم ڕەوتێکی ناچاری دایەو لە ناخی خۆیدا تووشی هێندێ ناتەبایی هاتوە ، ناتەبایی لە نێوان تایبەتمەندیو بەهاکانی لەگەڵ ئەو بەهاو تایبەتمەندییانەکە بەرهەمی بە جیهانیبوونو دنیای ئەوڕۆ بانگەشەیان بۆ دەکا.

بۆیە دەکرێ بڵێین کۆمار یئیسلامی وەک زۆربەی ئەو نیزامە نەریتخوازانەی کە ئیکسپایەر بوونەتەوە، گەیشتۆتە هیڵی کۆتاییتەمەنی، چونکە نەدەتوانی چاوی بە سەر ئەو ڕاستییانەدا بنوقێنێو لە بەر چاوەیان نەگرێ، لە بەر ئەوەی کە لە سەردەمی بە جیهانیبوون دا جیهان بۆتە سیستمێکی ئۆرگانیکیو وڵاتانی دونیا وەک ئەندامانی ئەو ئورگانیزمە هەرکام ڕۆڵی خۆیان دەبینن ناتەباییو چەوتی ئەندامێک لە سەر هەموو ئەوگانیزمەکە کاریگەری دەبێو هیچ ئەندامێک بۆی نیە خۆی لەو ڕێسایە دەرباوێژێ، هەروەها توانای خوگونجاندنیشی لەگەڵ ئەو نەزمە نوییەو گۆرانکارییانەدا نیە، چونکە ئەو بنەمایانەی کۆماری ئیسلامی لە سەریان دامەزراوە وەک ویلاییتی فەقیە، بنەماخوازی ئیسلامی و. . . لەگەڵ سیستمی دیمۆکراتیک کە باسی دەسەڵاتی خەڵکی، پلورالیزم، سکۆلاریزمو . . . دەکا لە ناتەباییەکی تەواودان.

❊ ❊ ❊

ژێدەر:

١ـ گل محمدی ـ احمد، هویتهای حاشیەای قومیتهاو جهانیشدن، ڕۆژهەڵات، شمارە پنجم، دوشنبە ٢٤ فروردین١٣٨٣

٢ـــ بشیریە ـ حسین، دیباچەای بر جامعەشناسی ایران، موسسەنگاە معاصر، چاپ اول، ١٣٨١، تهران

٣ـ رفیع پور ـ فرامرز، توسعە و تضاد، شرکت سهامی انتشارات، چاپ چهارم، ١٣٧٩ تهران

# پەرەگرتنی دیاردەی لەشفرۆشی، قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییە

**خەدیجە مەعزوور**

دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێراندا، کە ئێستا بۆتە گیروگرفتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی ـ دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵام، بەردەوام لە نێو دسەڵاتبەدەستاندا دەگوترێتەوە کە لەشفرۆشی دیارییو دیاردەی وڵاتانی ڕۆژئاوایە کە کاتی خۆی ڕێژیمی پاشایەتی وەک فەرهەنگێک لە ئێراندا کردویەتە باوو بە شێوەی جۆراوجۆر پەرەی پێداوە. بەدوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا، دەسەڵاتبەدەستانی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوو بە ڕواڵەت بۆ خاشەبڕکردنی ئەم دیاردەیە، هەراو هەنگامەیەکی زۆریان ساز کردو پاشان هەموو ئەو شوێنو ناوەندانەی کە لەشفرۆشیو فەسادی جینسییان تێدا دەکرا، لە نێو بردو هەموو ئەو ژنو کەسانەی کە لەو بوارەدا کاریان دەکردو دەستیان تێکەڵ بوو، دەسگیر کرد، تا بەم شێوەیە فەساد لە کۆمەڵدا ریشەکێش بکەن. ئەم دیاردەیە بۆ ماوەیەکی کورت ڕووی لە کزی کرد. بەڵام، پاش ماوەیەک کە سیاسەتو بۆچوونە چەوتەکانی ڕێژیم بەرامبەر بەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە ڕوون بۆوە، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پەرەی گرتەوەو ئەگەر لە پێشوودا لە شوێنە تایبەتییەکانو لە ژێر چاوەدێریی ئیدارەی لەشساغیدا ئەم کارەیان دەکرد، ئێستا لە زۆر شوێن بە ئاشکراو بە نهێنی، خەریکی لەشفرۆشین، کە ئەم بارودۆخە بۆتە قەیرانێکو مەترسییەک کە هەڕەشە لە سڵامەتیی کۆمەڵگای ئێران دەکا.

هەرچەند ئامارێکی ڕەسمی لە بارەی ژنانی لەشفرۆش لە ئێراندا بە دەستەوە نیە، چونکە ڕۆژبەڕۆژ بە ژمارەی کچانو ژنانی ڕاکردوو لە ماڵەوەو چوونیان بۆ نێو لەشفرۆشانەوە زیاد دەبێ، بەڵام، هێندێک لە کاربەدەستان نەیان شاردۆتەوە کە هەر لە شاری تاران زیاتر لە ٢٠ هەزار ژن بە لەشفرۆشییەوە خەریکنو زیاتر لە ٥٠٪یشیان تووشی نەخۆشیی ئێدزو ٦٠٪یشیان گیرۆدەی ماددە بێهۆشکەرەکان بوونو ڕێژەیەکی بەرچاویشیان دوچاری نەخۆشی ڕەوانی بوون.

چ شتێک بۆتە هۆی ئەوە ژنانو کچان پەنا بەرنە بەر لەشفرۆشی؟ ئایا ئەگەر کچێک یا ژنێک پێداویستییە سەرەتاییو ئارەزووەکانی دابین بکرێ تا ڕادەیەک لە ئاسوودەییدا بژی، پەنا بۆ ئەم کردەوەیە دەبا؟ ئەگەر لە ئاسوودەییدا ڕێگایەکی ئەوتۆ بگرێتەبەر، ئەوە دەبێ لە باری دەروونیو ڕەوانییەوە لەجێیدا دەتوانن ببنە هۆی ئەوە کە ژنان بۆ لای دیاردەی لەشفرۆشی ڕاکێشرێن.

لەپێشدا، خولقێنەرو پێکهێنەری بەشێکی زۆر لە دەردو مەینەتییەکانی ژنان لە ئێراندا، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە گەلێک دیاردەی دزێوی لەگەڵ خۆی هێنا کە ڕاستەوخۆ شوێنی لەسەر ژیانی ژنان دانا وەک، شەڕ، بێکاری، دەسکورتی، خراپیی باری ژیانو بەرێچوونو بڵاوکردنەوەی ماددە بێهۆشکەرەکان لە نێو خەڵکدا بەو مەبەستە شیرازەی ژیانی خەڵک لێک بترازێ، تەڵاق برەو پەیدا بکاو لە ئاکامدا سەرکوتکردنی ئاواتو ئارەزووەکانی کچانو ژنان لە ماڵەوەو لە کۆمەڵدا زیاتر بێ. ژنان لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا باری قورسی ژیانو بەخێوکردنی منداڵیان دەکەوێتە سەرشان کە پیوانەو بایەخە مرۆییەکان جێگایان لە کۆمەڵدا نامێنێو' نەداری بەربینگ بە ماڵ دەگرێو ژنان لە ژێر فشارو پەستۆی



ڕۆحیدا نازانن پەنا بۆ کوێ بەرن؟ کاتێک دەست و پێوەندەکانی ڕێژیم لەمپەر لەسەر ڕێگای ئەو ژنانەی هەوڵی پەیداکردنی بژێوی بۆ منداڵەکانیان دەدەن پێک دێنن، ڕێگاچارە چییە؟ ئەگەر ژنێک بە هەر نرخێک وەدوای نان بکەوێ، لەشفرۆشی، فەسادی لێ دەکەوێتەوە دەبێتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتیو هەموو کۆمەڵ دادەگرێو دەبێتە قەیرانێک کە تەنانەت ناوەندو بنیاتە بڕیاردەرەکانیش ناتوانن چارەسەری بکەن.

لەشفرۆشی چیە؟ کچێک یا ژنێک کە بۆ وەدەستهێنانی پارەو بۆ دامرکاندنی مەیلی جینسیی پیاو، تەسلیمی پیاو دەبێ، ئەو ژنە لەشفرۆشانە نەدەتوانن کڕیار هەڵ بژێرنو نە لە بواری جینسییەوە چێژ وەردەگرن. یا لەشفرۆش بەو کەسە دەڵێن کە هیچ کارو شوغڵێکی تایبەتی نەبێو هەر لە ڕێگای لەشفرۆشییەوە پێداویستییەکانی ژیانی دابین بکا.

دەسەڵاتبەدەستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە، کە وەک هەزاران پرسگرێکی دیکەی کۆمەڵایەتی تەشەنەی کردووەو کۆمەڵی ئێرانی بە فەساددا کێشاوە، گەڵاڵەیەک لە ژێر ناوی "عەفاف"دا بڵاو کردەوەو لەم گەڵاڵەیەدا هێندێک ڕێگاچارە بۆ ژنانی لەشفرۆش گونجا بوو. هەرکاتی خۆی زۆر لە ڕووناکبیرانو ژنانو تەنانەت دامودەزگاکانی ڕێژیمیش بە دژی ئەم

بۆ لاپەڕەی ١١

# هەواڵــــە وەرزشی‌یەکان

**ئەشکان**



## کاراتەی یانەکانی ئێران و سەرکەوتنی کرماشان

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی بانەمەڕ لە شاری تاران، یاری‌یەکانی قارەمانیی کاراتەی یانەکانی ئێران کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا ٢٤ تیم لە ١٨ ئۆستانی ئێران بەشدار بوون کە لە ئاکامدا تیمی فەرهەنگیی کرماشان پلەی یەکەمی کۆمیتەی تیمیی ئێرانی وەدەست هێنا. بەدوای کرماشاندا تیمەکانی "بەهەشتی"ی ئیسفەهان و "ئازەرفەر"ی ورمێ پلەی دووهەم و سێهەمیان وەدەست هێنا.

## سەرکەوتنێك بۆ نابیناکانی کرماشان

پێنجەمین خۆلی یاری‌یەکانی گۆڵبال (کە تایبەتە بە نابینا و کەمبینا) ڕۆژی دوو شەممە ٢١ی بانەمەڕ لە شاری یەزد کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا بەدوای تیمی قەزوین کە پلەی یەکەمی وەدەست هێنابوو، تیمی کرماشان پلەی دووهەمی ئێرانی وەدەست هێنا و تارانیش بە پلەی سێهەم رازی بوو.

## بانگهێشت لە فواد کاسب، ڕاهێنەری تیمی پینگ‌پۆنگی پاکستان

ڕۆژی شەممە ٢٦ی بانەمەڕ فیدراسیۆنی پینگ پۆنگی پاکستان پێشنیارێکی پێشکەشی فواد کاسب، ڕاهێنەری تیمی پینگ پۆنگی ئێران کرد تا ڕاهێنەریی تیمی پاکستان وەئەستۆ بگرێ. دیارە تا ئێستا لەلایەن فواد کاسبەوە هیچ وەڵامێك نەدراوەتەوە. کاسب خەڵکی شاری سنەیە کە لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویدا، چەندین جار پلەی یەکەمی پینگ پۆنگی ئێرانی وەدەست هێناوە و لەم دوایانەشدا بەهۆی زەحمەتەکانی ناوبراو، تیمی ئێران چەندین سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا.

## جەلال مورادی باشترین ناوبژیوانی لیگی حیرفەیی ئێران

ڕۆژی شەممە ٢٦ی بانەمەڕ، فیدراسیۆنی فوتباڵی ئێران لە دانیشتنێکدا باشترینەکانی سێهەمین خۆلی لیگی حیرفەیی فوتباڵی ئێرانی دیاری کرد. لەم دیاریکردنەدا جەلال موڕادی ناوبژیوانی کرماشانی وەك باشترین ناوبژیوان دیاری کرا. ناوبراو لە یەکەمین خولی لیگی حیرفەیی فوتباڵدا بە باشترین ناوبژیوان دیاری کرا.

## سەرکەوتنی چەند ئافرەتی کرماشانی لە ووشۆی ئێراندا

ڕۆژی سێشەممە ٥ی جۆزەردان بە بەشداریی ١٢٠ یاریزانی ووشۆ لە ١٢ ئۆستان، یاری‌یەکانی ووشۆی قارەمانیی ئافرەتانی ئێران بە مەبەستی دیاریکردنی تیمی ئێران بۆ بەشدرایی لە یاری‌یەکانی ئاسیایی لە شاری تاران بەڕێوە چوو.

لە ئاکامی ئەم یارییانەدا سێ کچی کرماشانی پلەکانی دووهەم و سێهەمیان وەدەست هێنا. لە کێشی ٥٢ کیلۆدا، ئەکرەم تاهیری پلەی یەکەم، لە کێشی ٧٠ کیلۆدا سونیا میرانی پلەی سێهەم و لە کێشی ٧٥ کیلۆدا، فاتمە مەولایی پلەی دووهەمی ئەم یارییانەیان وەدەست هێنا.

## ٢٣ی جۆزەردان، دستپێکردنی جامی نەتەوەکانی ئورووپا

ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی جۆزەردان یاری‌یەکانی فوتباڵی جامی نەتەوەکانی ئورووپا لە شاری لیسبونی پورتەغاڵ بە یاریی پۆرتەغاڵ ـ یونان (وەك یاریی کرانەوە) دەست پێ دەکا.

ئەم یارییانە هەر چوار ساڵ جارێك بە بەشداریی ١٦ وڵاتی سەرکەوتووی یاری‌یەکانی سەرەتایی دەست پێ دەکا کە لە نێوان چوار گرووپی چوار تیمی‌دا دابەش دەکرێن و یەکەم و دووهەمی گرووپەکان بۆ قۆناغی یەك چوارەم دیاری دەکرێن. گرووپەکان بەم شێوەیە دیاری کراون:

گرووپی A : پۆرتەغاڵ، ئیسپانیا، رووسیە، یونان

گرووپی B : فەرانسە، ئینگلیس، کرۆواسی، سوئیس

گرووپی C : ئیتالیا، دانمارك، سوئێد، بولغارستان

گرووپی D : ئاڵمان، هۆلەند، چێك، لیتوانی

یەکەمین خولی ئەم جامە ساڵی ١٩٦٠ دەستی پێ کردووە و تا ئێستا یازدە خولی بەڕێوە چووە. پێویستە بگوترێ لە خولی پێشوودا (٢٠٠٠) فەرانسە بەدوای سەرکەوتن لە یاریی کۆتایی لە بەرامبەر ئیتالیادا بۆ دووهەم جار ئەم جامەی بردەوە.

## پۆرتۆ قارەمانی جامی یانەکانی ئورووپا

ڕۆژی چوارشەممە ٦ی جۆزەردان، لە یاریگای "ئەرینا"ی ئاڵمان لەبەردەم زیاتر لە ٦٥ هەزار بینەر، چل و نۆهەمین خولی جامی یانەکانی ئورووپا بە قارەمانیی پۆرتوی پۆرتەغال کۆتایی پێ هات. ئەم یاری‌یە لە نێوان یانەکانی پۆرتو (پۆرتەغال) و موناکۆ (فەرانسە) بە ناوبژیوانی "کیم میلتۆن نیلسن" دەستی پێکرد. موناکۆ بە پێچەوانەی یاری‌یەکانی پێشوو لەم یاری‌یەدا نەیتوانی دڵی لایەنگرانی شاد بکا و ئەوە یاریزانانی پۆرتۆ بوون کە بە یاریی بەهێز و کەڵك وەرگرتن لە هەلەکان، توانیان لە خولەکانی ٣٩، ٧١ و ٧٩ بەهۆی کارلوس ئەبێرتۆ، دیکۆ سائۆزا و دیمێتری ئالیچنیف، سێ گۆڵ تۆمار بکا تا یاری ٣ ـ ٠ بە قازانجی پۆرتو کۆتایی پێ بێ و ئەم یانەیە بۆ جاری دووهەم قارەمانیی ئەم جامە وەدەست بێنێ.

پێویستە بگوترێ پۆرتو ساڵی ١٩٨٧ بەدوای سەرکەوتنی ٢ ـ ١ لە بەرامبەر یانەی "بایرن مونیخ"ی ئاڵماندا بۆ یەکەمجار ئەم جامەی بردەوە.

❊❊❊

# ئاکامە لاوازەکانی یانەی یەك میلیارد دۆلاری!

**مەهدی بەدری**

جامی یانەکانی ئورووپا ئەمساڵ لەگەڵ هەورازو نشێوێکی زۆر بەرەوڕوو بووە. زۆربەی یانە بەهێزەکانی ئورووپا بەهۆی یانە مام ناوەندی‌یەکان لە درێژەی یاری‌یەکان و وەدەستهێنانی جامی قارەمانی‌دا وەلانران. وەلانانی ئاسێ میلان قارەمانی خۆلی پێشوو، یووڤینتووس، مەنچێستر یۆنایتێد، بایرن مۆنیخ، ئارسناڵ، بارسلۆنا، چلسی و لە هەمووی گرنگتر وەلانانی ڕێئال مادرید بەهۆی موناکۆی فەرانسە بوو، کە دەتوانین بڵێین یەکێك لە چاوەڕوان نەکراوترین ئاکامەکانی ئەم جامە بوو.

کاتێك ئاوڕێك لە یانەی ڕێئال مادرید دەدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ پۆلێك لە باشترین یاریزانانی جیهان لە تەواوی پۆستەکان لەم یانەیەدا کۆ بوونەتەوە. زەیدان باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵەکانی ١٩٩٨، ٢٠٠٠ و ٢٠٠٣، ڕۆناڵدۆ باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵەکانی ١٩٩٦، ١٩٩٧، ٢٠٠٢، فیگۆ باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠١، ڕۆبێرتۆ کارلۆس باشترین بەرگریی چەپی جیهان، ڕاتۆل باشترین هێرشبەری جیهان لە چەند ساڵی ڕابردوودا، کالیاس یەکێك لە باشترین گۆڵچی‌یەکانی جیهان، بێکهام یەکێك لە باشترین یاریزانانی هێڵی نێوەڕاستی جیهان و... . ئەم یانەیە بۆ هێنانەریزی ئەم یاریزانانە بۆ ڕیئال بە سەدان میلیۆن دۆلاری تەرخان کردوە. بۆ وێنە بۆ گۆاستنەوەی زەیدان لە یووڤینتووس بۆ ڕێئال ٦٤ میلیۆن دۆلار، فیگۆ لە بارسلۆنا بۆ ڕێئال ٦٠ میلیۆن دۆلار، بێکهام لە مەنچێستیر یوونایتێد بۆ ڕێئال ٤٥ میلۆن دۆلار، ڕۆرناڵدۆ لە ئینترمیلان بۆ ڕێئال ٤٥ میلیۆن دولاری تەرخان کردوە. هەروەها نرخی یاریزانانی دیکەی ڕێئال هەر کامەیان لە نێوان ٢٥ تا ٣٥ میلیۆن دۆلارە دایە. کەوابوو ٢٧ یاریزانی ڕێئال نرخی گواستنەوەیان بۆ ئەم یانەیە هەروەها حەق‌دەستی ساڵانەیان کە لە یانەی ناوبراو وەری دەگرن، ڕەنگە خۆی لە نزیك ١ میلیارد دۆلار بدا. هەروەها بۆ هێنان و دیاریکردنی کادری فەننی وەك: ڕاهێنەرەکان، سەرپەرەست، دوکتور، تەداروکات و...، ئیمکاناتی ساڵانەی یانە و خەرجی ڕاگرتنی ئەو ئیمکاناتە وەك: یاریگاکان، فڕۆکەکان، پاسەکان، کاناڵی تەلەفیزیۆنی و...، بەگشتی خەرجی ئەم یانەیە لە یەك میلیارد دۆلار تێدەپەڕێ کە ئەو پوولە ڕەنگە بوودجەی ساڵانەی هێندێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بێ.

یانەیەك بەو هەموو ئەستێرەو ئیمکانات و سەرمایەوە لە بەرامبەر تیمێکی مامناوەندیی ئورووپا وەك موناکۆدا شکست دەخوا کە گرانترین یاریزانی مورینتس یاریزانی ئیسپانیایی‌یە کە ساڵی ڕابردوو لە ڕێئال مادرید بە ٣٠ میلیۆن دۆلار گۆاستراوەتەوە بۆ موناکۆ. یاریزانانی دیکەی ئەم یانەیە بۆ گواستنەوەی هەرکامیان لە نێوان ١ تا ١٥ میلیۆن دۆلار تەرخان کراوە. ئەم دوو یانەیە لە هیچ بوارێکدا بەراورد ناکرێن، هەموو پێوانەکان سەرکەوتنی ئاسانی ڕێئالی بەسەر موناکۆ دەردەخست، کەچی ڕۆژی ١٨ی خاکەلێوە لە شاری مونتی کارلۆ پێشبینی‌یەکان بە پێچەوانە دەرچوون. ئەوە موناکۆ بوو بە یاریی جوان، خێرا و بەهێزی سێ جار دەروازەی کاسیاسی کردەوە تا لە بەرامبەر تاکە گۆڵی ڕێئالدا، ئەم یارییە ٣ـ ١ بباتەوە و ڕێئال مادرید بە زەلیلی یاریگا بەجێ بێڵێ.

بۆ ڕێئال دۆڕا؟ ئایا لاوازی تاکتیکیی هەبوو یا ...؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانە، یاریزانانی ڕێئال هەرکامەیان لە تیمێکی دیکەدا دەتوانن ئەستێرەیەك بن و لە یاری‌یەکانی ئەو تیمەدا کاریگەرییان هەبێ. کاتێك ئەو هەموو ئەستێرەیە لە تیمێکدا کۆ دەبنەوە، ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوانە کەمتر لە خزمەت تاکتیك و کاری گرووهیی تیمدا دەبن و زۆرتر دەیانەوێ یاریی تاکەکەسیی خۆیان بە هاوتیمەکانیان نیشان بدەن. لە بەرامبەردا موناکۆ بەکاری گرووهی و ئەو پیلان و تاکتیکەی "دشامپ"ی ڕاهێنەر بۆی دیاری کردبوون، زۆر بە ئاسانی سەرکەوتنیان وەدەست هێنا.

ئەم ئەزموونە دەبێ بەڕێوەبەرانی ڕێئال وریا بکاتەوە کە بەهێنانی ئەستێرەکانی فوتباڵ ناتوانێ سەرکەوتن وەدەست بێنێ، بەڵکوو کاری گرووهی و فیداکاریی یاریزانەکان لە سەرکەوتنەکاندا زۆر بەرچاوە.

شکستەکانی ڕێئال تەنیا تایبەت بە جامی یانەکانی ئورووپا نەبوو، ئەم یانەیە لە هەردوو جامی نێوخۆیی ئیسپانیاشدا تووشی شکست بووە، لە جامی حەزفی بە ئۆسا سۆناد ۆراو لە جامی یانەکانی ئیسپانیاشدا لە چوار یاریی کۆتایی‌دا لە سێ یاری‌دا تووشی شکست بووو لە کۆتایی‌دا تەنیا پلەی چوارەمی وەدەست هێنا.

❊❊❊

**درێژەی لاپەڕەی ٤**

**وتووێژ لەگەڵ سەعید خان. . .**

کە هاتومە ئێرەو دەبینم بە ڕاستی ئیحساسی غورورو ئیفتیخارو شانازی دەکەم.

**پ: زۆر سوپاستان دەکەین و وەك دوایین قسە جەنابتان چ داوایەك و پێشنیارێکتان هەیە لە حیزب و بۆ حیزب و بۆ خەڵك، دەتوانن بیفەرموون؟**

و: وەڵلا من لەوە چکۆڵەترم کە داوام هەبێ، مونتەها ئومێدوارم کە ئیشەڵلا ئەو ڕەویەی کە ئەلعانەکە گرتووتانە پێشێ و شەخسییەتی حیزب و حیزبی دێموکراتی لە دەرەوەی وڵات پاراستوە و جێگای شانازیشە بۆ دانیشتووانی کوردی ئێرانیش، ئیشەڵلا ئەو شەخسییەتەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بێ و ئەو ئیفتیخارو ئینسیجام و مقاوەمەتەشی بەرەو خۆشی بەرەو باڵایی دەڕوا ئیشەڵلا.

**پ: زۆر سوپاس کاك سەعیدخانی هومایوون کە وەختی خۆتان لە ئیختیاری ئێمە نا. ئارەزووی سەرکەوتن و خۆشبەختیت بۆ دەکەین.**

و: ئەمنیش تەشەکورتان لێ دەکەم، خۆشحاڵم و خۆشم بە خۆشبەختو ساحێب ئیفتیخار دەزانم کە لە ماوەیەکی ئاودا بە خزمەت ئێوە گەیشتووم و جوابی سۆئالاتەکەی ئێوەم داوەتەوە.

زۆر سوپاس

**درێژەی لاپەڕەی ١٠ (پەرەگرتنی دیاردەی لەشفرۆشی. . .)**

گەڵاڵەیە هەڵوێستیان گرت. ئەگەر ئەم گەڵاڵەیەش بەڕێوەچووبا، بەم هۆیەوە کە دامودەزگاو بنکەو بنیاتەکانی ڕێژیم لە فەسادی جۆراوجۆردا نوقم بوون و ئەم دامەزراوە دەبێتە ڕێگایەکی دیکە بۆ سامان کۆکردنەوەو تێوەگلانی ژنانی بەدبەخت و چارەڕەشی دیکە لە فەساد. کەوایە ئەم جۆرە ڕێگاچارانە ناتوانن قەیران و گیروگرفتەکانی لەم چەشنە چارەسەر بکەن. بەم جۆرە هەولانە، هۆیەکان وەك خۆیان دەمێننەوە، تەنیا شوێنەوارو بەرهەم و ئاکامەکانیان، بە شێوەیەکی کاتی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. ئەوەی دەبێ دەرمانی بۆ بدۆزرێتەوەو چارەسەر بکرێ، ئەو گیروگرفتانەن کە دەبنە هۆی ئەوە ژنان لەگەڵ لەشفرۆشی‌دا بەرەوڕوو ببنەوە.

ڕەنگە بێجگە لە دەسکورتی و هەژاری و تێکچوونی باری دەروونیی ژن، شتێکی دیکەش هەبێ کە بۆتە پەرەپێدەری ئەم دیاردەیە، ئەویش لە ئاکام تێپەڕبوونی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و سوننەتی بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، بناغەی ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی‌یەکانی ئەو کۆمەڵە سوننەتی‌یە بێهێز بن، لەو حاڵەدا دوور نیە دیاردەی ئەوتۆش سەر هەڵ بدەن کە هەم قازانج و هەم زەرەر بە کۆمەڵ دەگەیەنێ. کۆمەڵگای سوننەتی و مەزهەبیی ئێرانیش لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە دیاردانە بەدوور نیە، هاتنەگۆڕی کەرەسەی مۆدێرن، بیری پێشکەوتوو و مۆدێرنی دەوێ. لە ئاکامی مۆدێرن بوونەوەی کۆمەڵدا هێندێ جار دیاردەی ناحەزو دزێوی وەك لەشفرۆشی و هەڵاتن لە ماڵەوەی لاوانیش دێنە ئاراوە.

❊❊❊

**درێژەی لاپەڕەی ٨**

**(منداڵانی نێو قوڵکەکان، . . .)**

ڕێژیم دەرحەق بە منداڵانی کورد هەر بەوەندە نابڕێنەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانی‌یەوە بە گرنگی‌پێدان بە مەسەلەی پەروەردەکردنی زانستی منداڵان و بایەخدان و ڕێزنان لە دنیای منداڵان و هەوڵی بەکردەوەش لە ڕێگەی خزمەتکردن بە گەشەکردنی منداڵان کارنامەیەکی پڕ لە شانازیی هەیە. دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بە منداڵان لە سەردەمی کۆمار [گڕوگاڵی منداڵانی کورد]، چاپی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی بۆ قۆناغی سەرەتایی خوێندنی منداڵان، دامەزراندنی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن لە ناسکترین و دژوارترین هەلومەرجی سیاسی‌دا، ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەکان و تەنانەت کردنەوەی قوتابخانەی نوێ لە دەیەی شەستی هەتاوی‌دا و دەرکردنی بڵاوکراوەی "دنیای منداڵان" لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا و بەڕێوەبردنی یەکەمین فستیڤاڵی هونەریی منداڵانی کوردستانی ئێران نموونەی بایەخدانی حیزب لە بواری پەروەردەو فێرکردن و بارهێنانی منداڵانە.

هەلومەرجی سەپاو بەسەر ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا داهاتووی منداڵانی پتر لە هەموو کاتێك خستۆتە مەترسی‌یەوە. منداڵان پێویستە لە هەموو ئیمکانات و پێداویستی‌یەکانی ژیان وەك ئیمکاناتی پزیشکی، ئامووزشی و فێرکاری، پەروەردەیی و خۆشگوزەرانی بەهرەمەند بن بۆ ئەوەی داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگای دواڕۆژ بن.

لە شاری بێ‌خیاباندا گەورە دەبن
لە ڕایەڵەی لاکۆڵان و کووچەی تەنگی بەربەستراودا
ئاوێنەی دووکەڵی کوورەو
قاچاخچیەتی و زەردە برین
چەند دەسکەلا لە گیرفاندا و
قۆچەقانی بە دەستەوە
منداڵانی بێ ناو نیشان
منداڵانی نێو قوولکەکان
❊❊❊
لیتەجاڕی چارەنووسی بێ بەزەیی لە پێشیان و
جنێوی باوکانی ماندوو لە دویان
نەفرینی دایکانی وەڕەز لە گوێیان‌دا و
هیچ لە هیوا و لە سبەینێ لە مستیان‌دا
منداڵانی بێ ناوو نیشان
منداڵانی نێو قولکەکان
بە جەنگەڵی بێ‌بەهارەوە دەپشکوێن
بە چڵی داری بێ‌ڕەگەوە بەر دەگرن
منداڵانی بێ ناوو نیشان
منداڵانی نێو قوولکەکان
پڕ بە گەرووی خوێناوییان دەچریکێنن و
ئەو کاتەی کە دەشکێنەوە
ئاڵایەکی بەژن بەرزیان بەدەستەوە
کاوەکانی نێو قوولکەکان
کاوە ئاڵا هەڵگرەکان

شێعری: "منداڵانی نێو قوولکەکان"ی ئەحمەد شاملوو، وەرگێڕانی: ناسری حیسامی

**درێژەی لاپەڕەی ٩**

ئەم مەرج و مافەی بۆ خۆی پاراستبێ، جێبەجێکردنی بەندی ١ی ئەم ماددەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە دەوڵەتانەدا، بە ئەرکی خۆیان نازانن.

٣ـ هەر دەوڵەتێکی ئەندام کە مەرج و مافی خۆدەرهاویشتن لە بەندی ٢ی ئەم ماددەیەی بۆ خۆی هێشتۆتەوە، هەرکات بیهەوێ دەتوانێ بە نووسینی نامەیەك بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو مەرج و مافە وەلابنێ.

**ماددەی سی و یەکەم**

١ـ دەوڵەتێکی ئەندام هەرکات بیهەوێ دەتوانێ لە ڕێگای نووسراوەیەك بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم کۆنوانسیۆنە هەڵ وەشێنێتەوەو، دەرچوونی خۆی لەم پەیماننامەیە کە لە ڕاستی‌دا بە مانای داماڵینی هەر چەشنە دەروەست و بەرپرسیارەتیی خۆی لە ئاست نێوەرۆکەکەیەتی، ڕابگەیەنێ.

٢ـ ئەم هەڵوەشاندنەوەو وەدەرکەوتنە، لە بەرپرسیارەتی و دەروەست بوونی دەوڵەتی ئەندام بەرامبەر بەو کردەوانەی هەتا کاتی وەڕەسمی‌گەڕانی دەرچوونەکەی ئەنجامی داون، کەم ناکاتەوەو، ناتوانێ لەسەر ڕێی درێژەی لێکۆڵینەوەی کۆمیتە لە کارو کردەوەکانی پێش ئەو ماوەیەدا، ببێتە کۆسپ.

٣ـ پاش ئەوەی ڕەوتی چوونەدەری دەوڵەتێك لە کۆنوانسیۆن گەیشتە دواقۆناغ و ڕەسمییەتی پەیدا کرد، کۆمیتە ئیدی لە کاروباری دەوڵەتی وەدەرکەوتوو ناپرسێتەوە.

**ماددەی سی و دووهەم**

١ـ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەم کۆنوانسیۆنەیان مۆر کردوەو پێیەوە پەیوەست بوون، ئاگادار دەکاتەوە لە:

ئەلف: ئیمزاکان (مۆرکردنەکان)، پەسندکردنەکان و پێوە پەیوەست بوونەکان بەپێی ماددەکانی ٢٥ و ٢٦

ب: کاتی دیاریکراو بۆ دەست پێکردنی بەڕێوەچوون و جێبەجێکردنی کۆنوانسیۆن بە گوێرەی ماددەی ٢٧ و، کاتی دیاریکراو بۆ ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری‌یەکان بە گوێرەی ماددەی ٢٩

ج: هەڵوەشاندنەوەی ئەندامەتی و چوونەدەری دەوڵەتان لە کۆنوانسیۆن بە گوێرەی ماددەی ٣١

**ماددەی سی و سێهەم**

١ـ دەقە عەرەبی، چینی، ئینگلیسی، فەرانسی، ڕووسی و ئیسپانیایی‌یەکەی ئەم کۆنوانسیۆنە وەك یەك ئیعتیباریان هەیەو، هەموویان لەلای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ئەمانەت دادەنرێن.

٢ـ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وێنەی بڕواپێکراوی دەقی ئەم کۆنوانسیۆنە بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام دەنێرێ.

(❊) ئەم نووسراوەیە "ن، نووریزادە" دانیشتووی مۆنترال لە کانادا کردوویە بە فارسی. دەقی ئەم کۆنوانسیۆنە لە سایتی "ایران امروز" وەرگیراوە.

بەشی یەکەمی وەرگێڕانی کوردیی ئەم کۆنوانسیۆنە لە ژمارەی پێشووی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 390 4 June 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری
لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com


## دیارییەک بۆ منداڵانی کورستان

### بڵاو بونەوەی CDی یەکەمین فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ئێران



بەشی فیلمی سەر بە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم دوایییانە CDی یەکەمین فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ئێرانی بەرهەم هێناوەو بڵاوی کردۆتەوە.

CDی یەکەمین فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ئێران گوڵبژێرێك لە بەرنامە هونەری، ئەدەبیو وەرزشیو چالاکییەکانی منداڵانی بەشدار لە یەکەم فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی لەخۆوە گرتوە کە لە ڕۆژانی ١٦ تا ١٩ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی حیزب بەڕێوە چوو.

ئەم CDیە وەك دیارییەك بۆ منداڵانی کورد لە پێشوزایی لە ڕۆژی ١ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان ئامادەو پێشکێشی هەموو منداڵانی کوردستان کراوە.

## ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی جۆرج تابووری

## بەتەمەنترین کەسایەتیی شانۆیی جیهان



جۆرج تابووری شانۆنامەنووسو دەرهێنەرو ئەکتەری بەناوبانگی شانۆ لە ڕۆژی ٢٤ی مانگی مەی ئەمساڵ واتە ٤ی جۆزەردانی ١٣٨٣دا بوو بە نەوەد ساڵە. جۆرج ئێستا وەك بەتەمەنترین کەسایەتیی شانۆیی جیهان ناسراوە. لە ڕێورەسمێکی گەورەدا کە ڕۆژەکانی یەك شەممەو دووشەممە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی لە بێرلین بەڕێوەچوو کۆمەڵێك میوان بۆ وێنە "یوهانس رائۆ" سەرۆك کۆماری ئەڵمانو کۆمەڵێك کەسایەتیی بەناوبانگی هونەریی جیهان بەشدار بوون.

جۆرج تابووری لە ساڵی ١٩١٤ لە بنەماڵەیەکی جوولەکە (یهود)دا لە "بوداپێست" لە دایکبوو. لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بە مەبەستی بینینی خولی هوتێلداری دەچێتە بێرلین. دوای گەڕانەوە لە بێرلین وەك ڕۆژنامەنووسو وەرگێڕ لە بوداپێست دا خەریکی کارکردن دەبێ.

لە ساڵی ١٩٣٦دا لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی حیزبی فاشیستی ناسیونال سوسیالیستەکان بەرەو لەندەن کۆچ دەکا. هاوکات لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووسی لە دەورانی شەڕ لە ساڵەکانی ١٩٤١ تا ١٩٤٣دا دەورەی خزمەتی نیزامییەکەی لە ئەرتەشی ئینگلستان دا بە ئەنجام گەیاند، پاشان لە هەواڵدەریی B.B.Cدا دەستی بە کار کردو وەك هەواڵنێر چووە بولغارستانو تورکیەو لەوێ گیرسایەوە.

لە ساڵی ١٩٤٣دا یەکەم ڕۆمانی بە چاپ گەیاند. لە ساڵی ١٩٤٧دا تەواوی بنەماڵەکەی لەلایەن حکوومەتی نازییەکانەوە لە ئاڵمان کوژرابوون، هەربۆیەش ڕۆیشت بۆ ئەمریکاو بۆ ماوەی ٢٠ساڵ لەو وڵاتەدا مایەوە. لەوێ لەگەڵ بێرتۆلد برێشت یەکتریان ناسی. هەرچەند چیرۆکەکانی بۆ فیلم ناوبانگیان بەدەست هێنابوو، بەڵام درێژەی بە کاری شانۆدا. لە ساڵی ١٩٥٢دا شانۆنامەی "فڕین بۆ میسر"ی چووە سەر سێنو دواتر یەکەم بەرهەمی دەرهێنەریی لەگەڵ ئیستێریند بێرگ بە ناوی "کیژۆڵە ژوولی" نیشان دا. لەساڵی ١٩٦٨دا بۆ دەرهێنانی شانۆنامەی مرۆڤخوران لە شانۆی شیلردا گەڕایەوە بۆ بێرلین. جۆرج شانۆی ئاڵمانی بە باشترین شانۆ دەزانی، هەربۆیەش لەو کاتەوە بەردەوام سەفەری دەکرد بۆ ئەڵمان. لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٧٨ لە بێرمەن بەرپرسایەتیی شانۆی بە ئەستۆوە بوو.

پاشان لە شارەکانی دیکەی ئاڵمان دا وەك بوخوم، کۆلنو مونیخ خۆی بە کاری دەرهێنەرییەوە سەرقاڵ کرد. لە ساڵی ١٩٨٦دا بەرپرسایەتیی شانۆی بە ناوبانگی "جەغز"ی ویيەنی وەئەستۆ گرت.

جۆرج خۆی وەك نامۆ لە هەموو شوێنێك پێناسە دەکرد. نیشتمانی شانۆیییەکەی لە چوار ساڵ لەوەپێشەوە لە شانۆی "ئانسامبێلی بێرلین"ە. ئێستاش لەگەڵ هاوسەری سێهەمی "ئورزولا هویفر" کە هونەرمەندی شانۆیە لەو شارەدا دەژین. ئەو پیری شانۆیییە بە هەموویەوە لە ١٧ وڵاتی دنیادا ژیاوە.

## دوای تێپەڕبونی پێنج سەدە ئوتومبیلەکەی داوینچی سازکرایەوە



بە تێپەڕبوونی پێنج سەدە لە مەرگی لیئۆناردۆ داوینچی، ئەندازیارو هونەرمەندی بەتوانای ئیتالیایی، سەرەنجام زانایانی ئەو وڵاتە توانیان گەڵاڵەی داوینچی بۆ سازکردنی ئوتۆمبیلێك بخوێننەوەو دووبارر دروستی بکەنەوە.

ئەم ئوتۆمبیلە نوێیە بە باوەگەورەی ئوتۆمبیلەکانی ئەمڕۆ دەژمێردرێ.

نەخشەی داشقەی خۆکاری داوینچی (١٥١٩ـ١٤٥٢ی زایینی) کە لە یەکێك لە کتێبەکانی ئەودا هاتوە، هەمیشە ببوە مایەی سەرلێشێواویی زانایان، هۆی ئەم سەرلێشێواوییەش تا رادەیەك دەگەڕایەوە بۆ هێندێك کەموکوڕی کە لە نەخشەکەدا نەهاتبوو.

بەڵام کارناسانی فلۆرانس، سەرەنجام توانیان نەخشەی ئوتۆمبیلەکە کە لەلایەن مامۆستای سەردەمی ڕێنسانسەوە داڕێژرابوو، سەرلەنوێ ساز بکەنەوەو بیخەنەوە گەڕ.

ئەم داشقەیە تا مانگی ژوئەن لە شاری فلۆرانس دەخرێتە بەر چاوی بینەران.

### راڤەیەکی هەڵە

پسپۆڕانی نوێی داوینچی بۆ زیاتر لە یەك سەدە خۆیان لەگەڵ لاپەڕەی ٨١٢ی کتێبی "ئاتلانتیکۆس کۆدەکس" خەریك کردوە. لاپەڕەکانی دیکەی ئەم کتێبە پلانی سازکردنی داهێنانی سەرسوڕهێنەری وەك بایسکل تا ژێردەریایی لەخۆ گۆتوە.

لە رابردوودا مودێلی جۆراوجۆر لەسەر بنەمای نەخشەی داشقە دارینەکەی داوینچی سازکرابوو، بەڵام تا ئێستا کەس نەی توانیبوو ئەوانە وەگەڕ بخا، کە ئەویش بە هۆی راڤەیەکی هەڵە لە شوێنێکی نەخشەکەدا بوو.

بەڵام "کارلۆ پێدرێتی" ( Carlo Pedretti)، بە هەڵەکەی زانی کە دەگەڕایەوە سەر تەختە فەنەرەکانی داشقەکە.

ئەو بۆ سازکردنەوەی مۆدێلەی دیجیتاڵیی ئوتۆمبیلی داوینچیو ڕێکخستنی وردی چۆنیەتیی کارکردنەکەی چەندین ساڵ لەگەڵ پسپۆڕێکی ئەمریکایی دەزگا روبۆتیکەکان (خۆکار) هاوکاریی کرد.

ئاکامی ئەو هاوکارییە سازکردنی داشقەیەکی دارینە بە درێژرایی یەك میترە کە بە هێزی خۆی دەکەوێتە کارو ئێستا لە مووزەی مێژووی زانست لە فلۆرانس دانراوە.

دوکتور پێدرێتی لەو بڕوایە دایە کە وێدەچێ داوینچی ئەم ماشێنەی وەك مێزێکی گەڕۆك بۆ خوانی شاهانەی سەردەمی ڕێنسانس کە زۆربەی کات شوێنی نیشاندانی بەرهەمی هونەرمەندانو ئەندازیاران بووە، دروست کردوە.

سەلیقەو لێهاتوویی داوینچی بۆ خولقاندنو داهێنان، تەنانەت بەبێ بوونی هاندەرێکی ئاواسووکیش، بێوێنە بوو و سەدان ساڵ پێش داهێنانی ئوتۆمبیل، بە شێوەیەکی گومانلاوییش بێ ئەوی لە بیرۆکەی ئامرازێکی گواستنەوەی موتۆری نزیك کردەوە.

## ئینتێرپۆل خوازیاری شوێن هەڵگرتنی شوێنەوارە مێژوویییە دزراوەکانی عێراقە

**لە کۆتایی کۆنفرانسێکدا سەبارەت بە شوێنەوارە مێژوویییەکانی عێراق لە عومان پێتەختی ئوردۆن، لە وڵاتانی جیهان خوازراوە بۆ دۆزینەوەی ئەو نموونانەی لە ئینتێرنێتدا بازاڕیان بۆ دەدۆزێتەوە، ماندووبوونی زیاتر قەبووڵ کەن. ئێران لە بەشداری لەو کۆنفرانسەدا خۆی بوارد.**

بەرپرسانی عێراقیو ڕێکخراوی پۆلیسی نێونەتەوەیی، ئینتێرپۆل کە ئەو کۆنفرانسەیان پێك هێنابوو، هەروەها گوتیان کە دزینی کەلوپەلە کەونارەکانی عێراق، بە تایبەت لە باشووری عێراقدا، هەروا درێژەی هەیە.

تا ئێستا وڵاتانی ئوردۆن، سووریە، کوێت دەستیان بەسەر سەدان پارچەی کۆنینە، فەڕشو نەققاشییان کە دوای دەسپێکردنی شەڕی عێراق لە مووزەکانو شوێنە لەمێژینەکانی ئەو وڵاتە دزرابوونو لە سنوور تێپەڕیبوون، داگرتوە.

دوکتور دانی جۆرج، بەڕێوەبەری مووزەی میللیی عێراق، بە هەواڵنێرانی گوت کە دزین لە شوێنە دەوڵەمەندە مێژوویییەکان بە هۆی لاوازیی پاراستنو ئاسایش بە شێوەی ڕۆژانە درێژەی هەیە.

ئەو گوتی: "ئێمە لەو شوێنانە پاسەوانمان هەیە، بەڵام کاتێك ژمارەی هێرشبەران کە بە چەندین جۆری چەك تەیارن دەگاتە ٣٠٠ یا ٤٠٠ کەس، ٢ یان ٣ پاسەوان دەتوانن چی بکەن".

دوکتور جۆرج گوتی کە هێزێکی ١٣٠٠ کەسی لە راسپێراوە تایبەتەکان هەر ئێستا بۆ پارێزگاری لە شوێنە لەمێژینەکانی عێراق لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە رادەهێنرێن.

کارل کایند، لە یەکەی جینایەتی ئینتێرپۆل، پێیەوە زیاد کردو گوتی ڕێکخراوی پۆلیسی نێونەتەوەیی وڵاتانی جیهانی هان داوە، بە سەرنجی زیاترەوە بڕواننە کەڵك وەرگرتن لە ئینتێرنێت بۆ فرۆشتنی شوێنەوارە کۆنە دزراوەکانی عێراق. ئەو لە دەوڵەتانی ویست بۆ دۆزینەوەی سامانو میراتە فەرهەنگییەکانی عێراق هاوکاریی یەکدی بکەن.

بەم حاڵەش هەم ئێرانو هەم تورکیە بانگهێشتنی بەشداری لەو کۆنفرانسەیان ڕەت کردبۆوە. ئەوانە تەنیا ئەو وڵاتانە بوون لە نێوان شەش دراوسێی عێراقدا کە لە ناردنی نوێنەرەکانیان بۆ کۆنفرانس خۆیان بواردبوو.

بەرپرسانی عێراقی ئەو دوو وڵاتەیان تۆمەتبار کردوە بەوەی کە پشتگیریی هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی گەنجینە دزراوەکانی عێراق ناکەن.

سەرچاوە: ماڵپەری BBCی فارسی



## لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دا:

### ئاواتەکانی منداڵانی هەژار هەروا لەودیو شووشەکانەوەیە!



## لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەبارەی "کوردستان"ەوە

بەرلە ماڵاوایی

**برای ڕۆژنامەنووس "شادمان حسەن مەولوود" لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، "کوردستان" (ئەم ڕۆژنامەیەی لەبەر دەستتان دایە"ی هەڵبژاردوە، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کردن. لێکۆڵینەوەکەی کە بەشێکە لە پێداویستییەکانی تەواوکردنی دواقۆناغی خوێندنو وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بەخۆشییەوە تەواو بووەو پێشکێشی کردوەو بە پلەی "زۆر باش" لێی قبوول کراوە. ئەو خوێنەرو ئۆگرە لە مێژینەیەی "کوردستان" کە لێکۆڵینەوەکەی پێشکێش بە گیانی پاکی هەر سێ شەهیدی سەرکردەو هەر سێ سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان"، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو دوکتور سادقی شەرەفکەندی" کردوە، نوسخەیەك لە لێکۆڵینەوەکەشی بۆ کتێبخانەی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" ناردوە.**

**لێرەدا، نامەوێ بکەومە هەڵسەنگاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیەو بیروڕای خۆم لە بارەی دیدو بۆچوونەکانو ڕەخنەو پێشنیارەکانی لێکۆڵەرو خاڵە لاوازو بەهێزەکانی "کوردستان" لە ڕوانگەی ئەو دۆستە بەڕێزەوە، بێنمە گۆڕێ. لەو دەرفەتەدا هەر ئەوەندە دەتوانم بە بۆنەی تەواوکردنی سەرکەوتووانەی لێکۆڵینەوەکەی دەسخۆشی پێبڵێمو پیرۆزبایی لێ بکەم. بە پێویستیشی دەزانم سوپاسی لێ بکەم کە بابەتێکی ئاوا گرنگو بە نرخی بۆ لێکۆڵینەوە هەڵبژاردوە. چونکە "کوردستان" جگە لەوەی بە تەمەنترین ڕۆژنامەی سیاسیی کوردییە کە تا ئێستاش بە بەردەوامی دەردەچێو بڵاو دەبێتەوە، ئاوێنەی خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانەو لە بواری جۆراوجۆردا بۆ وێنە (سیاسی، ئەدەبی، زمانەوانی، ڕۆژنامەنووسیو هتد) شیاوی لێکۆڵینەوە لەسەر کردنە. کەچی بەداخەوە بەم جۆرەی پێویستە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.**

**هەروەك گوتم، هەڵسەنگاندنی ڕاوبۆچوونو ئاکام وەرگرتنەکانی لێکۆڵەر لەبارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی "کوردستان"ەوە، بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵدەگرمو هیواداری دەردەبڕم ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆخۆشم بەو هۆیەوە کە هاوڕێی ڕۆژانو شەوانی زیاتر لە نیوەی تەمەنی ئەم دەورەیەی "کوردستان" بووم، لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلی لەسەر بکەم. بەڵام لێرەدا وەك ڕێزلێنانێك لە کاری پڕبایەخی ئەم ڕۆژنامەنووسەو لە ڕوانگەی بایەخدان بە بیروڕای ڕەخنەگرانەوە، پێم خۆشە بۆچوونو هەڵسەنگاندنی لێکۆڵەر لەبارەی ستوونی "بەر لەماڵاوایی"، بە ئاگاداریی خوێنەرانی ئەم ستوونە بگەیەنم.**

قادر وریا

لە دوای گەورەکردنی ڕۆژنامەکە لەباری فۆرمەوە لە ژمارە ـ ٣٣١ ـ لە دوالاپەڕە ستوونێك کراوەتەوە بە ناوی "بەر لە ماڵئاوایی" لە یەکەم ژمارەی ئەم ستوونە بابەتێکی کورت نووسراوە بەناوی ساباتێك بۆ هەمووان کە باس لە گرنگیی دوالاپەڕەو ستوونەکە دەکات. یەکەم گۆشەو ستوونی جێگیرە لە مێژووی ئەو ڕۆژنامەیە بکرێتەوە. ئەو ستوونە هەروەك خۆی رایگەیاندوە هەرجارەی نووسەرێك دەتوانێ بینووسێو لەسەر بابەتەکەی خۆی هەڵیدەبژێرێ بەڵام لە ئەژمارکردنی تەمەنی ئەو ستوونە زۆرترین ژمارەی یەك نووسەر نووسیویەتی بە ناوی (ع. وریا).

فاکتەرەکانی دواستوون چین؟

ستوون گۆشەیەکی ناسراوە لە ڕۆژنامە بە زۆریش دەکەوێتە دوالاپەڕەو هەر جارەی نووسەرێك دەینووسێ. دەتوانرێ بەردەوام یەك نووسەر بینووسێو مەرجیش نیە لەبارەی فۆرمەوە جێگیر بێ، بەڵام نابێ لە ستوونی لاپەڕەکە دەربچێ.

ناوەڕۆکی باس لە ڕووداوێك یان بەسەرهاتێك یان پێشنیارێك دەکات کە دیدگای نووسەری تێدا دەخرێتە ڕوو بۆ ئەسڵی بابەتەکە. دەتوانرێ بە زمانێکی وا بنووسرێ کە فەنتازیای تێدابێ یا خود وشەی ناوچەییو میللی تێکەڵ بکرێ. دواستوونی "بەر لەماڵئاوایی" زۆرجار خەسڵەتی دواستوونی لەدەست داوە ئەویش دەبینین وێنەیەك یا خود زیاتری هێناوە لەناو ستونەکەدا دایبەزاندوە ئەمەش لەگەڵ ستوون ناگونجێ، چونکە ستوون نابێ وێنەی لەگەڵ دابەزێ ئەگەر هەشبێ دەبێ وێنەیەکی بچووکی نووسەر بێ. هەروەها ئەو ستوونە زۆرجار پاشماوەی هەیە دەچێتە لاپەڕەکانی تر.

ستوون نابێ زۆر درێژدادڕ بێ واتە دەبێ لە تەواوی ستوونەکە نووسین زیاتر نەبێ. ستوون چەندی جێگیر بێ لەباری فۆرمەوە ئەوە باشترە وەك لە گۆڕانی زووزوو. ئێستا لە زۆربەی ڕۆژنامەو ئاژانسە بەناوبانگەکانی جیهان گۆشەو ستوون یا خود هەندێ هەواڵو وشە دیاری دەکرێ کە نابێ لەوەندە وشەیە زیاتر بێو دەبێ هەموو فاکتەرەکانیش بخەیە ڕوو. سەردەمی ئەمڕۆش ڕۆژگاری کورتو پوختو ئەنجامدەرە. لە هەر هەواڵو ڕێپۆرتاژو گۆشەو بابەتێکی ڕۆژنامەوانی بیگرێ. هەروەها "بەرلە ماڵئاوایی" زۆرترین ژمارەی لەسەر بیرەوەری نووسیوە وەك لەسەر بابەتێکی گەرمو گوڕی هەنوکەیی کە دیدگای نوسەری بۆ خرابێتە ڕوو لەلایەنی پۆزەتیڤو نێگەتیڤەوە ڕێگای گونجاو کامەیانە بۆی.